# زمانناسی

ژماره (11)ی 2011

گۆڤارێكی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەكانی زمان

ڕێكخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی كوردی دەریدەكات

سیاسەتی زمان

پارێزەر/ تاریق جمباز

چۆنیەتی ڕێنووسكردنی پیتی (ک / گ)

تاریق سالح

گرفتی زمان بابەتێكی سیاسیە

كۆسار عومەر

مۆرفیمی /- ە/ لەڕێزمانی كوردیدا

د.ئومێد بەرزان برزۆ

زمان، نەتەوەیە و زار ، عەشیرە

سەلام ناوخۆش

ڕێکخراوی زمانناسی
بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی

خاوەنی ئیمتیاز
پ.ی سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

سەرپەرشتی زانستی
د. شیرکۆ بابان

سەرنووسەر
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

بەڕێوەبەری هونەری
کۆچەر ئەنوەر نایف

بەڕێوەبەری نووسین
عەبدوڵڵا ڕەحمان

بەرگ
خەلیل هیدایەت مام شێخ


ناونیشان
کوردستان – هەولێر
شەقامی ئاراس
پشت قوتابخانەی ئەیوبییە

بۆ پەیوەندیکردن:
zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان
ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

ژمارە (١١) ٢٠١١



گۆڤاری زمانناسی
لەسەر ئەم ماڵپەڕانە بخوێنەوە
www.zimannasi.com
www.dwrga.com
www.dengekan.com

تیراژ: ١٠٠٠
نرخ: (٢) هەزار دینار

# لەم ژمارەیەدا

## سەروتار


■ دانانی نامێری وەرگێری زیندی ..................خاوەنی ئیمتیاز ٣


## لێکۆلینەوە


■ مۆمدانەکانی ئەلفبای کوردی .................................. ئەحمەد هیرانی ٧
■ مێژووی خود لە ناو لەنگەرییەکدا.......................... نەجات حەمید ئەحمەد ١٨
■ مۆرفیمی /- ە/ لەرێزمانی کوردیدا....................... د.ئومێد بەرزان برزۆ ٤٦


## وتار


■ مشتێك لە خەرواری دەربڕینی شێوەزاری دەڤەری پشدەر ............محەمەد ئەحمەد خدر ٥٥
■ سیاسەتی زمان ...................................... پارێزەر/ تاریق جمباز ٨٠
■ زمان، نەتەوەیە و زار ، عەشیرە.......................... سەلام ناوخۆش ٨٨
■ گرفتی زمان بابەتێکی سیاسیە.............................. کۆسار عومەر ٩٥
■ ناوگر لەزمانی کوردیدا ...................................... سەرباز خۆشناو ١١٦
■ چۆنیەتی ڕێنووسکردنی پیتی (ک / گ) ............................. تاریق سالح ١٢٧


## فەرهەنگی زمانناسی


■ نیهاد و گوزارە ..................................نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو ١٢٨


## دوا لاپەڕە


■ زمانی بژاردە .................................... عەبدوڵڵا رەحمان ١٣٦

# دانانی ئامێری وەرگێڕیی زیندی لە پەرلەمانی عێراقیدا

# نە پرۆژەی لیستی کوردستانییە و نە لیستی گۆران، بەڵکو پرۆژەی ڕێکخراوی زماناسی کوردییە

**خاوەنی ئیمتیاز**

لە ژمارە ( ١٣٦٧ )ی ڕۆژی یەکشەممەی ١٩/ ١٢/٢٠١٠ ی ڕۆژنامەی ئاسۆ لەلاپەڕەی هەواڵ دا ، هەواڵێك بەناونیشانی" پەرلەمانتارێکی کورد داوای دانانی وەرگێر دەکات" بلاوکراوەتەوە . لە هەواڵەکە هاتووە کە د.سیروان ئەحمەد قادر پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی کوردستان داوای لەسەرۆکی پەرلەمانی عێراقی کردووە کە وەرگێری زمانی کوردی لە هۆڵی پەرلەمانی عێراقی دابنرێت ........ لە درێژەی هەواڵەکە هاتووە کە ئوسامە نوجێفی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکە نیشانداوە و ئیمزای لەسەر کردووە و فەرمانی کردووە بەدانانی ئامێرو ورگێری خێرا ."لەدوا ژمارەی ڕۆژنامەی" ڕۆژنامە" ، ٢٠١١/١/١٨ هەواڵێك بلاوکراوەتەوە گوایە لەسەر

داوای فراكسیۆنی گۆڕان وەرگێر بۆپەرلەمانتارە كوردو عەرەبەكان دادەنرێت و لە هەفتەی داهاتووەوە پەرلەمانتارە كوردەكان دەتوانن بەزمانی كوردی قسەبكەن "لە وەڵامی ئەو هەواڵەدا ، رۆژنامەی "ئاسۆ"، جارێكی تر لە لاپەرە (١)و (٤) رۆژی ٢٠١١/١/٢٠ داوتارێكی بە ناوی : گفتوگۆكردن بە زمانی كوردی لە پەرلەمان ، داواكاریی لیستی هاوپەیمانی كوردستان بووە نەك گۆڕان ! رۆژنامەی ئاسۆ، دەسخەتێكی د. سیروان پەرلەمانتاری بلاوكردۆتەوە كەمێژووی ٢٠١١/١١/٢٢ بەسەرەوەیە. لەداواكارییە دەسخەتەكەی د.سیروان هاتووە : داوا دەكەم وەرگێر لە زمانی كوردیەوە بۆ زمانی عەرەبی و بە پێچەوانەش دابمەزرێنرێ . ئەمەش مافی نوێنەرە كوردەكانە كە بەگوێرەی ماددەی چواری دەستوری عێراقی بە كوردی قسەبكەن و گوزارشت لە راو پێشنیازەكانیان بە زمانی كوردی بكەن.لەلایەكیتر شێخ لەتیفی پەرلەمانتاری فراكسیۆنی گۆڕان دەڵێ : هەڤاڵ كوێستانی پەرلەمانتاری فراكسیۆنی گۆڕان بە پشت بەستن بە ماددەی (٤) دەستوری عێراق داوای لە سەرۆكی پەرلەمان كرد زمانی كوردی لەناو دانیشتەكانی پەرلەماندا بەكاربهێنرێت و بۆئەو مەبەستەش وەرگێر ئامادە بكرێت سەرۆكی پەرلەمانیش پێیراگەیاند لەناو هۆڵی هەمیشەیی پەرلەماندا بەدەم ئەو داواكارییەی ئێوەوە دێین" . ئەمە قسەی پەرلەمانتارە كوردەكانە و ململانێی لە سەر دەكەن و بە خەڵكی دەفرۆشن ! لە راستیدا ئەو پرۆژە ستراتیژیی و نەتەوەییە ، پرۆژەی هیچ فراكسیۆنێكی كوردی نییە ، بەڵكو ئەو پرۆژەیە پرۆژەی " رێكخراوی زمانناسی كوردی یە ، ئەو ڕاستیەش بە بەڵگە دەسەلمێنن كەپێش ئەو پەرلەمانتارە بەرێزانەی لیستی هاوپەیمانی كوردستان و گۆڕان بە چەند مانگێ لەسێ دەرفەتی جودا داوامان لە نوێنەرە كوردەكان كردووە كە مكورو پێگیربن لەسەر بەكارهێنانی زمانی كوردی لەپەرلەمانی عێراقیدا، چونكە بە كوردی قسەكردن هۆكارێكی

بنەرەتییە بۆ ئەوەی بۆعێراقییەکان و غەیرە عێراقییەکان بسەلمێنین کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە ، دەولەتێکی فرە نەتەوەییە نەك تاك نەتەوە ! بەڵگەکانی ئێمە ئەوانەن کە دەسەلمێنن ئێمە پێش ئەوان بە چەند مانگێ داوای دانانی ئامرازی وەرگێران لە کوردی بۆعەرەبی و بە پێچەوانەشمان کردووە.

**بەڵگەی یەکەم**

لەوتارێك بەناوی زمانی کوردی بونیادی نەتەوەیە نامەیەك بۆنوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراقیدا

ئەو وتارە لە مانگی چوار لە رۆژنامەی "ستاندەر" و لەچەند سایتێك وەك سایتی دەنگەکان بڵاوکراوەتەوە .لەو وتارە زۆر بە ڕاشکاوی قسەمان لە پێویستبوونی زمانی کوردی لە پەرلەمانی عێراقی کردووە.

**بەڵگەی دووەم**

لەمێز گردێکی سەتەلایتی نەورۆز کە تەرخانکرابوو بۆپێشکەشکردنی چەند پرۆژەیەك بۆنوێنەرە کوردەکانی پەرلەمانی عێراقی . بەرێز عەبدوالغەنی عەلی یەحیا وەك رۆشنبیر، بەرێز نیعمەت عبداللە سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارێکی کوردستان ،سەلام ناوخۆش وەك سەرۆکی رێکخراوی زمانناسی کوردی داوەتکرابوون. لەوێ نەك هەر داوام لەنوێنەرە کوردەکان کرد کەزۆر چەخت بکەن لەسەر مەسەلەی زمان . لەوێ هەتا رەخنەم لە سەرۆك کۆمارو جێگری سەرۆکی وەزیران و جێگری سەروك پەرلەمانی عێراق کرد کە بۆچی پەیرەوی دەستوری عێراق و کوردستان ناکەن و زمانی کوردی لە بەغدا بەکارناهێنێت .لەوێش جارێکیتر داوامکرد کە دانانی ئامێری وەرگێران لە پەرلەمانی عێراقی بە پرسێکی نەتەوەیی و داوایەکی نەتەوەیی دابنێن و داکۆکی لێبکەن!

دەبێ ئەو هەموو پەرلەمانتارە کوردە کەسیان ئەو مێزگردەی نەدیت بێ؟!

ئێ خۆ سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتەرانی کوردستان بەشداربوو لەو مێزگردە !

**بەڵگەی سێیەم**

گۆڤاری زمانناسی تاکە گۆڤارە ، کە

تایبەتــە بــە زمــان و زمــانی کــوردی.
ســـــەروتاری ژمـــــارەی (٨) ی گۆڤارەکـــەمان کـــە تـــەموزی ٢٠١٠ دەرچووە بە ناوی " زمانی کوردی لـە ناو دەستووری عێراق : پرۆژەیـەك بـۆ پەرلـەمانتارە نوێیـەکانی ئەنجومـەنی نوێنەرانی عێراق"ە
لـەو وتـارەدا زۆر بەدرێـژی قـسەمان لەسـەر پـرۆژەی بـەکارهێنانی زمـانی کوردی لە پەرلـەمانی عێراقـی کـردووە جەختمان لەسەر ئـەوە کردۆتـەوە کـە لەهـــەر وولاتێکـــی فـــرە نەتـــەوەدا دیاریدەی هەبوونی ئامرازی وەرگێرانی زیندی لـە زۆربـەی دەزگاکـان دا هەیـە بەتایبەتی لە پەرلەماندا بۆیـە داوامـان لـە نوێنـەرانی کوردسـتان کـردووە کـە زۆر پێداگری لەسەردانانی ئەم ئـامرازە بکەن چونکە چەسپاندنی دوو زمان لـە پەرلـەمانی عێراقـی دا هۆکارێکـە بـۆ ناســـنامەی عێراقـــی نـــوێ عێراقـــی هاوبەش نە عێراقی عارەبی.
هەروەها وتومانـە ئەگـەر بـەکارهێنانی زمـانی کـوردی لـە پەرلـەمانی عێراقـی نەچەسپێ ئەوا کورد "شـەری زمـانی" لە خولێکی تری پـەرلەماندا بۆ دروست دەبـێ، چـونکە عەرەبـە شـۆڤینیەکان چـاك دەزانــن خەریکـــە لـــە هـــەرێم پەتای(دوو زمانی کوردی)ببێتە ئەمری واقیع! ! لە کۆتایی بەکارهێنانی زمانی کوردیمـان کردۆتـە هۆکارێـك بـۆ سـاغ کردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ناوچـە جێ ناکۆکیەکان .
ئێمە لـە رێکخـراوی زمانناسـی کـوردی داوا لە سەر هیچ کەس و لیستێك تۆمار ناکەین بەوەی پرۆژەکەی ئێمەیان بەهی خۆیان داناوە، بەلام بەمافی نەتەوەیی ویاسـایی خۆمـان دەزانـین کـە داوا لـە لیـستەکانی کـوردی لـە بەغـدا بکـەین کـەناومان وەك رێکخـراو لـەو پرۆژەیـە بێت !
+دەقی دوا وتارمان لەو بارەیەوە

سەلام ناوخۆش
سەرۆکی رێکخراوی زمانناسی کوردی
٢١ی کانوونی دووەم٢٠١١

# مۆمدانەکانی ئەلفبای کوردی و نیگایەك بۆ ڤاوڵی (i)..

بەشی سێیەم و کۆتایی

ئەحمەد هیرانی

پێنجەم / یەکێکی ترلەزانا و پسپۆڕ و دڵسۆزی زمانەکەمان دکتورە نەسرین فەخری لە نامێڵکەکەیدا ـ ڕێنوسی کوردی لە ل١٣دا کەلە ئەلفبای کوردی کۆڵیوەتەوە ئەڵێ : پیتەکان (ئەلفو بێی) کوردی بە ژمارەو وێنە و دەنگەوە نوسیوەوەك :

١ـ ء ٢.ب ٣.پ ٤.ت ٥.ج . ٦ح . ٧خ. ٨د. ٩ر . ١٠ڕ . ١١ز . ١٢ ژ . ١٣ش . ١٤س . ١٥ع . ١٦غ. ١٧ف . ١٨ڤ . ١٩ق . ٢٠ك . ٢١گ . ٢٢ل . ٢٣ڵ . ٢٤م . ٢٥ن . ٢٦هـ . ٢٧ۆ . ٢٨وو . ٢٩و . ٣٠ی. ٣١ێ . ٣٢ە . ٣٣ ا. بۆ هەرپیتە لەدەربڕینا دەنگەکانی بەمشێوە نوسیوە.

(هەمزە . بێ . پێ . تێ . جیم . حێ . خێ . دال . رێ . ڕێ . زێ . ژێ . شین . سین . عەین . غەین . فێ . ڤێ . کاف . گاڤ . لام . ڵام . میم . نون . هێ . ئۆ . ئوو . ئی . یێ . ئا .).

رای ئێمە بەرامبەر ڕێکخستنی ئەو ئەڵفبایە بەم جۆرەیە :

١ ـ ڕێزکردن و پیتەکان ڕێکە تەنها لەچەند لانێکی نەبێت وەك : أـ دەبوایە پیتەکانی (ە ـ ا )دوای هەمزە (وەك دەڵێ) بنوسرابایەب ـ نەدەبو پیتی (ش) پێش (س) بنوسێ.

٢ ـ سەرەتای ئەڵفباکەی بە ( ء) وەك دەڵێ هەمزە دەست پێکردوە بەڵام

لەنگیەکەی لەوەدایە کە دەبوا لەسەرکورسی دابنێت. چونکە خۆی دەڵێ :
ئەمەوەك هەمزەیە لەعەرەبیدا. دەزانن چۆن بەکار دێت. هەمزە بزوێن نیە بەڵکو دەنگێکی کپە
(consonant) ـ تەنیا لەسەرتای وشەدا دێت. بەدانانی لەسەر ئەم وێنەیە ـ ك ـ کەپێی دەگوترێ کورسی یان (رکزە).. هەروەها لە پەراوێزکەدا ئەڵێ :
لە عەرەبیدا لە ئەلف و بێکەدا نییە. لە نوسیندا بەکار دێت، کەواتە هەرکاتێك ئەو پیتە لەسەر کورسی دانراوە لەهەموو حاڵەتێکا تەنانەت ئەگەر کەوتۆتە کۆتایی وشەش، ئەوا میانەیەك پەیدا دەبێ لە ئەلفبای کوردی لەگەڵ عەرەبیدا.
ئەم پیتەی زۆر بەباشی لەگەڵ بزوێنەکانی (ە. ا . و . ۆ . وو . ی . ێ) بەکاربردوە.
٤ ـ لە ئەلفبایەکەی دکتۆرە پیتی ـ ع ـ بەرچاو دەکەوێت کە نەدەبوایەببێ..
هەروابۆ پیتی واو دوو جۆر دەبینرێت وەك (و) ، (وو) لە ل٢٨ ـ ٢٩ ئەو کتێبەدا دەڵێ : ئەم دەنگە واتە (و) کپەو بزوێنیشە. بەلاتینی بۆ کپ (W)وە بۆ بزوێن (U)بەکاردێت . لەتێبینیەکەیدا ئەمەی روونکردۆتەوە کەچۆن ـ و ـ بزوێن لە ـ و ـ نەبزوێن جیادەکرێتەوە وەك دەڵێ : ـ
١ ـ لەسەرەتای وشە وو کپە (نەبزوێنە) چونکە هیچ وشەیەك بە بزوێن دەست پیناکات.
٢ ـ کەوتە دوای بزوێن کپە چونکە دوو بزوێن پێکەوە نایەن.
٣ ـ کەوتە دوای بزوێن پێش پیتێکی کپ وەك / رەوشت . وشە . ورچ . کپە .
لەخاڵی سێیەمدا دەسڵەمینەوەو دەڵێم ئەگەر ئەمەیان ڕاست بێ بەرامبەر وشەی(رەوشت) بەڵام بۆ وشەکانی (وشە ـ ورچ)راست نیە. ئەم ڕایە دژ بەرای مامۆستا تۆفیق وەهبی یە. وەمنیش رایەکەی تۆفیق وەهبی پەسند دەکەم و بەراستی ئەزانم. دکتورە حسابێکی هوردی بۆ ئەم ووشانە نەکردوە وەك ئەوەی کەنابێ بەیەك (واو) بنوسرێتە. ئەبێ بەدوو بنوسرێتە. ئینجا لەو حاڵەتەداواوی یەکەم کپ دەبێ و واوی دوهەم دەنگدار دەبێ.. خۆی لەبنجدا وشەی ـ ورچ

دەبێ بنوسرێ - وورچ - ئەگەر بیگەڕێنینەوە سەرنج و بناوانە ڕەسەنەکەی دەبێ بنوسرێ - هورچ - بەڵام لە دەربڕین و هەڵس و کەوتی زمانەوانیدا کراوەبە - هرچ - یان - ورچ.. لەگەل وشەکانی تریش بەمشێوەیە هەڵس و کەوت دەکرێ.

(بنوارە ل٢٩ - ڕێنوسی کوردی - دکتۆرە نەسرین فەخری ساڵی - ١٩٧٨ ن).

شەشەم / یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی لە ئەلفبای کوردی دواون کتێبەکەی - ڕێزمانی کوردی - ئەحمەد حسن ئەحمەدە - کە بەکوردی و عەرەبی دایناوە، لە ساڵی ١٩٧٦ز چاپکراوە. لە ل١٣ بە کوردی و لاتینی ئەلفباکەی وا دەربڕیوە.

| | | |
|---|---|---|
| أ - A | ر . ڕ . R.R | ل . ڵ . LL |
| ب - B | ز . Z | غ . X |
| پ - P | ژ . J | م . M |
| ت - T | س . S | ن . N |
| ج - C | ش . Sh/S | و . w |
| چ - ch/c | ف . f | ۆ . درێژ . u |
| ح - H | ڤ . V | ۆ . O |
| ه - H | ق . Q | و . کورت . U |
| خ - X | ك . K | ی . Y |
| د - D | گ . G | ی . درێژ i. |
| | | ێ . کراوە e |
| | | سە . e o |

ئەوەی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەبێ تەنها لەو ئەلفبایە ئەو پیتانەی کەهی عەرەبن.. لاتینیەکە هەرچۆنێ بێ باسی لێوە ناکەین.. ئەتوانم ئەو چەند تێڕوانینە بخەمە ڕوو:

أ - سەرجەم پیتەکانی کوردی وەك دەرکەوێ -٣٣ سی وسێ پیتە بە بزوێن و نەبزوێنەوە (دەنگدارو بێدەنگ).

ب - پیتی - ٤ - ئەگەر چی نوسیویە .بەڵام لە لاتینیەکە وێنەی نیە هەربۆیەش

تۆمارم نەکرد. چونکە فۆمۆنیمێکی کوردی نیە.

هـ - پیتی - ك - وەك پیتێکی سەربەخۆ لەو ئەلفبایەدا بەرچاو ناکەوێ و وێنەی نییە.. بەڵام نوسەر لە (ل١٥) هێمای بۆ کردوەو دەڵێ : (لەو باوەڕەدام دەنگی ( ء ) درێژ دەکرێتەوە. بەڵام هەربەلایەکدا لە چەشن و سروشتی خۆی کە ئەویش لای (هەڵکشاومی) یە.) واتا کە درێژ بکرێتەوە، بەملایەدا درێژبوونەوەکە لەچەشنی خۆی دەرئەکەوی و ئەبێتە - ئا . أ ء- بەڵام لەبارێکدا کە بەهەرلایەکی تردا درێژبکرێتەوە، تێکەڵی جۆرە دەنگەکانی تر دەبێ وەك (ئۆ ۆ ۆ ) ، (ئێر یر یر) ، (ئی ، ی ، ی ). لەراستیدا دەبینین لەمبارانەدا دەنگی (ۆ) یا (ق ) یا (یٚ) یا (یٚ) بەسەریدا زاڵ دەبێ و لەناوی دەبات. کەوابوو دەتوانین بڵێین (أ) درێژبونەوەی - ء - یە .. وە ( ء ) و ( أ) یەك پیتی دوو جۆر یان دوو وێنەیە. بەم پێیە دەشێ هەردوو وێنەکە پێکبگەن و (ئا) پێکبێنن. لەسەر ئەو بناغەیە کەیەك پیت بێ نەك دوو پیت. واتا - ئا - پیتێکی دەنگدارەکانی ترکە بکەوێتە نوکی وشەوە. بەپێچەوانەی دەنگدارەکانی ترکە کەناکەونە پێشەوە. وە ئەم تایبەتییە کە - ئا - هەیەتی بەهۆی تێکەڵ بوونی هەمزەیە لەگەڵی . کە ئەمە بێدەنگەو، هەموو بێدەنگێکیش توانای کەوتنە پێشەوەی هەیە.

ء - لەو گێرمەوکێشەیەی کە نوسەر دەریخستووە دەربارەی پیتی (ك) وادەردەکەوێ وپیشانی داوە کە ئەو پیتە تایبەتمەندیەتی خۆی نیە لە ئەلفبایەکەماندا، هەروا دەنگێکی رەسەنیش نیە هەربۆیە ناوبراو جارێ دەیکا بە (أ)و دواجار دەیکا بە (ئا).

بەڕای من لەهەردووباردا رایەکەی هەڵەیەو پوچە. هەروا باسی هەڵکشاوی دەکات لەبارێکدا کە لەگەڵ بزوێنەکانی تر وەکو (ۆ) ، (یٚ) ، (ی) تێکەڵ دەبێ .. ئەو دەنگانە لەناوی دەبەن چونکەلەو بەهێزترن. ئەمەش ئاشکرایە کە گوتەیەکی هەڵەیە. باوشەکانی (ئۆف . ئێ . ئیتر) بخوێنینەوە. بۆ نموونە کەس هەیە ئەم وشانە و جۆری لەمانە بخوێنێتەوە ( ۆ ۆ ف . یێ . هیتر.) ئەو نمونانە دەیسەلمێنن کە ئەو بە رێزە تایبەتی ئەو پیتەی بەتەواوی نەزانیوە. لەوانەیە

لەجێ گۆڕکی پیتەکاندا بوێ و پیتێکی تر بۆ ئاسانی بێتە شوێنی کە ئەمەش لەهەموو زمانێکدا باوەو هەیە وەك بۆنموونە لە بری (ئێوارە) دەگوترێ (هێوارە)، ئێوارێ دەگوترێ هێوارێ . (ئێستر) دەگوترێ (هێستر) ، ئێستا (هێستا). ئۆستا (وەستا).

ئیتر (هیتر). ئەستورك (هەستورك)...

لەریزکردن و رێکخستنی پیتەکان تارادەیەك رێکە بەڵام نەدەبو (ھ) لە بەینی (ح) و (خ) دابنێ . پیتی (ە) دەبوایە بخرایە پێش پیتی (ب).

چوار وێنەی جیاواز بۆ پیتی ·و)دەبینرێت وەك : (و ـ W) (ۆ درێژ U) . ( و . کورت U ) . (ۆ O .).

حەوتەم / یەکێکی تر لەو نوسەرە کوردانەی کە زۆر خۆی بە ئەلفبای کوردیەوە خەریك کردوەو هەرگاڤ ویستویە ئەلفبایەکی پوخت و تەواو بۆ میللەتەکەی دابڕێژێ . پێ بە پیتی پیتەکانی عەرەبی هاتۆتە خوارێ دکەڵێن و قوژبنەکانی ئەلفبای کورد پڕ بکاتەوە. نامێلکەیەکی چاپکرد بەناوی ـ چۆنیەتی نوسینی کوردی ـ لەساڵی ١٩٦٩ ـ ئەویش تاهر صادقە.

لەلاپەڕە ـ ١١ـدا بەمشێوەیەی خوارەوە ژمارەی پیتەکانی کوردی پەخش کردوە. وەك ئەڵێ ژمارەی پیتەکانی زمانی کورد بریتییە لە ـ٣٤ ـ پیت کە ئەمانەن :ـ أ . ب . ت . پ . ج . ح. خ . چ . د . ر . ڕ . ز . ژ . س . ش . غ . ف . ق . ڤ . ك . کافی شێواو . گ . گاڤی شێواو . ل . ڵ . م . ن . و . ۆ . ھ . ە . ی . ێ .) .

تێڕوانینمان لەو ئەلفبایە وەك خوارەوەیە :ـ

١ ـ ریزکردن و رێکخستنی تا ئەوپەڕی باشی و هونەرییە. تەنانەت لەچەند رویەکەوە نەبێ. دەبوایە بزوێنی (ە) یەکسەر بخاتە دوای بزوێنی (ا) دەنگی (پ) بخاتە دوای (ب) ، دەنگی (چ) بخاتە دوای (ج).

٢ ـ لەدوای دەنگی (ك)، کافی شێواو. لەدوای (گ) گافی شێواو، وێنەی بۆ دانەناون.. چونکە کافی شێواو لەگەڵ گافی شێواو کە پێشنیازی کردوە، دەبوایە

وێنەشیان بخاتە ڕوو نەك هەر بەنوسین بنووسێ کافی شێواو ، گافی شێواو. چونکە نووسەری سەرکەوتوو کە هەوڵی چارەسەری کێشەیەك ئەدات ئەبێ زووتر چارەکەی لە دەستدابێت. نەك هەر توێکل بخەیتە دەست بێ ناوەڕۆك..

ئەگەر چی لەلاپەڕە -١٢ - دا کە باسی ناوی پیتەکان دەکاو دەڵێ (کافی سادە) وەك کورد کافی شێواو وەك کێو گافی سادە وەك گەورە،گافی شێواو وەك گێژ. هەرچەند مامۆستا ویستویە دوو قۆرت پڕبکاتەوە بەڵام ڕاستەوخۆ دووقۆرتی قوڵترو زلتری لەبەردەما قوتبونەتەوە- چونکە کارەکەی بێ بەرنامەی داڕژاو هەڵچنیوە. ئێمە لە مەبەستی نوسەر دەگەین کە چۆنە وشە لەزار دێتە دەر وەك خۆی بنوسرێ وەك ، کێ ، گێ هەرواڕێ ، نمونەی تر وەك : کێندەر ، کیە ، کیسەڵ ، گەدا ، گیاندار ، واتا ئەم ووشانە دەنگەکانیان جیایە لەدەربڕینا لەدەنگەکانی وەك ئەم ووشانە (کەشك ، کۆشك ، پلك ، کەس وکار ،کەم ، کەو ، گەورە ، گچکە ، گوتن) داوای کردووە کە ئەم دوو دەنگە بە نیشانەیەك جیا بکرێنەوە لە ( ك . گ ) ناویشی بردون بەگوشراو هۆیەکەشی دەرنەخستوە بۆ بەگوشراو ناو بنرێن. ئەو دوو پیتە کە وێنەیان نیە، کۆی پیتەکانی ئەلفبایەکە لای ناوبراو دەکاتە - ٣٢ - سی و دوو.

٣ - لەو ئەلفبایەدا بەنیسبەت پیتی - و - تەنها وێنەی ( و . ۆ) هەیە. لەڕاستیدا بۆ ئەمەیان باش چووە.

٤ - لەپەراوێزی کتێبەکەیدا هەمان لاپەڕەی پێشوو، دەربارەی پیتی (ح) و (غ) نوسیویە وەك پێشنیاز کە لە جیاتی (ح) پیتی (ه) بەکاردەبرێ، لە جێ ی (غ) پیتی (خ) بەکاردەبرێ. بەلای ئەو نووسەرە دیارە ئەو دوو فۆنیمە ڕەسەن و بنجی نینە لە ئەلفبایەکە. ئەمەشیان وەك نووسەر بۆی چووە. ئەگەر لەهەندی وشەدا بکرێ و ببێ و بگونجێ - هەرچەند نموونەی نەهێناوەتەوە. بۆبەر پەچدانەوە ئەڵێم چۆن دەبێ و دەلوێ لەجیاتی (چیخ) بنوسین (چیغ). لەجیاتی - زیخ - بنوسین زیغ ، قاوەجاغ بۆ بنوسرێ - قاوەجاخ ، وەجاغ بۆ بنوسرێ وەجاخ ، لەباتی خۆش دەبێ بنوسرێت غۆش..؟!

لەبری خەو دەشێ بنوسرێت ـ غەو ... ؟!

(بەرخ) بۆ بیکەین بە (بەرغ) . چەغە بۆ بنوسین (چەخە). ئەگەر وامانکرد هەڵەیەکی زل و بەقێزە.

ناوبراو لە ل٣٧دا هەندێ نموونەی لەسەر (خ)هەیە هەروا لە ل٥٠ چەندەها نموونەی لەسەر (غ) هەیە

هەروەها دەربارەی پیتی (ح) کە ئەڵێ کەم بەکاردێ دەتوانین لەبری ئەو پیتی (ه) بەکار ببەین.. ئەمەش هەڵەیەکی زەقە کە مامۆستا تێی کەوتوە. چونکە چۆن دەبێ لەبری وشەی (بڵح) بنوسم ( بله . بله . ه . وەچە) چۆن دەبێ بنوسم (وەهە). یان (حەشارگە) بۆ بیکەم بە (هەشارگە) ، (حەز) لەبری ئەو بنوسم (هەز) . (حەوشە) بنوسم (هەوشە)، یان بەچی یاسایێ ـ حوحانێ ـ بنوسم ـ هوهانێ . (حیندرحۆ) بۆ بیکەم بە ـ هیندرهۆ.. هەزارەها نموونەی تر کە ئەمە لەنگیەکی فرە فراوانەو تەگەرەیەکی رەزا قورسە دەربارەی نوسینەکەی مامۆستا ـ تاهر صادق.

٥ ـ پیتی ـ ك ـ لەسەرەتای ئەلفباکەی داناوەو لەسەر کورسی ژیرانە بۆ ئەمە چووە. بەڵام جێی داخە کە لەلاپەڕە (١٢ـ ١٥ ـ ٢٤) ، لە لیستی گونجانی پیتەکان لەنوسینا نوسیویەو ناوی دەبابە (ئەلفی کورت) ، بۆ ( ا . ئا) دەڵێ ئەلفی درێژ. ئەمەش هەڵەیەکی ترە کە مامۆستا تێی کەوتوە.. چونکە ئەگەر ئەلفی کورت بێ دەبێ بە بزوێن لە قەلەم بدرێت بەڵام ئەلف نیەو پیتێکی کپە. سەربەخۆیی خۆی هەیە لەدروستکردنی بڕگەدا.

هەشتەم / یەکێکی تر لەوسەرچاوانەی لەئەلفبای کوردی دواوە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی بۆپۆلی یەکەمی ناوە کە تەنیا هاتوەو دەڵێ : پیتەکانی (ئەڵف و بێی کوردی) دووچەشنە وەك : ـ

أ ـ پیتی نەبزوێن ، ئەمانە گرانن لە گوتن و دەربڕینا ، بەیارمەتی پیتە بزوێنەکانەوە بە ئاسانی دێنە گوتن و ژمارەیان(٣٠) پیتە کە ئەمانەن أ . ب . ت . پ . ج . ح . خ . چ . د . ر . ڕ . ز . ژ . س . ش . غ . ف . ق . ڤ . ك .. گ

. ل . ڵ . م . ن . و . ۆ . هـ . ە . ی . ێ ).

٢ - پیتە بزوێن / یاریدەی پیتە بزوێنەکان ئەدەن بە ئاسانی بێنە گوتن و ژمارەیان - ٨ - پیتە وەك ( ا . ە . و . وو . ۆ . وێ . ی . ێ). هەروا نوسیویە کە چەند بزوێنی کورتمان هەیە تا ئێستا پیتی بۆ دانەنراوە (واتە وێنەیان نیە). وەك ئەو بزوێنانەی دوای (چ) لە وشەی (سەرچنار) هەروا لە دوای (خ) و (ج) لە وشەکانی (خوا) و (چیبیا). (ل ١٩ - زمان و ئەدەبی کوردی - پۆلی یەکەمی ناوەندی چاپی حەوتەم).

با ئێمەش لەکونی سەرەدو بێژنگی سەربخەوە، ئەو ئەلفبایە لەسەرو بێژنگ و تەترە بدەین وەك :-

أ - لەرووی ڕێزکردن و ڕێکخستنی پیتەکانەوە بێ هاوتایە، بەتایبەت کە پیتی کۆنسۆنانتی (ك) لەسەرەتاو لەسەرکورسی داناوە. بەلام دەبوایە پیتی(چ) لەدوای پیتی (ج) دابنرایە چونکە هەردوو پیتەکە لەنوسینا هاوڕەگەزن.

ب - لەنەبزوێن و بزوێندا چوار وێنەی (و) دەبینرێت ( و . و . وو . ۆ) سەرەڕای دیفتۆنگی - وێ - کەلەگەڵ بزوێنەکانی داناوە.

هـ - (وێ) کە دانراوە بەپیتی بزوێن لە وشەکانی - کوێ . خوێ . خوێن - ئەمەیان نەك هەر لەوکتێبەدا بەڵکو لەڕێزمانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایشدا - لە ل١٩ دا . کە هەر لە دانانی ئەولێژنەیە یە. لەڕاستیدا ئەولێژنەیەیە بەهەڵە داچوە کە ئەو دیفتۆنگەی بە بزوێن داناوە . بەڵگەشمان ئەمانەیە.

١ - من لە ((وێندەر)) دەمینێمەوە . ٢ - دوو ((وێنەم)) گرت .

٢ - ل وێرێ هاتم ... ڕاستیەکەی ئەوەیە پیتی بزوێن یان نەبزوێن زیاتر لە پیتی نیە ئەگەر بوو بەدوو شتی زیادەی تێئاڵاوە. کە فۆنەتیکەکەی گۆڕیوە، لە روخسارو ناوەڕوکدا بۆتە دیفتۆنگ. جگە لەوەش مادام گۆران بەسەر ناوەڕۆکەکەیدا دێت لەهەندێ وشەی وەك (خوێ . خوێن . سوێسکە . جوێن . شوێن...) ئەمانە لە هەرێمی بۆهەرێمێکی تر دەڵێن . (خێ . خێن . سوسکە . جوون . شوون) پیتی بزوێن جێ گۆڕکی ناکات و لاناچێ لەهیچ وشەیەکدا.

تۆیەم/ یەکێکی تر لەسەرچاوە هەرە گرنگەکان کە لە ئەلفبای کوردی دواوەو بەشێوەیەکی زانستیانە گەیشتبێتە دوا قۆناغی ئەنجامدانی دیارکردنی سەرپاکی فۆنیمەکانی کوردی زۆر بە پوختی و جەختی لەسەر کردون بەهۆی (جووتوکە) دەری خستون نوسینەکەی ڕێزدار دکتور وریا عمرأمین لە مەلزەمەیەکا بەناوی - ڕێنوسی زمانی کوردی کە لەساڵی۱۹۸۷ز بەچاپی گەیاندوە. لێرەدا ئێمەش ئەو ڕاستیە دەخەینە پێش چاو.

| جوتوکە | فۆنیمەکان | فۆنیمی نازە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| بیر . پیر . سیر . شیر . تیر . ژیر . میر | ب.پ.س.ت.ژ.م . ر.ڕ.و.م.س.ی | ب.پ.س.ت.ش.ژ.م.ر.ڕ.و.ی.ل.ف | ۷ |
| کەر . کەڕ . کەو . کەم. کەس. کەی | ل . ف | ك.ز.د.ھ.غ | ٦ |
| کەل . کەف. | پ . ب . ش . ك . | خ . چ | ٥ |
| پار . باز. شار. کار . زار . | ز . د . ھ . م . غ | ن | ۲ |
| دار . هار . مار . غار | ش . خ . ك . چ | ... | ۱ |
| شەو . خەو . کەو . چەو | خ . چ . د . ن | ڤ | ... |
| خاو . چاو . داو . ناو | ڕ . ل | ح | ۱ |
| ڕاو . لاو | ڤ . ژ . ز | ڵ | ۱ |
| ڤیان . ژیان . زیان | ج . ن . ك . خ . چ | گ | ۱ |
| حەوت . نەوت . کەرت . خەوت .چەوت | ل . ڵ | ... | ۱ |
| چڵ . چڵ | ب . گ . ڕ . ل . ش . ك | ج | ... |
| بەش . گەش . ڕەش . لەش . شەش . کەش. | ز . ژ . ن | — | ۱ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەزار . هەژار . هەنار . | ب . م . ج | ق | – |
| باشی . ماشی . جاشی | هـ . چ . ج | – | ١ |
| هەور . چەور . جەور | ق . ش . پ . ز | – | – |
| رەق . رەش . رەپ . ڕەز | چ . ن . ر . ف | – | – |
| ماچ . مان . مار . ماف | ش . ڵ . د . م . ن | وو . ا . ه | – |
| ماش . ماڵ . ماد . مام . مات | س . ز | ێ . ی | ٢ |
| مازی . ماسی | وو . ا . ه | ۆ | ٢ |
| دوور. دار . دەر | ێ . ا . ی | أ | ١ |
| شێر . شار . شیر | ۆ . ا . وو | و | ١ |
| زۆر . زار . زوور | ا . أ . ی | – | ١ |
| ژان. ژن.ژین.کۆن.کون | ۆ . و | – | – |
| برین.برین.کەرکوڕ.کۆر.کڕ | ر . ڕ . ه . و . ۆ . ا | – | – |
| بان.باغ.بار.بارە.باو.باشی | ن . غ . ر . ڕ . و . ش | – | – |
| | | | ٣٥ |

لەژێر تیشکی ئەو راستیەدا،نووسەر بەهەوڵ و کۆششێکی بە ئەندازە گەیشتۆتە تروپکی ئەنجام، کەسەرجەم فۆنیمەکانی زمان دیاری بکات کە بریتیە لە (٣٥) فۆنیم هەرچەندە کە باسی پیتی (ع) دەکات، بەڵام وا دەردەخات لە نوسینەکەیا کە زۆرباوەڕی بەبوونی ئەو فۆنیمە نییە، بەوە رادیارە لە وشەکانی ـ عیسا ـ لەعنەت و عەنتەر . وەك پێشنیاز ووتویەتی : دەشێ .. نەك وەك بریاربداو بڵێ : (ع) فۆنیمێکی رەسەنی زمانە.

(بنوارە ـ ل٩ ـ الاملاء فی اللغه الکردیه د. وریا عمر أمین . کۆلێژی پەروەردەی

زانكۆی بەغدا ساڵی ١٩٨٧).
زیاتر پەرە بەباسەكەی ئەداو ئەڵێ : (ئەلف و بێی هەرزمانێ) لەسەربناغەی فۆنیمەكانی دادەمەزرێت. هەرفۆنیمەش بۆ مەبەستی نوسین نیشانەیەكی بۆ دادەنرێت كەپێی دەووترێ تیپ یان پیت letter. (ل١٠ هەمانسەرچاوە).
هەروەها نوسەردەربارەی دەنگی (ك) كە لەلیستی جوتەكاندا دان بەهەبوونی دانانێت دەربارەی دەڵێ : بەلای منەوە سروشتی نوسینی كوردی بە ئەڵف بێی عەرەبی ئەم دەنگی (ك)یەی بەسەر زمانی كوردیا سەپاندووە. هەروەك چۆن (أ)ی لە نوسینا لەناو بردووە ـ ل٢٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
لەلایەكی تر دەربارەی دەنگی (ك)نوسیویە : هەروا دەرنەكەوتنی (ك) لەهیچ وشەیەكی كوردی و بونی بە (ی) یا (و) لەو ووشانەی لە عەرەبی وەردەگرێت ئەمە دەسەلمێنن وەك / سوال ـ سواڵ ـ بئر ـ بیر) . (ل٢٥ ـ هەمان سەرچاوە).
دەربارەی هەردو بەشە زاستەكەی زمان (فۆنۆلۆژی فۆنەتیك)وا دەریدەبرێت : ئەو بەشەی زانستی زمان كەلەچۆنیەتی دروستكردنی دەنگەكانی زمان و سروشتیان دەكۆڵێتەوە، هۆی جیاوازی نێوان دەنگەجیاوازەكانی دەردەخات ـ فۆنەتیكە ـ phonetics فۆنۆلۆژی ـ phonology ـ ئەو بەشەی زانستی زمانەكە لەو یاسایانە دەكۆڵێتەوە كە بەهۆیانەوە دەنگەكانی زمانێكی تایبەتی لەیەك دەدرێن بۆ دروستكردنی ـ برگە. كەواتە فۆنەتیك شتێكی گشتیەو فۆنۆلۆژی تایبەتە.
ئەمەی خستمانە ڕوو پوختەی‌نوسینەكەی د . وریا بوو دەربارەی فۆنیمەكانی ئەلفبای كوردی، كە چەندە بە برشت و پوختی و زانایانە هەوڵەكانی گەشەپێكردووە. بۆ وەدیهێنانی ئەڵفبایەكی سەقامگیرو پتەو لەهەموو ڕوویەكدا.

# مێژووی خود لە ناو لەنگەرییەکدا

## لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکییە لەبارەی زمانی شیعریی سەباح ڕەنجدەر

نەجات حەمید ئەحمەد

بەشی سێیەم و کۆتایی

### بەرجەستەکردنی وشەی شیعری و نواندنی وشەی شیعری

نواندنی وشە لەشیعردا لای (سەباح ڕەنجدەر) نواندنی گیان و زەینی خودە، واتە وشە هەموو کاتێك درێژبوونەوەیەکی روحی و مادییە، چ لەوەسف کردن و چ لەوردبوونەوە و چ لەپێناسەکردندا، ئەم بەکارخستنەی وشەش تەنیا بەمەبەستی دروست کردنی دەلالەت و ئاماژە نییە، بەڵکو بۆ دروست کردنی ئیحا و روانین و سەرنجدان و وردبوونەوەی قووڵە لە باری نا ئاسایی شتەکاندا، ئەو بارەی دەگاتە ئاستی بەخشینی جێژێکی دەروونی و دەستەمۆبوونێکی لەسەر کێشییە ناخەکییەکانی خود، کە لەتوانای ئەم بەکارهێنانەدا بێت حەسانەوەیەکی دەروونیی کاتی لەناخدا دروست بکات و هەستە زۆر مات بووەکانی خود بوروژێنێ بەرەو خولقاندنێکی نوێ لەئامادەبوونی وشە و خۆ تواندنەوەی لەرستەدا، بۆ نموونە: وشەکانی (ئاو، منداڵی، خەیاڵ) پانتاییەکی گەورە لەم جیهانەی شاعیردا داگیر دەکەن،

منداڵی لەلای شاعیر ئەو گەردوونە ونەیە کە بەدوای دەلالەتە شاراوەکانیدا دەگەڕێ، ئەم دەلالەتانەش لەگەردوونی گەڕانەوە و تێپەڕکردن و نۆستالیژیا و خۆزگەوە سەرهەڵدەدەن، پێداچوونەوەیەکی بیۆگرافیی مێژووی خودە، گرینگیش لەم روانینەدا ئەو هەستانەیە، کە لەنێوان رازی بوون بەم زەمەنە و رەتکردنەوەی ئەم زمەنەدا دروست دەبن، ئەو هەستانەش وەك پەپوولەیەکی بێ ئارام لەسەر هیچ گوڵێك ناگیرسێتەوە. دەبێتە ئەو بەشە زەمەنییە، کە گرفتاری و سیحری دەرك پێ کردنێکی پەشیمانی پاشە وەختدا لەگیان دروست دەکەن، لەگرفتاری بوونی بەم هەستانەوە تاسەر هەست بە ئازار و خەمەکانی ئەو زەمەنە دەکات.

**هەنگاوێك ماوە بگەینە منداڵی**

**ئەو خەونەی سندووقی**

**دەخیلەی منداڵیمە.... تاد.**

**من منداڵی گەورەی ئاسمانم**

**بەهاتنەخوارەوەی... تاد.**

هەروەك سەرنج دەدەین، هەنگاوێك بەرەو منداڵی، لەم رستەیەی سەرەوەدا دوای بڕینی چەندین هەنگاوی تر بەرەو ئەم زەمەنە، ئەم زەمەنەش زەمەنێکی پێ نەگیری خودە و منداڵیش لەدەلالەتدا نزیك بوونەوەیە لەخەون و مردن و ئازار و نۆستالیژیای شاعیر بۆ گۆڕانی سیحری زەمەن لەسەر خود لەپێناو دۆزینەوەی جیهانێکی تر، هیلانەیەکی تر، حەسانەوەیەکی تر لەکێشەکانی خود. بەرجەستەکردنی وشەی منداڵی و تەنانەت بەدەنگ هێنانی پیتەکان، منداڵیش لەهەندێك لای تری شیعرەکانیدا، رەنگدانەوەی دژ بە یەکییەکانی بەش بەش بوونی خودە لەزەمەندا، هەروەك ئەوەی هەنگاوی شاعیر بەرەو منداڵی تیشك دانەوەی وەستانێکی سارێژکەری خود بێت لەبەش بەش کردنی زەمەن و وەستانی زەمەندا، شاعیریش لە شوێنێکی تردا ئەم هەنگاوە بەرەو وشەی خەون دەنێت، چونکە بەبێ تەبایی بوون و گونجانێکی زەمەنی دەلالەتدار نە خەون، نە مردن لەم

خودەدا دەگرنە جێ.

## بەرجەستەکردنی شێوازی ئەفسانەیی و ڕوحی

شاعیر بۆ ئەوەی سوود لەزۆر بنیادی دارشتن و بنیادی زمانەوانی شێوازێکی دەلالەتدار ببینێت. زۆر ڕستەی ئاناسایی و شێوازی ئاناسایی ڕستە بەکاردەهێنێ، لە دووتوێی شێوازێکی زمانەوانی وادا، کە لەشێوازی سیحر و لەشێوازی کتێبە ڕوحی و ئەفسانەییەکانەوە نزیکە. ئەو دارشتنانەی، کە لەسەرجەمدا وەك ڕێگەپێ نیشان دان و ئاماژگاری کردن و ئاگاداری کردنەوە ترس پێ بەخشیندا دەکەونە بەرچاو، زۆرجار لێکدانەوەی جودا لەقاڵب و بنیادە زمانەوانییەکانی دەلالەتی ڕستەدا دەکەونەوە، ئەو بنیادانەی تێکەڵ بە بنیادی دەلالەتی تر و واتای تر دەبن، هەروەك و ئەو ڕستە ئەفسانەیی و سیحراویانەی ئاگادارمان دەکەنەوە لەڕوودان و ڕوونەدانی شتەکاندا، حاڵەتی خراپە و چاکە بەخود دەبەخشن، گریمانی ڕوودانی دیاردەکانی سروشت کاریگەرییان لەسەر خوددا بەرجەستە دەکەن.

أ ـ زریزەی جانتای شەڕ دانەخراوە
زریزە بکەیتەوە
بەدەستتەوە بۆن دەکەوێ

↓↓↓

کردنەوەی ← جانتای شەڕ ← شەڕانگێزبوونی خود

↓

ئامازەکردن بۆ ئاگاداری کردنەوە لەراگەیاندندا

ب ـ بەهار گۆشتی خاك شلە
تەماشای لەرینەوەی مەکە
چاوت هەڵدەپرووکێ

↓↓↓

سەیرکردنی ← گۆشتی خاك ← هەڵپرووکانی چاو

↓

ئامازەکردن بۆ ئاگاداری کردنەوە لە راگەیاندندا.

ج ـ من منداڵی گەورەی ئاسمانم
بەهاتنە خوارەوە من ناوچەوانی زەوی گەرم داهات

↓↓↓

بەهاتنە خوارەوە ← من

←ناوچەوانی زەوی گەرم بوو

↓

ئاماژە کردن بۆ ئەنجامی گریمان

د- مەحاڵ وەک تۆپێک هەڵدە ئاسمان

کەوتەوە سەر زەوی بکەوە دوای

پێت تووشی بەهێزی دەکات

↓↓↓

کەوتنە دوای ← تۆپێکی ← هەڵدراو

بەرەو ئاسمان ← بەهێزبوونی پێ

↓

ئاماژە بۆ کردن بۆ گریمان

دوای ئەوەی تای بوومە لەرزە زەوی

بەردەدات

کوێر

کەڕ

لاڵ

چاکدەبنەوە

↓↓↓

چاک بوونەوەی ← کەم ئەندامی ←

بەتەواو بوونی بوومەلەرزە

↓

ئاماژەکردن بۆ ئەنجامی گریمان

کەی بکرێ دەکرێتە دەکرێ

بکرێ و دەکرێ

↓↓↓

کردن ← بوون و نەبوون

↓

## ئاماژەکردن بۆ ئەنجامی گریمان

بێگومان ئەم شێوازە هەر وەك ئەو قاڵبە زمانەوانیانە، کە لەزمانی کتێبە سیحری و روحی و پیرۆزەکاندا لەقاڵبی شێوازی ئەفسانەییدا هەن. تەنانەت روانینی ئایینیشیان تێدایە لەپەیوەست بوونی مرۆڤ بە حاڵەتەکانی توانا و دەسەڵاتە روحییەکانی شت و بوون بەیەکترەوە. بۆ نموونە: رستەکانی (کەی بکرێ دەکرێتە دەکرێ) زۆر نزیکە لەشێوازی نووسینی قورئانی پیرۆز کە دەڵێ: (کن فیکون) لەدەرخستنی توانا و دەسەڵاتی بێ سنووری خودای مەزندا، تای بوومەلەرزە لە ئەفسانەکانی کاریگەربوونی خود بەدیاردەکانی سروشتەوە، هەڵدانی تۆپێی لاستیك و کردنەوەی زریزەی جانتا، هەروەك رستەی سیحری و ئەفسانەیی تراژیدیا ئەفسانەییەکان.

(بازنەی گلێنە راگرتن) لەزاراوەیەکی پاراسایکۆلۆژییەوە نزیکە، ئەم

دەلالەتانەی رستەش لەزانستی دەرك پێ کردن و کاریگەر کردنە سەر شتەکانە بەسیحری دیاردە و وشە ئاگاداری بوونەوەدا، هەروەك و چۆن (بەهاتنە خوارەوەی...) ئاگادار کردنەوە لەرووداني هەندێك شت، کە ئاماژەی شووم و نەگبەتی بە مرۆڤ دەبەخشن، یان دووبارەکردنەوەی وشەی مردن و ژیان (سێزدە) جار لەیەك وێنەی شیعریدا دەلالەتی ژمارە دێنێتە کایەوە، بەلام لەم بەکارهێنانەی شێوازدا شاعیر هەولی داوە ئەم شێوازە بخاتە قالبێکی زمانەوانی کوردیی زۆر پەتیەوە و دوورە لەو شێوازانەی، کە کاریگەری شێوازی دەربڕینی زمانەوانیی زمانی تریان پێوە دیاربێت. هەروەك رێگەیەك بۆ پتەوکردنی شێوازی دەق.

## زمان هەروەك بەرجەستەکردنی جیهانێکی بزر

لەگەڵ ئەم خاسیەتەی شێوازی زمانەوانی کە باسمان لێوەکرد، شاعیر وەك جیهانێکی بزر دەڕوانێتە زمان، ئەو جیهانەی کە لەدەرەوە و ناوەوەی خوددا بەهۆی جوولەی وشە و ختووکەی پیت و دەسەلاتی دەربڕینەوە بەردەوام دەلالەت لە گەردوونی قالب و بنیادەکانی زمانەوە دەکەنەوە، هەر بۆیە گەڕانی شاعیر لەزماندا، جارێك بە مەسخ کردنی واتاکان، جارێك بەشیکردنەوەی رستە و وشەکان، جارێك بەپەرت کردنەوەی دەلالەتەکان، تەقاندنەوەی ئەو هێزە شاراوانەیە، کە لەزماندا بزر بوونە، تەنانەت شێواندنی باری سینتاکسی رستە و بنیادی دەلالەتەکان، حالەتی گەڕانی بەردەوامی شاعیر دەردەخەی لە پانتایی زماندا هەروەك کامڵ کردنێکی زمان و پێ گەیاندنێکی توانای زمان، کەواتە شاعیر بەردەوام بەدوای جێگرەوەیەکی شاراوەدا دەگەڕێت، کە لەزماندا بزربووە، ئەو جێگرەوە شاراوەیش لەرەگەزەکانی شێواز و داڕشتن و دەربڕیندا خۆیان دەردەخەن.

## زمان لەقسەکردن میراتی ئێمەیان بنخوڵکرد

بەفانتازیاکردنی وشە و زمان هەروەك لەم ڕستەیەدا هاتووە، بزربوونی ئەو

پەیوەست و ئەو جێگرەوەمان پێ رادەگەیەنێت، کە لە لێک گەیشتن بەزمان و لە دەربڕین لێ کردندا بزربوونە، لێرەشدا بنخۆڵ بوون و نغرۆبوونی مێژوویەکی زەمەنی و مێژوویەکی واتادارە، کە لەوانەیە زمان جێگرەوەیەکی نەگونجا و ناتەبا بوبێت بۆ ئەم مێژووەی خود و بزربوونی جێگرەوەیەکی تری مرۆڤ بێت لەگەیشتن و وردبوونەوەی لە جیهان و لەچۆنێتی پێکەوەنانی گەیشتن و دەرك کردن بەجیهان، هەروەك لە وێنەیەکی شیعریی تردا دەربڕین لەم حاڵەتەی مرۆڤ دەکات لەپەیوەست بوونی بە جیهانەوە.

ئێمە هەروەك بەردی پرسیار پڕین لە

سکێچی واقورمان ← تاسان

ڕێگای پێچاوپێچ ← فێڵ

خرۆشانی پڵینگ ← رەمەکی

گوڵی گۆشەگیر ← بزربوون

کەمانچەی وتووێژ ← گومان

بانگەوازی بێباکی ← بێلایەنی

ئەم هەموو ئاماژە بۆ کردنانەی لەخودی پرسیار و خاسیەتی مرۆڤەوە سەر هەڵدەدەن هەر ئەو رەگەزە زۆر گرینگانەن کە بنیادی دەروونی کەسایەتی بوونی مرۆڤ دەنوێنن. هەر ئەم رەگەزانەی خاسیەتی مرۆڤیشن، کە کەسایەتی مرۆڤ لەواتا جێگیرەکانی زمان دەربڕین لێ کردن، لەراستیدا چەسپاوەکان دەردەکەن و سەرنجی ئەوەمان لە لادا دروست دەکەن، کە چۆن ناخی ئەم مرۆڤە لەدەلالەتەکانی زمانەوانییەوە بەش بەش بووە لە خاسیەتەکانی کەسایەتیدا بەش بەش بووە و زمان بەرەو بەزاراوەبوون دەچێ و زمان بەرەو بەرجەستە بوون دەچێت، هەموو ئەم ئاماژە بۆکردن و خاسیەتە مرۆییانە لەیەك ئاماژە بۆکردندا یەك دەگرنەوە، کە ئەویش ئەوەیە، گەرچی زمان بنیادی جودای لێك گەیشتن دروست دەکات لەشێوازدا، بەڵام لەهەمان کاتدا بنیادی سایکۆلۆژی و فەلسەفیی خودیش لەدووتوی ئەم جودابوونەی لێك گەیشتنەی خودەوە بەش بەش بووە و بزربووە، هەروەك چۆنیش ئەم گەڕانەی شاعیر لەرەگەزەکانی پرسیارکردنی لەزماندا، دەرخستنی بەش بەش بوونی خودە

لەپرسیارەکان، هەروەك ئەوەی لە گومان وێل دەبین، لەفێڵ دا بزر دەبین، لەتاسان مەست دەبین، لەپێداچوونەوەدا بزردەبین، مرۆڤ و زمان لە شیعرەکاندا بەشێوەیەك بەرجەستە کراون کە راستییەکانی بوونییان لەدەست داوە، لەراستییەکاندا مەسخبوونە، هەر بۆیە گەڕانەکانی شاعیر لەخودی مرۆڤ و زماندا لەگەشتەکەی لەزانستی سیمۆلۆژیای زمان و بنیادی کەسایەتی مرۆڤدا، بەدوای ئەو جێگرەوەیەدا دەگەڕێت کە لەتوانایدابێت روویەکی تازە و نوێ بەلێك گەیشتن و وردبوونەوە و ناسینەوەی مرۆڤ ببەخشێت لەبووندا.

لەراستیدا دەبوایە لەبەشی خاسیەتی بابەتیانەی شیعرەکاندا باسی ئەم کێشەیەی شاعیرمان بکردایە لەبارەی خودی مرۆڤ، بەلام وردبوونەوەی شاعیر لەخودی زماندا ماندووی دەکات، کە ئەستەمە روانینێکی گشتگیری لەبارەی ئەم خاسیەتە بابەتیانەی کەسایەتی روون کەینەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو رەگەزانەی کە شاعیر لەشێوازدا بنیادیان دەنێت، چونکە هەروەك و چۆن خاسیەتی بابەتی دەسەڵاتێکی پتەوە بۆ بنیاد نانی دەق، هەربەم جۆرە شێوازیش ئەم خاسیەتە دەگرێتەخۆی.

هەر لەم میانەشەوە بەبێ ئەوەی هەندێك خاسیەتی وا بدەینە پاڵ شاعیرەوە، کە دەربڕین لەراستیی شیعرەکان نەکات، وەك ئەمانەتێکی رەخنەییش دەڵێین: لەم شێواز و گەڕانەی شاعیر لەخودی زماندا هەست بەهەنگاوی یەکەمی ئەزموونێکی شیعری دەکەین، کە هێشتا بەتەواوەتی لەلای شاعیردا روون نەبووەتەوە و نەگەیشتوەتە ئاستی هەنگاوێکی کامڵ و پتەو، چونکە ئەگەرچی دەرك بە هەندێك رەگەزی شێواز دەکەین لەلای شاعیر کە نوێن و لاسایی کردنەوە نین، بەلام لەهەمان کاتدا دەرك بە هەندێك شێوازی ئاسایی تریش دەکەین، شاعیر لەحاڵەتی گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی شێوازێکی پتەو و بەدوای دۆزینەوەی ئەزموونێکی شیعری پتەو.

## خاسیەتی بابەتیانەی جەنگی پرسیار ژیاوەی خود لە نێوان مەسخبوون و خۆدامالێندا

لەیەکەم خوێندنەوەی دەقی (جەنگی پرسیار)دا، بەرەو رووی پرسیاری پەیوەندی دەق دەبینەوە بەناوونیشانەوە، بۆچی ناوونیشانی دەقەکە جەنگی پرسیارە، پرسیار و مەبەست لەپرسیار چییە. پرسیارەکان لەجەستەی دەقدا و لەرستەسازی وێنە شیعرییەکاندا قیت دەبنەوە، هەموو جارێکیش ئەو پەیوەستانەی رستەکان لەگەڵ یەکدا هەیانە، ئەو دەلالەتانەی لەرستەکانەوە بەرجەستە دەبن، ئەو گەمە زمانەوانیانەی وشە و دەلالەت لەیەکتریدا دەتوێننەوە، پرسیارەکانی مرۆڤ و بوون بەرەو رووومان دەبنەوە. جەنگی پرسیار، کێشە و جەنگی پرسیارکردنە لەبەهای جوانی شتەکان، لەو ساتانەی کە تارادەی سڕینەوە بێگەرد دەبن، پرسیارکردنە لەو پانتاییە دەروونیانەی لەدابڕانی ناخی مرۆڤ و بەش بەش بوونیەوە، یەکێتی زانین و ناسینەوەی شتەکان سارێژ ناکەنەوە، پرسیارکردن لەخودی بوون و نەبوون، ئەم هێڵە سەرەکییانە کلیلی دەقن لەجەنگی پرسیارکردن بەخاسیەتی چوونەوە سەرێکی تری بەهای شتەکان. لەسەر جەمیشدا پرسیار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەك ئامادەبوونێکی فەلسەفی و وەك بنیادێکی تری زانستیانەی زمان و واتا لەپێناوی هێنانەوەی گومانە بۆ سەر بەهای رووکەشی شتەکان.

قیت بوونەوەی ئەو پرسیارانەی لەگەدەی زمانەوانییەوە سەرهەڵدەدەن، لەپەیوەست بوونی بەهای شتەکان و دابڕانی ڕستەکانەوە دێنەکایەوە، لەسەرجەمی بابەت و وێنە شیعرییەکاندا خۆیان نمایش دەکەن، هەر بۆیە بەچەند رێگەیەکی جودا دەتوانین بچینەوە سەرپرسیارەکانی ناوونیشان و پرسیارە مات بووەکانی دەق، کە لەهەموو ئەم گۆڕانانەی خاسیەتی بابەتی و مانای شیعرەکەدا بوونی خۆیان هەیە، بەڵام ئەم بوونە تەنیا لەبەر چاوخستنی رەگەزە بابەتی و زمانەوانییەکانی شیعرەکەوە دێنە دەست و ئەمەش جۆرە بەرچاو

خستنێکی بنیادگەرانەی دەقە، ئەم دەقە شیعرییە نەخشەیەکی سەرەتایی بابەتیی نییە و واپێ دەچێت ماوەیەکی زۆری لەزەمەنی لەدایک بوونی گرتبێتەوە، هەروەک ئەوەی شاعیر بەردەوام لەکاتی جودا و زەمەنی جودادا چووبێتەوە سەر دەقەکە، چونکە تەنیا نەخشەیەکی سەرەتایی لەدەقدا دەسەلاتی ناوونیشانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەدەقەکەدا.

لێرە لەگەڵ ئەوەش لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ چەند هێڵێکی سەرەکیی دەقەکە کرد، بەڵام بابەتی یەککگرتووی شیعر بزرە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەوێنە شیعرییەکاندا دووبارە دەبێتەوە، هەر تەنیا سەرجەمی ئاماژە بۆ کردن و ماناکان، سەرجەمی وێنە جودا و بەش بەشەکان بابەتی سەرەکیی شیعرەکان دروست دەکەن، هەموو ئەم ئاماژە جودا و ئەم بابەتە بەش بەشانە لەپەیوەستێکی جێنەگیر و لە نەوەستان لەهیچ لایەکیاندا بابەتی سەرەکیی دەق ئاشکرا نابێت، ئەم پەیوەستە شاراوەیەی نێوان بابەتێکی لەت لەت و واتای جودای وێنەکان. شاعیر بەهیچ جۆرێک داخوازی و پێشنیازی بەیەکەوە بەستنەوەیان ناکات لەنەخشەیەکی سەرەتایی بەدەق بوونی شیعرەکەدا، بەڵکو هەوڵی ئەوەشی داوە بنیادی جودا و باری جودای وێنەکان بەرجەستە بکات و لەگواستنەوە زۆر بە پەلەکاندا وێنەکان و بنیادی ماناکان بەدوای یەکدا دێن و ناهێڵن لەڕێچکەیەکی یەکگرتوودا زەینی خوێنەر لەسەر یەک داوای بابەتی جێگیربێت ئەم خاسیەتەش وا لەخوێنەر دەکات دەرک بە قووڵاییەکانی بابەتیی شیعرەکە نەکات لەگەڵ یەکەم خوێندنەوە و لەگەڵ یەکەم لەدایک بوونی سەرنجەکانی دا، ئەو بیرەش دێنێتە کایەوە کە نەک تەنیا بەلایەنی ئەم دەقەوە، بەڵکو بەلایەنی دەقە شیعرییەکانی تریشی هەر چوونەوە سەری بەردەوام و پێداچوونەوەی بەردەوامی دەقەکە ناسیاوییەکی مەعریفی و زەینی لەنێوان خوێندنەوە و ڕەوتی بوونەوەی ڕوانینەکانی شاعیر

دێنێتــه کایــەوە، لەوانەشــە ئــەم خوێندنەوانـە واتـای جودا و بۆچوونی جـودا لەدەقەکـەدا بکەنـەوە، بـەڵام هـەوڵی بـەردەوامی شـاعیر لـەباری زمانەوانی و بەش بەشکردنی بابەتدا و هـەوڵی بـەردەوامی بـۆ دروسـتکردنی ئیجای وێنـە و واتـا، جێگیر نـەکردنی روانینـــــەکانی لەنەخــــشەیەکی یــەکگرتووی دەقـــدا، ئـــەو هێڵـــە سـەرەکییانەن، کـە کێشەی بابـەتی و یــــەك دیــــوی لێکدانــــەوەکان لەخوێندنەوەدا دێتەکایەوە.

لەلایـەکی تـرەوە (جـەنگی پرسـیار) ئەگـەرچی وێنەی زۆر و ئامـاژەبۆکردنی زۆر و دەلالەتی زۆر لـەدووتوێی خۆیدا گرتووە، ئـەم رەگـەزانـەی دەقیش بـۆ ئـــەوە بـــەکارخراون بەشـــێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری بابەتیانە بێننـە کایـەوە، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا گـەلێك وێنەی شیعریش دەبینین، کـە شـاعیر لەدووتوێی دەلالەتەکانی زمـان و ڕەهـا و جـۆرکردنی واتاکانـــەوە دووبـــارە دەبنەوە وەك دارشتنێکی بناغـەیی بـۆ راڤەکردنێکی نوێی بنیادی جودای واتـا و وێنـەکان. ئـەم خاسیـەتەی دەقیش

لەرووکەشدا وای کـردووە زۆر وێنـەی جـودای دروست کـراو لەسـەر بناغـەی وشـەکانی (مـردن، خـەون، منـداڵی) لەشـــێوەی لێکـــچوونی بابـــەتی و دەلالەتیدا لێـك نیزیـك بنـەوە. ئـەم شـێوەیەی بەرچـاو خـستنی وێنـە شـیعرییەکانی، کـە لـە وشـەیەکدا دروسـت دەکرێـت، پەیوەنـدیی نییـە بەدووبارەبوونـەوەی وێنـە بەشـێوەی جـودا، بـەڵکو پەیوەنـدیی هەیـە بەدەلالـەتی لـەدایك بـوونی هـاوجۆر و هاوچەشنی چەمکەکانەوە.

لێرەشـــدا شـــاعیر مەودایـــەکی سـیمیۆلۆژی فـراوان بـەدەوری چـەمك دەبەخـشێت لەرسـتەکاندا و لـەم کارەشـدا چـەمك لـە دەوری ئاسـایی خۆی دەردەچێت و دەلالـەت و هێمای تـازە دێتـە ئـاراوە بـۆ دیمەنـەکانی (مـردن، خـەون، منداڵی ژیـان) و ئـەم وشانە دەلالەتەکانیان لـەباری ئاسایی ناسیاوی خۆیانـدا دەردەچن و واتـای نوێ دەدەنە دەستەوە.

لێرەشـدا خاسـیەتێکی گرنگـی تـری شـیعرەکە لەوەدایـە دروسـت کردنـی بنیـادی وێنـەکان زۆرجار لەمەبەستی

گەیاندنی زانیاری و مەعریفەی زەینییەوە و سەرهەڵنادات، بەڵکو لەبناغەوە توانای خوێندنەوە بۆ ئەوە دەبەن، کە لەزەینی خوێنەردا وردبوونەوە و پێداچوونەوە و تێڕامان دروست بکەن، ئەم بەکارخستنەی وێنە شیعرییەکان لەوەوە هاتووە کە وێنەکان هەمیشە لە واتای راستەوخۆ و گەیاندنی راستەوخۆی مانای وێنە شیعرییەکان دوور دەکەونەوە، بەمەش شاعیر جەنگی پرسیارەکان لەناخماندا دەکاتەوە ئەو پرسیارانەی دەبنە دەمامکی جوانییە باوەکانی شتەکان، تاکو جوانییەکی ترمان لەم بەدەمامک کردنەی جوانییەوە بێتە بەرچاو.

**دەمامکە جوانەکان تا هەتایە لەجەنگی پرسیار دەمێننەوە**

ئەو پرسیارانەی زەمەنەکانی دەرک پێکردن و هەست پێکردنمان وەك دابڕانێکی مێژوویی بەرجەستە دەکەن لەو تەمەنەی زەمەنێکی تەنیای خودە.

**ئەو گوللەیەی منداڵی پڕ شکۆی لاکردم بەگومان و هیچم نەگوت**
**لە گەنجێتی قەوانەیەکەیم بردە بەرەکانی جەنگ**
**کردم بە مەرکەبدان**
**یەکەم دێری یاداشتم پێ تۆمارکرد**

گومان لەچی، جەنگی چی، یاداشتی کێ.

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە دەق بەهەناسە و لێبووردن و خاکەڕاییەکی بابەتیانەی قووڵەوە لەناخی خۆیدا هەڵمان دەگرێت هەروەك ئەو دایکەی منداڵی خۆی نۆ مانگ هەڵدەگرێت، ئەم دابڕانە لەپرسیارەوە دێتە دی، بنەما و رەگەزەکانی دۆزینەوەیان لەگواستنەوەی واتا و واتای زەمەنی مرۆڤ دایە لەدووتوێی هەست کردن بەم بوونەی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ، لەمەسەلەی پرسیاری جەنگ و زەمەنی رابوردوو لەخاسیەتی ئەو نزیك بوونەوانەی خود لەجیهانی وەهم و خەیاڵ و واقیعدا پێگیر دەکەن.

منداڵی گەڕانە بەداوی دۆزینەوەی ئەو تەبایی و ئەو گونجانانەی کە لەخودی بێگەردییەوە سەردەردەکەن و بەناخی تێگەیشتن و مانای دابڕانی زەمەنی و زەمەنی ژیاوەی مرۆڤەوە تێپەڕدەبن.

### هەنگاوێک ماوە بگەینە منداڵی

لەراستیدا بەراوردکردنی گەڕانی شاعیر بەگیانی منداڵی و لەهەمان کاتیشدا بە رۆیشتنی و نزیک بوونەوەی لەخەون، ئەو ئیحایانە بەرجەستە دەکەن، کە لەواتای شێواندنی وشەکانەوە دروست دەبن، ئەو وشانەی ئازادەی بەپرسیاربوون و ئازادەی بەوەهم بوون شۆڕدەبنەوە.

### کۆچ بەرەو خەون

گەڕانەوە بەدوای ئەو وەستانە زەمەنیانە حەسانەوەیەکی دەروونی و زەمەنی و هەستیاری لەناخی شاعیردا دەهێننەکایەوە، ئەو وەستانانەی لەجەنگی پرسیارەکان بەرەو لەناوچوون دەچن، ئەو وەستانە زەمنیانەی کێشەکانی مەسخ کردنی جوانی و شێواندنی رستەکان دەبنە ئیحای بێهوودەیی وەستان و بەرپرسیار بوونیان لە مردنی ئەو زەمەنانەش زەمەنی تر لەدایك دەبن، کە شاعیر بەشاراوەیی هیوایان بۆ دەخوازێ و دەیەوێ کونجێکیان تێدابگرێت. هەروەك وێستگەیەك، کە شاعیر لە ناڕەحەتییەکانی روحی و جەستەی دەرکات و شتەکانیش لەبەهای راستەقینەیاندا لەباری پەرت بوون و دابران و لێك دوورکەوتنەوە راڤە بکات.

ئێوارە

شەو

مان پەرت

سبەینە

نیوەڕۆ

ئەستێرە نەوی

ئەم خاسیەتەی پەرت بوونی زەمەن و بەهای روحیی شتەکان، هاوچەشن و هاو واتان لەگەڵ زۆربەی ئەو تێگەیشتن و مانایانەی کە سەرتاپای ژیانی رۆژانە و کاتیی مرۆڤ دەردەخەن و بەردەوام کەلێنە نەناسیاوەکانی خود دەگرنەوە، لەوتەیەك تێگەیشتن و مانای (زەمەن، گوناه، تاوان، سزا، شۆڕش، پەشیمانی) ئەم تێگەیشتن و مانایانە کە لەسەرجەمی شیعرەکەدا خۆیان دەردەخەن لەگەڵ یەکەڕستەی شیعرەکەدا یەك دەگرنەوە، وەك ئەنجامێك، وەك پەیوەستێکی ناڕاستەوخۆ کە دەڵێت:

**دەمامکە جوانەکان تا هەتایە لەجەنگی**

**پرسیار دەمێننەوە**

کە شاعیر لەم رستە شیعرییەدا هەوڵی داوە باری مەسخبوونی ئەم تێگەیشتن و مانایەمان بۆ روون بکاتەوە، وەك باری بەدەرئەنجام بوونی واتاکان لەدوایشدا بەشێوەیەکی تر و بەدەربڕینێکی تر دێتەوە سەریان.

**رۆچووین بەناو جوانییە ئەتکراوەکان**

لێرەشدا مەبەست لەجوانی رووالەتی رووکەشی شتەکان نییە، بەڵکو باری راستیی شتەکانە، ئەو حاڵەتانەی کە مرۆڤ لەژیانی کاتییدا دەیانخولقێنێ، هەروەك شێواندنی راستی باری مرۆڤ و لەناوبردنی بەهای راستییەکان، ئەو حاڵەتانەش لەشیعردا هاو واتان لەدەلالەت کردن لە (کوشتار، شەڕ، جەنگ، شۆڕش، تاوان) هەر ئەم حاڵەتانەش لەگەڵ خۆیاندا باری سروشتی راستییەکان لە قاوغی خۆیان دەردەکەن، حاڵەتێکی شێواوی جوانییەکانمان دەخاتە بەرچاو لەنێوانی ئەم دوو ئاماژە بۆکردنەی شێواندنی جوانی و ڕاستیی شتەکاندا، زەمەنێك درێژ دەبێتەوە تاسەر ئێسك ئازارەکانی بەناخماندا رۆدەچێ. تا حاڵەتی (خەون و منداڵی و مردن)، ئەو حاڵەتەی شتەکان لە لاماندا یەکیان دەبێتە بەهای یەکیان، هەروەك ئەوەی خەون و منداڵی دەست بەرداری بوونێکی ناسایی بێت لە کێشەکانی مرۆڤ، هەروەك خۆدامالێنێکی خودی رووتی مرۆڤ بێت لەهەموو ئەو دەلالەتانەی جوانییەکان دەخەنە باری ئەتکراوەوە، راستییەکان دەخەنە باری شێوانەوە و لەجیهانی بێگەردییەوە دوور دەکەونەوە.

**ئادەم و حەوا سێبەری خۆیان بەڕووتی لە ئاوێنە دی**

**بەهەشتیان جێهێشت ڕژانە سەرزەمین**

هەر لەم زەمەنەوە، مێژووی مرۆڤ دەست بە سووڕانەوە و بەدوای یەکدا هاتنی دەکات، لەخاسیەتی بەگوناه بوونی خود و بەخاسیەتی کەوتنی بەهای شتەکان.

**جانتای بەتاڵی شۆڕش**

ئامارەکردنە بۆ بێهوودەیی گرفتاری بوونی مرۆڤ بەجیهانەوە

**نارنجۆك کراوەتە تابلۆ بەدیواری لانك هەڵواسراوە**

ئاماژەکردنـە بـۆ بزربـوونی بـەهای ڕاستی شتەکان:
**نەمردنی سەرەتایە**
**نەژیانی کۆتایی**
لەهەموو ئەم ئاماژە بۆکردنانـەی، کـە دەچنەوە سـەر ڕێچکەی مێـژوویی و بەسـەرهاتی مـرۆڤ لەجیهانـدا و خاسیەتی پـەرپ بـوون و بـەش بـەش بوونی زەمەن و ژیانی مرۆڤ و گۆڕانیان لەڕوانینـدا، ئـەم خاسـیەتانە دەبنـە هاوەڵێکی بەردەوامی مرۆڤ بۆچوونەوە سـەری شـتەکان، لەهـەموو ئـەم وێنانەشدا مەبەسـتی شـاعیر ئەوەیـە سـەرنجمان ڕاکێـشیتە سـەر ئـەو حاڵەتانەی، کـە گومـان و دژبەیـەکی و ناتەبایی و هاودژی لەبیرماندا دروست دەکـەن و ئـەم کـارەش هەڵـسەنگاندنەوەیەکی بنـەڕەتیی توانـای زمـان و گـۆڕانی حاڵەتـەکانی دەربڕینـە و ئـەم حاڵەتـەش لـەزەینی خوێنەردا دروست دەکات و دەیـەوێت خوێنـەریش بـەزەینێکی یەکنـەگرتوو، بەزانیارییـەکی پێـشوەختەی پـڕ لـەگومان و جێنـەگیرەوە بـچێتە گەردوونی پرسیارەکانی دەقەوە، ئـەو جیهانـەی پرسـیارەکان دەبنـە بنـەما لەجەنگدا و لەشۆڕشدا و لەئـەتکردنی ڕاستییەکاندا، تا گەیشتن بە حاڵـەتی کۆتـایی هـاتن و لەناوچـوونی بـەهای شێواوی ڕاسـتییەکان، ئـەو حاڵەتـەی، کە پرسیاری گـەورە و جـەنگی گـەورە لــەناخمان دەکەنــەوە و بــەرەو لەناوچوون دەبردرێن.
هـەنگاوێك مـاوە بگەینـە منـداڵی ← خۆداماڵین
کۆچ بەرەو خەون ← خۆداماڵین
هەر ئـەم خۆداماڵینـە شـیعرییە و هـەر ئەم وێنە شیعرییانەو درێژ بوونـەوەیان لەدەقـــدا بەدەلالـــەتی جـــودا سەرهەڵدەدەن.
**کیژی دۆزەخ**
**کوڕی بەهەشت**
**لەخەون چارەنووسیان یەکە**
**ون کردنی ئەو خەونانەی**
**شەو بەنیازی خەوت**
**خەون شکانی سزا**
**جوانی ساکارە**
**زەوی ئاڵۆزە**
**مانگ لەناو دەستم کەڕووی لێمکەوت**
**خانەکانی تریفە ڕشانەوە**

کەواتە کێشەی بناغەیی و خاسیەتی بابەتیی شیعرەکە لەچەند ئامارەیەکی بۆکردنێکی قوولەوە سەرهەڵدەدات لەسەر جەمیشدا یەک بنیادی ناخەکییان هەیە و ئەم بنیادەش لەهەموو وێنە شیعرییەکاندا دەیان دۆزینەوە بەشێوەی ڕوانینی جودا و لێکۆڵینەوەی بەش بەش وردبوونەوەی بەش بەشی بابەتەکاندا.

أ- مەسخبوونی جوانییەکان هاو واتایە لەگەڵ مەسخبوونی ڕاستییەکان

ڕاستی ←→ جوانی

مەسخبوون

ب - خەون و خۆدامالێن هاوواتایە لەگەڵ منداڵی و خۆدامالێن

خەون ←→ منداڵی

خۆدامالێن

کەواتە یەک گرتنەوەی کێشە بابەتییەکانی دەق بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن ببنە خاسیەتێکی بابەتی و ڕەگیان لەزۆرینەی ڕستە و وێنە شیعرییەکاندا هەیە، لێرەشدا وتەی کۆتایی لەم بەیەک گەیشتنەوە بابەتیانەیە بۆ جوانییەکی مەسخ کراوە بەرانبەر بە ڕاستییەکی خواستراو و بەردەوام، وشەی کۆتاییش لەنێوان خۆدامالێن لە خەوندا و خۆدامالێن بەخواستی منداڵی، وشەی کۆتایی لەم کێشەیەدا بۆ زەمەنی منداڵییە وەک زەمەنێکی ڕاستەقینە.

ڕاستی ≠ جوانی ← مەسخبوون

خەون ≠ منداڵی ← خۆدامالێن

لێرەشدا هەر تەنیا جوانییەکی مەسخبوو، خۆدامالێنێک بۆ منداڵی بنیادی ڕاستەقینەی دەقن.

جوانی مەسخ بوو ≠ خۆدامالێن بە منداڵی

**خاسیەتی بابەتیانەی مەرگی ئاوێنە مێژووی کەسایەتی لەناو لەنگەرییەکدا**

(مەرگی ئاوێنە) کە ناوونیشانێکە و لەدوو چەمکی (مەرگ) و (ئاوێنە) پێکدێن، پەیوەندییەکی دوو سەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دەقەکەدا دروست دەکەن، بەپێچەوانەی جەنگی پرسیارەوە، کە ناوونیشان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەدەقەکەدا خۆی نمایش دەکات، لەم شێوەدا ئامارە بۆ کردنی بابەتیانەی

دەق و خاسیەتی بابەتیانەی دەق دەکەمەوە مەودایەکی ئاماژە بۆ کردنی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە، هەر ئەم گەردوونەی ناوونیشانەش دەوڵەمەندییەکی فراوان بە رستەسازی و بینای سینتاکسی و سیمیۆلۆژی لەدەقدا دروست دەکەن، هێڵە شاراوەکانی نێو دەق و ئامادەبوونیان لەدەقدا زیاتر دەکرێنەوە لەبەردەم خوێنەردا.

(مەرگی ئاوێنە) مردن هەر وەك کۆتایی هاتنێکی فەلسەفیی خودە بەچەند نیوەیەکی جیا و لێك نەچوو لەم خاکەی پێوی دەبەسترێتەوە، هەروەك ئەو لەنگەرییەی ئەگەر چی دەلالەتی شوێن و خاسیەتی گەورەیی و بچووکی پێ بەخشراوە، بەڵام لەبناغەوە دەلالەت لەم بەردەوامییەی ژیان دەکات و لەم مردنەوەی ژیانیش دەکات، بەخاسیەتی مێژووییەکی ناڕەحەت و ناکۆکی کەسایەتی لەشوێندا، وشەی مردن بەشێوەیەکی ترسناك لەدەقدا بەرجەستە دەبێت و خوێنەر هەر لەیەکەم دێرەوە تا کۆتایی شێوەکە لەم جیهانەدا گوزەر دەکات وشەی مردن لەدوو وێنەی شیعریدا سێزدە جار دووبارە دەبێتەوە، جگە لەو ئاماژە بۆ کردنە جودایانەی لەناو دەقەکەدان، کە لەسەرجەمدا ئاماژەکردنن بۆ ئەو نزیکی و ئەو کۆتاییە سروشتی خۆکوژیەی مردن دەخاتە سیمایەکی داهێنراوەوە، هەر بەو لێکدانەوەیەی کە مردن نەك تەنیا خاسیەتێکی ئاوەژووە لەگەڵ ژیاندا، بەڵکو ئامادەبوونی لەژیانیشدا هەیە و مرۆڤ ڕۆژانە یاری بەمردن دەکات.

١ـ مەرگ ← ← ژیان ← نزیك بوونەوە لەمردن ← هەشت پیتی ژیان و مردن بەهەشت دەنگ بانگیانکردم

هەوتا بوونی (مەرگ - ژیان) وەك ئامادەبوونێك

٢ـ مەرگ ← ← ژیان ← سیمایەکی نەگۆڕ لەمەرگ ← ئەی تاوانبار بەژیان، ئەی تاوانبار بەمەرگ

هاوتا بوونی (مەرگ - ژیان) وەك ژیاوە.

٣ـ مەرگ ← ← ژیان ← ئامادەبوونی راستەوخۆ ← بیست و

شەش جار لەدوو وێنەی شیعریدا دووبارە دەبنەوە
هاوتابوونی مەرگ و ژیان.
٤ـ مەرگ ← ڕاهاتنی مرۆڤ لەمردندا ← بۆ مەرگی گشتی دەعوەت کراوین
مەرگ تاقە سیمایەکی ئەمری کەسایەتییە.
لەهەموو ئەم بەسەر داچوونەوە جودایانەی وشەکانی (مەرگ) و (ژیان) ەوە (مردن) و (مانەوە) بەمانا فەلسەفییەکەیەوە، دەبنە ئەو پێناسە زۆر گرینگانەی لەناو ڕوویەکی تر و نائاسایی مێژووی کەسایەتیدا ڕەنگ دەدەنەوە و تیشك دەدەنەوە، ئەو ڕووە و ئەم تیشك دانەوەی مردن و ژیان، هەروەك ئەو ئاوێنەیەیە، کە ڕوویەکی تری ئەم بوونە دەنوێنێ و لەم ڕووەشدا تەنیا مردن دەبێتە حەقیقەتی مێژووی کەسایەتی مرۆڤ و هەوڵەکانی مرۆڤ لەژیاندا بەرەو بەمەرگ کردن و بەمردن کردنی ژیان دەچن، خۆ خەریك کردنی کاتیی مرۆڤ بەرجەستەی مردن دەکات، ژیان هەروەك ڕەنگدانەوەی مەرگی لێ دێت و دەربڕین لەبەمەرگ بوون و لەناوچوون دەکات، ژیاوە هاوتاوایە لەگەڵ بەمەرگ بوون، ئەم دوو چەمکەی ژیان و مردنیش گەردوونێکی مەزن و ئەزەلی لەناخی خوددا داگیر دەکەن، لەسەرجەمیشدا شاعیر خاسیەتێکی ئەزەلی دەبەخشێتە ئەم دوو چەمکە دژ بەیەکە، (ژیان - مردن) دەبنە دوو خاسیەتی جودا و یەك گرتوو ئەمیان لەویان دا دەتوێتەوە، هەروەك ئەوەی ژیان مردنی شتەکان بێ و مردنیش ژیانەوەی شتەکان بێت، هیچ یەقینێك، هیچ دڵنیاکردنەوەیەکی مرۆڤ ناتوانن ئەم تێك هەڵکێشییەی نێوان مردن و ژیان لێکتر جودا بکەنەوە.
لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤ هەر لەسەرەتای یەکەم خەلق بوونیەوە، لەگەڵ ئەم دوو واتا سروشتیەدا دەژی و مرۆڤ لەمێژووی کەسایەتیی خۆیدا مردن و ژیان دەکاتە خودێك، سیمایەك، بەخودکردن و بەسیماکردنی مردن و ژیان لەمرۆڤدا، هەروەك نان خواردن، هەروەك جگەرەکێشان، هەروەك پەیوەندییەکی ئاسایی نێوان مرۆڤ، لەم کەسایەتییەدا بەجۆری جودا و

بەشێوەی جودا سەرهەڵدەدەنەوە ئەم روانینـەش فەلسـەفەی بـەش بـوونی خودمـان بـۆ ئاشـکرا دەکـات لەپـەرت کـردن و شـێواندنی دەلالـەتی چەمکەکان و بابەتەکانیان، لە ئاڵۆگۆڕ پـێ کردنـی وشـە و واتـا و گەیانـدنیان بەمرۆڤ.

هەنـدێك جـار و لەهەنـدێك وێنـەی شـیعریی ئـەم دەقـە، چـەمکەکان خاسیەتی پێناسە کردن و شیکردنەوە بەخۆیانەوە دەگرن، ئیجـای مـردن و ژیـان و ئامـاژە بـۆ کردنیـان، هـەردوو چەمکی ژیان و مردن دەبنە ئەو واتا زەمـەنی و ئـەو بینایە سایکۆلۆژییەی خود لەدەرەوە و ناخی خۆیدا بنیادی کەسایەتی خۆی پێناسە دەکات، وەك بـەردەوام بـوون و وەك کۆتـایی پـێ هاتنێك مرۆڤ نەژیان و نەمردن ناتوانن پێناسەیەکی تر لەبوونماندا بخوڵقێنن تەنیا ئەو پێناسانەی ئامـاژەکردن بۆ لەناوچوون، مرۆڤ لەهیچەوە دەخولقێ و لەهیچشەوە کۆتـایی پـێ دێ، ئـەم لەناوچوونەش هەروەك خۆکوژی مرۆڤە لەکوشتار و شۆڕش و پێك دادان و تێك ورووژانـی مـرۆڤ و مـردن و ژیـان، لەناوچـوون، دەبێتـە فەلـسەفەی راهاتنی مـرۆڤ لەبووندا هـەروەك (تێك ئالانی برادەران) کە وشەی تێك ئالان، ئامـاژەکردنـە بـۆ کوشـتار و جـەنگ، بـەخودکردن و بەسـیمابوونی مردنـە لەسروشتی مرۆڤدا.

تەنانـەت مـرۆڤ لەهەولەکانیـدا بـۆ ناسـینەوەی کرۆکـی ژیـان و مـردن، تووشـی نەناسـین و نەخوێندنـەوە دەبن، بەخاسیەتی دەرك پـێ نـەکردن و هەست پێ نەکردن، مەحالی گەیشتن بەکرۆکی مردن و ژیان، مـەحالی لێك ترازانـی مـردن و ژیانـە لەسروشـتی مرۆڤـدا هـەروەك ئـەوەی مـرۆڤ مێژووەکـەی مێـژووی مردنـە و ژیـان مـرۆڤ ناگەیەنێتـە ئـەو ئاسـتەی بەنەواوەتیش دەرك بـەم ژیانـە بکـات، دابڕانـەکانی خـەون و منـداڵی و گەڕانـەوە بـۆ سـەردەمە زەمەنییـە جوداکان و دابڕانەکانی خـود لەخۆیـدا، تەنیا هەر بەرجەسـتەی مـردن دەکـەن لەناخی خوددا، مردن مرۆڤ لەسـنووری دەرك پـێ کـردن و ناسـینەوە و دەردەکات و پاساوی مردنیش، مردنـی ژیانـە، ئـەم روانینـەش لەزۆربـەی

شیعرەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە:
بەناردنی نامەیەک
سەرەتای ڕێگاکان تەفرەدران
بەگەیشتنی
کۆتایی ڕێگاکان ئاشنابوون
ئەو وێنەیەی لەجەژنی دەساڵە کێشام
لەناوەندی ڕێگادا
سپاردمە تەفرەدان و ئاشنابوون

ئاشنابوون، ئاشکرابوونی ئەو وەهمە هەڵخەتینەرانەیە، کە خود دەیەوێ بەنەناسینەوەی خۆی لەگەڵ پاساوەکانی ژیاندا رابێنێ، بەڵام مرۆڤ کەی وچۆن نامەی ئاشنابوون، گەیشتن بەکرۆکی مردن و ژیانی پێ ڕادەگات و لەتەفرەدان و شێواندنی راستییەکان خۆی دادەماڵێ، کەی لە مەحاڵی هەست کردن و دەرک پێ کردنی مانەوەی لەم دەلالەتە و لەم دەسەڵاتەی مردن و ژیان خۆی دادەبڕێ.

ئەم پرسیارە لەدەقەکەدا، دەمانباتەوە سەر ئەو دەرهاوێشتنە بیرۆجیۆگرافیەی کە ژینگە وەك پەیوەستێکی تری مرۆڤ بەژیان و مردنەوە لەسەر زەمیندا راڤە دەکات، شتەکان و پەیوەست بوونیان بەم ناخە بەش بەش و تەفرەدراوەی خود، تەفرە خواردنیەتی لەمانەوە و لەپەیوەست بوونی بەدەرهاوێشتنە فەلسەفی و فیکرییەکانی پەیوەندی مرۆڤ بەزەوی و بەخاکەوە، هەروەك ئەوەی زەوی گرفتاری کردن و تەفرەدانی لەدووتوێی خۆیدا گرتبێت، مرۆڤ دەبێتە سیمایەکی تری بوون.

ئەو ژینگە و راهێنانەی کە هەر لەو ساتەوەی مرۆڤ خۆی بەڕووتی بینی خۆی خستە گێژاوی بوون و نەبوونەوە، خۆی هاوێشتە باخەڵی بەبیرکردن و بەمەفهووم کردنی مانەوەی. خۆی کردە تیشك دانەوەی ئاوێنەی بینینی خۆی بەمردوویی، هەر لەو ساتەوەی بەهەشت لەلای مرۆڤ مەسخ دەبێ و زەوی لەلادا دەبێتە تاراوگەیەکی ئەبەدی (مەرگی ئاوێنە) مەرگی بەهای شتەکانە، کە مرۆڤ تێیدا دەتوێتەوە، مەرگی بەهای شتەکانە کە لەزەویدا بەرجەستە دەبێت، مەرگ لەدەست دانی ئەو پێناسە و ئەو ناسینەوانەیە، کە مرۆڤ رۆژێك لەرۆژان دەرکی پێ نەکردووە هەر لەبەر

ئەمەشە (مەرگی ئاوێنە) مەرگی مرۆڤ و مەرگەی شتەکانە لەو زەوییەی تەنیا دەلالەت لەبەمەرگ کردنی مرۆڤ دەکات.

**(١) سەر زەمین بەهرەی داخراوە**
**شتێکی سەرسوڕهێنەری لا نەماوە**
**پێشکێشمان کات**

زەوی ← مەحاڵی پێناسەیەك بۆ ژیانێکی تر.

**(٢) مرۆڤ بێهوودە کەوتە سەر زەمین**
**ستایشی هاتن دەکات**

زەوی ← مەحاڵی گەیشتن بە پێناسە.

**(٣) سەر زەمین کەرنەڤاڵی تەواوی تێدا نییە**
**ئێستا باخچەیەکە هۆماکان تێیدا دینە قسە**

زەوی ← مەحاڵی دۆزینەوەی پێناسە.

**(٤) گەڕانەوە بۆ سەر زەمین**
**پرسیارێکە کاتێ خۆر نیوەی دەرکەوت یان نیوەی ئاوابوو دەکرێ**

مەحاڵی ناسینەوە پێناسەیەك.

**(٥) زەمین گەورەترە یان ئەو لەنگەرییەی چێشتی لەناو دەخۆم**

مەحاڵی پێناسە لە بێهوودەی پێناسە.

(أ) لە ئاماژە بۆ کردنی یەکەم خاڵدا، ئەمانی زەمەنی پەرچوو دەست پێ کردنی زەمەنی گۆڕاو دەبینین. هەروەك ئەوەی زەوی و ئەو ئیلهام و توانایەی بە مرۆڤی دەبەخشێت لەهەوڵدانی بە پێناسەکردن وەك ناسینەوە و دەرك پێ کردنن وەك ژینگەیەکی ئەبەدی تەنیا مرۆڤ هەر بەرەو لەناوچوون و مردن دەبات، چونکە مرۆڤ بەم جۆرە پەیوەندییەی بەشتەکانەوە ناتوانی دەلالەتی ئەو چارەنووسە بدۆزێتەوە نەبەهەست کردن و نەبەدەرك پێ کردن لە حاڵەتی مانەوەی لەسەر زەویدا، هەروەك ئەوەی زەوی نەفەرتی خوداوەندبێت و زیندانی خوداوەند بێت لەسەر مرۆڤ، بەڕادەیەك ماناکان هەموو دەبنە مانای ئاسایی، پێشبینیەکانی داهاتوو تێکەڵ بەپێشبینییەکانی دوێنێ دەبن، سبەینێ و دوێنێ و ئەمڕۆ یەکتر دەخۆنەوە، زەمەن لەتوانەوەیەکی بەردەوامدا ماناکان و بوونی مرۆڤیش دەتوێننەوە.

(ب) لەئاماژە بۆ کردنی دووەمدا باری

بێهوودەی مرۆڤ ئاشکرا دەبێ ئەو بارەی لە نەگەیشتن و لەنەدۆزینەوە پێناسە و هەست پێ کردنی مرۆڤەوەیە لەسەر ئەم زەمینە ئەو ساتەی مرۆڤ ناگاتە دروست کردن و پێکەوە نانی تێگەیشتن و مانایەکی یەکگرتوو روانینێکی تەبا لەژیانیدا، لەمردنیدا، ناگاتە حاڵەتی یەقین و حاڵەتی حەسانەوەی ئەبەدی لەکێشەکانی لەزەویدا، هەر لەم بێهوودەییەی نەگەیشتن بەمەحاڵی پێناسەوەیە، کە مرۆڤ تووشی بێهوودەییەکی ئەزەلی دەبێت، لەچاوەڕوانیدا فێری خۆکوژی دەبێت. هەرچەندە ئەو ناگاتە ئاستی ناسینەوەی هاتنی خۆی بۆ سەر ئەم زەوییە.

(ج) لە ئاماژەی بۆ کردنی سێیەمدا هەموو خاسیەتێکی ئیلهام و هەموو خاسیەتێکی بەژیان بوون و بەواتاکردنی مرۆڤ لەزەویدا بزردەبێت، زەوی، زەوی هۆماکانە، هۆماکان ئاوێنەی هۆماکانن، ئاوێنەی مرۆڤە بەهۆماکراوەکانە، مرۆڤ هەر لەو ساتەوەی کەوتە سەر زەوی دەبێتە خاوەنی میراتی زەوی، دەبێتە خاوەنی زەوییەکی نەفرەتی و میرات کراو، کە هەمیشە هەر خاسیەتە ئەزەلییەکانی خۆی بەم زەوییەی دەبەستێتەوە.

(د) هەر بۆیە لەم ئاماژە بۆ کردنەی خاڵی چوارەمدا مرۆڤ هێشتا هەر لەبازنەی بەرەو رووکردنەوەی پرسیارەکانییەتی لەزەوی و بەهرە و دەسەڵاتی خۆی بزردەکات، زەوی هیچی پێ نابەخشێت لەتوانایدا بێت لەم بازنەی پرسارکردنەی دەربکات، زەوی روانینێکی گشتگیری پێ نابەخشێت زەوی هێشتا هەر پرسیارێکە لە ئامادەبوون و لەناوچوونی خود دەکرێ.

(و) هەر بۆیە لەدوا ئاماژە بۆ کردندا شاعیر بەشێوەیەی ساتیری و گاڵتە ئامێز دەڕوانێتە ئەم زەوییە و بەرستەیەکی شیعری زۆر پتەو زۆر بەهێز بەلەنگەرییەك دەچووێنێ، کە نانی تێدا دەخۆین و ئەمەش ئاماژەکردنە بۆ ئەوەی، کە زەوی تەنیا مرۆڤ لەمانەوە و مردندا رادێنی، ژیان و مردنی پێ دەبەخشێ و ئەمەش

هەروەك تاوانبارکردنی مرۆڤە بەژیان و بەمردن.

هەروەك دەبینین چەمكی (زەوی) وەك مانەوە، چەمكی (مەرگ و ژیان) وەك دەسەڵاتێك چەمكی (ئاوێنە) وەك بینینی راستییە جەوهەرییەکان هەرسێ دەلالەتی (زەوی - مردن - ژیان) ئەو وەهم و سەرابانەن، کە خود دەخەنە باری گومڕاییەکی ئەبەدییەوە و ڕێگاکانی ئاشنابوون و ناسینەوە، ڕێگاکانی بزربوون و نەمان و لەناوچوونە، هەروەك ئەوەی زەوی مرۆڤ لەناخیدا بەش بەش دەکات، مردن مرۆڤ لە ئامادەبوونی ژیاندا لەت لەت دەکات، زەوی تەنیا بەهرەی مردن و لەناوچوون بۆ مردن ئاشنا دەکات لە شێوەی جەنگ و کوشتار و پێکدادان، زەوی دەبێتە ئەو ئاوێنەیەی کە راستییە جەوهەریەکانی بوونی مرۆڤی تێدا مردووە، گرفتاری بوونی ڕەنگدانەوەی ئەم چاوبەستنەوەی خودە لەمردندا، هەر بۆیە ئاوێنە و زەوی رەنگدانەوەی ئەم ناخە پەرتەی مرۆڤن.

(مەرگی ئاوێنە) هێمایە بۆ مەرگی خود و خۆکوژی خود لەنەبووندا.

## خاسیەتی بابەتیانەی ڕێزمانی کۆڵانەکان

گەشتی خود لەفەنای سیحر و ئەفسانەدا (ڕێزمانی کۆڵانەکان) بە پێچەوانەی هەردوو دەقەکەی ترەوە، شاعیر هەر لەسەرەتاوە نەخشەیەکی ئامادەی دەق لەزەینیدا یەکالابۆتەوە، ئەگەرچی ئەم نەخشەیەی بنیادی دەقەکە هەمان بنیادی خاسیەتی بابەتیانەی دەقەکە نییە و تەنیا کەرەستەیەکی سەرەتاییە، کە شاعیر دەیەوێت سنوورێکی باریك لەبەش بەش بوون و دابڕانی وێنەکانەوە بێنێتەکایەوە.

(ڕێزمانی کۆڵانەکان) لەرووکەشدا گەشتی خودێکە بەناو ئەو گەردوونە سیحری و ئەفسانەییانەی، کە لەشێوەی کێشەی بەسەرهات و مێژووی کەسایەتیی خودەوە نەخشەی بۆ کێشراوە، گەڕان هەروەك گەشتێکی بزر و نەناسیاوە، ئامانجیش ئەگەر چی بزرە، بەڵام لەوەی ئەو خودە

شمشێرێکی پێیە و لەدوا دێڕدا، تەنیا شمشێرەکەی لەو خودە دەمێنێتەوە و شاعیر بەشێوەیەکی سەردی و بەراناوی (من) بۆمانی دەگێڕێتەوە و ئەم گەشتەش ئاماژە بۆ کردنی گەلێك زۆرە لەدەقەکەدا، ئاماژ بۆ کردنەکانی گەشتەکە و شوێنی گەشتەکە بەشێوەی یەك لەدوای یەك ئاماژەی بۆ کراوە و بەچەند وەسف و پێناسەیەکی نادیار و ئالۆز پێمانی دەناسێنێ. جارێك ناوی دەنێت کۆچی بێ سەرو شوێن.

**وەفادارتم ئەی کۆچی بێسەر و شوێن**

جارێکی تریش بە (باخچەی حەوشە) ئاماژەی بۆ دەکات:

**مادام مەحکوومم بەوەی**

**بچمە باخچەی حەوشە و لەسەر**

**کورسی حەیزەران دانیشم**

جارێکی تریش هەروەك پەیوەندی کردن بەجیهانێکی ترەوە ئاماژەی بۆ کراوە:

**لەپشت ئەم سێبەر و پەنجەرەیە**

**چیمان پێدەکرێ**

**دەتوانین پێوەندی بەکێوە بکەین**

یان بە (گەڕەکەکانی دۆزەخ) ئاماژەی بۆ دەکات:

**ڕێنماییم کرد لەگەڵم بێتە**

**گەڕەکەکانی دۆزەخ**

لەلایەکی تریشدا، ئەم گەشتە وەك گەشتێکە سنوورەکانی لەبەردەمدا هەڵدەوەشێنەوە.

**دەمەوێ بچمە پانایی زەوی بە**

**ئارەزووی خۆم پێیدابسوورێمەوە**

جگە لەم ئاماژە بۆ کردنە وەسفیانەی شاعیر، کە بەم گەڕان و گەشتەی دەبەخشێت. شاعیر مەبەستی لەم گەشتەی بەتەواوەتی روون ناکاتەوە لەدەلالەتەکانی زەمەنی و لەدەلالەتەکانی باری روحی و دەروونی کەسایەتییەوە، وا پێ دەچێت (ڕێزمانی کۆڵانەکان) لەهەردوو دەقەکەی تر زیاتر بابەتی بەش بەش و وێنەی شیعری بەش بەش گرتووەتە خۆی و لەزۆربەی بەش و وێنەکاندا دابڕانێکی واتا دەکەوێتە بەرچاو.

شاعیر بەچەند ئاماژە بۆ کردن و جووڵە و گواستنەوە لەباری کەسایەتیی شیعرەکەوە ئەم گەشتەی دەخاتەڕوو، ئەم گەڕان و گەشتەی

شاعیر هەروەك ئەو بارە سەپێنراوەیە، کـە دەچـێتە گیـانی مرۆڤـەوە لەکێـشەکەی لەژیانـدا، هەرچـەندە مەحکومـە بـەوەی ئـەم گەشـتەی ئەنجامبدات، لەراستیدا ئـەو گەشـتە گەشـتێکە بـەناو فـەنا بـوونی خـود، گەشتێکە بەناو دەلالەتـەکانی نـەمان و نغرۆبوون لەشێوەی بوون و نەبووندا، گەشـتێکە بـەناو لـەدایك بـوونی جوانییـەکانی بـوون، کـە مـرۆڤ بـەوە مـەحکوم دەکـات بـەم خاکـەوە پێگیربێـت. گەشـت لـەپێناوی دۆزینەوەی کێشە بناغەییـەکانی خـود لەپەیوەستەکانی بـەجیهانی دەرەوە، لەپەیوەندییـەکانی بـەوانی تـرەوە، بەڵام چۆن ئەم بۆچوونانە لەگەڵ هێڵـە سەرەکییەکانی ئەم دەقە و لەگەڵ دوا دێری شیعرەکەدا لێك دەدرێتـەوە وەك لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت:

**فیل خەریکی لێستنەوەی پەنجـەکانی خۆیەتی**

**شمشێرێکیش کەوتووە**

ئاخۆ کـەوتنی شمشێر لەناوچـوون و فەنابوونی خودە، یان دەست بـەرداری بوونی خودە لە کێشەکان. لەراستیدا لەهەنـدێك دەلالـەتی پـەرت و لابـەلاوە شاعیر چەند سیمایەکی جودا و بـەش بەش بەم کۆچ و بەم گەشتەی دەدات، هـەر لـەو کاتـەوەی دەڵێـت: (کەرتـە مۆمێـك محەجـەرەی دایـە دەسـتم) چـاویش (پـێش جەسـتەی دەچـێتە ژوورەوە) لەباخچەی حەوشەکەشدا ژن و پیاوێك هەن:

**قیامەتناسەکان ویژدانی زەوین**

**بەنهێنی پەنجەرە سەرگەردان بوونە**

هـەر وەك دەزانـین (قیامەتناسـەکان) هـەر ئـەو کەسانەن کـە سـیمایەکی روحیـی قووڵیـان هەیـە و لەگـەڕانێکی روحـی و سـۆفیزمانەی بەردەوامـدان، هـەروەك گـەڕان بـەدوای هـەرەس پـێ هێنـانی ئـەو بەربەسـتانەی، کـە خـود لەدەسـەڵاتی بـاڵا دوور دەخەنـەوە، بەڵام ئەوانیش هەروەك ئەم خودە وێڵە بـەنهێنی وردبوونەوەیـەکی سـەر ئـەم زەوییە سـەرگەردان بوونـە (پـەنجەرە) هەر لەدوای ئەم چـەند دێـڕەوە شـاعیر دەچـێتەوە سـەر شـیکردنەوەی یەکـەکانی دەلالـەت کـردن لـەگرفتاری بوونی خـود لـەم جیهانـە، بەوشتانەی کە پـەنجەرەیەکی ترن لەبـەردەم مـرۆڤ

و خود بەرەو تێڕامان دەبەن.

خودا گرشە گرشی ئەستێرەکانی
بەمنی جوانیویست فرۆشت

یان ئەم ئاماژە بۆ کردنەی، کە لەسەرەتاوە بۆ لەناوچوونی مرۆڤ هێنراوەتەوە بۆ گەشتی خود لەمردن و لەناوچووندا بەچ شێوەیەك دەربڕینی لێ کراوە:

باران گۆرانی ژیاننووس
ئاو لەهەناوی هەور بەشکۆمەندێکی
میهرەبان خرۆشاوە
بەهار لێفە ئەستوورەکانی
لەهاوولاتیان وەرگرتەوە
بەتانی تەنکی دانێ
زەوی باڵق بوو
ستایشی داروپەردووی ئاسمان و
گەرمبوونی خوێنی ناوڕامانی دەکات
گیای ئەزەلیبوون تێکسمڕا
چەقۆیەکی دایە برادەرەکەی و
پێیگوت
دەتوانی لەم چاڵە بچووکەی جەستەم
ئاسمان بنێژی
ئێمە هەموومان بەفەرمانی سروشت
تێکەڵ خوێنی ڕژاوبووین

یان لەوێنەیەکی تردا دەڵێت:

فیل شفرەی لەددانمدا
خوێنێکی گەرم ڕژایە ناودەمم

هەروەك سەرنج دەدەین دوا دێڕی شیعرەکە لەگەڵ هەندێك لەم ئاماژە بۆ کردنانەی سەرەوەدا یەك دەگرێتەوە.

شمشێرێك کەوتووە ← ئاماژە کردنێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ← لەناوچوونی خود

فیل پەنجەکانی خۆی دەلێسێتەوە ← ئاماژە بۆ کردنێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ لەناوچوونی کەسایەتی

ئێمە هەموومان بەفەرمانی
سروشت تێکەڵ بەخوێنی ڕژاوبووین ← ئاماژەکردنە بۆ ← حەتمیەتی فەنابوون

خوێنێکی گەرم ڕژایە ناودەمم
خوێنی گەرمی مردووان ← ئاماژەکردنە بۆ ← کێشەی مردن

کەواتە ئەگەربێتو گەشتی مردن و لەناوچوون، ببێە گەشتی ڕوح و جەستەی خود و لەناوچوونیان لەدووتوێی گەڕانی خوددا بەدوای نەمری و مانەوە، ئەو نەمریەی بەرەو تێکەڵییەکی ڕوحی دەچێت، بەرەو تێکەڵییەکی سۆفیزمانە و

توانەوەیـەکی سـۆفیزمانە دەچـێت لەگـەڵ عەشـقی نـەمری و عەشـقی دەسەڵاتی باڵا.

ئاوی نـەمریی بۆ هەمیشەیی دیلمان دەکات ← گرفتـاری بـوونی ئـەزەلیی خود بە نەمری.

یان

**ئەوەی باوەڕبێنی بەرۆیشتن نائومێد نابێت**

**خەڵاتی رۆحی خـۆمی پێدەبەخـشم تـا بەهێز بێت**

خەڵاتی روح و بەخشینی خەڵاتی روح، دۆزینـەوەی ئـاوی نـەمری و گرفتـاری بوونمـان پێـی، ئـەو دوو بناغـە زۆر گرینگەن، کە ئەم دەقەی لەسەر بنیاد نـراوە کـە، خـەڵاتی رۆح ← مردنـی جەستەیە.

کەواتە ئـەو (پەنجەرە)یـەی کـە خـود دیل و قیامەتناسەکان گرفتار دەکات و دەلالـــەتێکی بنـــەڕەتی روحـــی و فەلـــسەفەی بەتێکـــەڵ بـــوون و وردبوونەوەی روانینەکانی خود دەکات لەسروشتدا، ئەو پەنجەرە ئـەو دەرگا ســـیحری و ئەفـــسانەیی و تەلیـــسماوییەیە، کـــە لەوانەیـــە پەنجەرەی بەنەمری بوونی خود بێت، گـەڕان بـەدوای نـەمری لەناوچـوونی شتەکانەوە، لەناوچـوونی جەسـتەوە، لەدژایـەتی بـوون و هەڵگەڕانـەوە و سروشـت لـەم هیوایـەی مرۆڤـدا، داهێنـانێکی نـوێ وردبوونەوەیـەکی تـازەی خـودە لـەخۆی و لەنـەمریی هەروەك دەرچوونێك لـەو دەلالەتانـەی حەتمییەتی مردن و لەناوچوون بەسەر خـوددا دەدەن، ئـەو خـودەی گیـای تێکـــسمڕاوی بـــەهار و جـــوانیی گرشەگرشـــی ئەســـتێرەکان و ئـــەو خـودەی لەهـەوڵی روح و پەلـە قـاژەی روحدایـە بـۆ دەرچـوون لەبازنـەی توانەوە لەزەمەن و دابەش بوونی کات و زەمەنـەکان لەمێـژووی کەسایەتیدا، لەناوچوونی خۆی بەرجەستە دەکات بەرانبەر بەنەمریی ئـەوان، ئـەو خـودە هیوایەك لەدڵیدا لـەدایك دەبێت، ئـەو هیوایـەی هـەر وەك دۆزینـەوەی ئـەو ئاوە ئەفسانەییە، کە نـەمری بـەخود دەبەخشێت، هەروەك ئەو ئەفسانانەی بـاس لەنـەمری بـوونی خـود دەکـەن لەدۆزینـەوەی سێوی نـەمری و ئـاوی نـەمری. کەواتـە گـەڕانی شـاعیر،

ئەگەرچی گەڕانێکی سۆفیزمانەیە، بەڵام ئەم گەڕانە لەهەمان کاتدا گەڕانە بەدوای سیحری مانەوە لەسروشتدا. ئەو سیحرەی هەموو تەلیسم و هەموو نەفرەتەکانی خود لەم جیهانە لێک داوە و لەگیانی شتەکانەوە گیانی خۆی دەناسێتەوە، ئەم هەستەی خود بە لەناوچوون، لەهەستی بەش بەش بوون و دابڕان و نامۆییەکی فەلسەفیانەوە لەدایك دەبێت، هەروەك ئەو جەستەی لەگەڵ مردنی وەرزێك و زیندووبوونەوەی لە وەرزێکی تردا، هەروەك کۆچی باڵندە و گەڕانەوەیان، هەروەك بزربوونی ئەو ئاوەی نەمری بەخود دەبەخشێ.


نشوستی شاعیر لەدۆزینەوەی جێگرەوەیەك، بۆ لەناوچوون، بەرجەستەی بوونی مردنی کەسایەتیی خودە لە هەوڵە روحەکانیدا هەوڵی روح لەمانەوە لەدەرچوون لەفەناو نەمان، نەفرەتێکی ئەزەلییە، مردنی روحیش هاو واتایە لەگەڵ گومڕایی ئەزەلیی روح لەبووندا، هیچ هەوڵێك و هیچ گەڕانێك دادی ئەم خودە نادەن لەجیهاندا. مردنی روح هەروەك ئەفسانەی دەست لێوەشاندن و بەسحربوون و بە تەلیسم کردنی روحە:

**شتێک لەروحم روودەدات**

**هەرەسی روح**

ئەم دەست لێدان و هەرەس هێنانەی روح پیسبوونی روحی مرۆڤە بەنەفرەتێکی ئەزەلی، کە نە (ئەسپی فرزەند) و نە (ئاوێنەی جادووگەر) نەکرانەوە و نەمانی (تەلیسمەکان) نایگەیەنێتە ئەو ئاستەی بگاتە نەمرییەکی ئەزەلی و بگاتە خاسیەتی یەکەمینی خەڵقەندە کە تاکە هێز و خەڵقەندەیەکی باڵابووە لەلای خوداوەند، کە تاکە روحێك بووە لەلای خوداوەند، هەموو شکۆمەندییەکی ئەزەلیی پێ بەخشراوە، گەشتی خود و کۆتایی پێ هاتنی، لەدیمەنی ژن و پیاوێکدا تەواو دەبێ، کە دانیشتوونە و هەر وەك ئێمەمانان ژیانی رۆژانە بەسەر دەبەن چا دەخۆنە، کێك دروست دەکان، تەباخ و فرنییان هەیە؛ لەسەر کورسی حەیزەران دادەنیشن، خودیش گیانێکی غەریب و نەناسینەوە و فیلێك دەمی خۆی دەلێسێتەوە و خود لەناو دەبات و

شمشێرەکەی لەدوا بەجێ دەمێنێ، ئەم بەجێ مانەی شمشێریش گریمانی گەشتی بەردەوام بەدوای نەمریدا، وەك خۆی دەهێڵێتەوە، لێرەشدا فەنابوون بناغەی گەشتی روحە.




**سەرچاوە:**


سەباح ڕەنجدەر، ڕووەکەکانی خوداوەند (دیوانی شیعر)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.

١ـ دەقی: جەنگی پرسیار، ل ٦١ تا ٩٥.

٢ـ دەقی: مەرگی ئاوێنە، ل ٩٧ تا ١٤٠.

٣- دقی: رێزمانی کۆڵانەکان، ١٤١ تا ١٨١.

# مۆرفیمی /- ە/ لەڕێزمانی کوردیدا

د. ئومێد بەرزان برزۆ
کۆلیژی پەروەردەی خانەقین

بەشی دووەم و کۆتایی

٦- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە پاشکۆی وشەی نیشانە:

ئەم مۆرفیمە دەبێتە پاشکۆی وشەی نیشانە (ئەم/ئەو ـــــ ە)و ناوە دەستنیشانکراوەکە دەکەوێتە نێوانیانەوە، لەکاتێکدا:

ئەگەر ناوەکە دەستنیشانکراوەکە بەپیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبو، مۆرفیمی /- ە/ دەخرێتە کۆتایی ناوەکەوە، وەك:

ئەم + گوڵ + ە = ئەم گوڵە

ئەو + ژن + ە = ئەو ژنە

ئەم + کوردستان + ە = ئەم کوردستانە

ئەو + مزرەسێو + ە = ئەو مزرەسێوە

ئەگەر ناوەکە دەستنیشانکراوەکە بەپیتی بزوێنی (ە ، ێ ، ی ، ۆ ، ا) کۆتایی هاتبو، ئەوا پیتی ناوبڕی (ی) دەچێتە نێوان ناوەکەو مۆرفیمی /- ە/وە، وەك:

ئەم + پەنجەرە + یـ + ە = ئەم پەنجەرەیە

ئەم + لادێ + یـ + ە = ئەم لادێیە

ئەو + کانی + یـ + ە = ئەو کانییە

ئەو + چەقۆ + یـ + ە = ئەو چەقۆیە

ئەو + مامۆستا + یـ + ە = ئەو مامۆستایە

ئەگەر ناوەکە دەستنیشانکراوەکە بەپیتی بزوێنی (و) کۆتایی هاتبو، ئەوا پیتی

ناوبڕی (و) دەچێتە نێوان ناوەکەو مۆرفیمی /- ە/وە، وەك:

ئەم + دەزو + و + ە = ئەم دەزووە

ئەو + مورو + و + ە = ئەو مورووە

ئەگەر ناوەکە دەستنیشانکراوەکە لەشێوەی کۆدا بو، واتە نیشانەی کۆ (ان) لەسەر ناوەکە بو، ئەوا مۆرفیمی /- ە/ دەخرێتە دوایی نیشانەی کۆوە، وەك:

ئەم + پیاو + ان + ە = ئەم پیاوانە

ئەو + پەنجەرە + ان + ە = ئەو پەنجەرانە

٧- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە پێشناو و جێگرەپێشناو:

١- مۆرفیمی /- ە/ وەك پێشناو:

ا- مۆرفیمی /- ە/ وەك مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی دەبێتە پێشناو، بەشێوەیەکی گشتی یەکێ لەم ئاوەڵکردارانە لەدوای کردارەکەوە دەردەکەوێ، وەك (ناو، نزیك، لا، سەر، ژێر، تەنیشت، ژور، پێش، دوا ....تاد)، بۆ نموونە:

پارەکەم خستە ناو دۆڵابەکەوە

ئاوەکەم ڕشتە سەر زەوی

کەوتمە نزیك تۆ

منداڵەکان چونە ناو ڕوبارەکەوە

منداڵەکە کەوتە ناو چاڵەکەوە

ب- هەروەها مۆرفیمی /- ە/ وەك پێشناو دەکەوێتە دوای ئەو کردارانەی لەچاوگی (خستن، کردن، هێنان، کەوتن، هاتن، ...تاد)ەوە وەرگیراون، وەکو کردارێکی یاریدەدەر کە لەگەڵ کردارێکی تر یان چاوگێك یان ناوێکدا بەکارهێنراون بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکان، بۆ نموونە:

ئازاد منداڵەکەی کردە گریان

منداڵەکە سەگەکەی هێنایە وەڕاندن

ئاشەوانەکە ئاشەکەی خستە گەڕ

چاکە هاتە کولْ

منداڵەکە کەوتە گریان

هەژارەکە کەوتە پاڕانەوە

٢- مۆرفیمی /- ە/ وەك جێگرەپێشناوی /بە-/:

مۆرفیمی /- ە/ وەك جێگرەپێشناو دەتوانێ جێگری پێشناوی /بە-/ بکاتو هەمان ئەركو واتا لەڕستەدا جێبەجێ بکات، ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ناوێك یان جێناوێکی کەسی دەکەونە پاش کردارەکەوەو چەمکی گوێزانەوە دەبەخشن، بۆ نموونە:

بو بە پیاو ⟵ بووە پیاو

گەیشتم بە تۆ ⟵ گەیشتمە تۆ

کتێبەکە دەدەم بە تۆ ⟵ کتێبەکە دەدەمە تۆ

کردم بە پیاو ⟵ کردمە پیاو

هەروەها پێشناوی /بە-/ هەندێکجار لەگەڵ پاشناوی /- دا/ دەردەکەوێ وەك /بە ...... دا/، مۆرفیمی /- ە/ش بەهەمان شێوە هەندێکجار دەتوانێ وەك جێگرەپێشناو لەڕوخساری /ە ..... دا/ دەربکەوێ، بۆ نموونە:

دەیکرد بە ئاودا ⟵ دەیکردە ئاودا

٣- مۆرفیمی /- ە/ وەك جێگرەپێشناوی /بۆ-/:

مۆرفیمی /- ە/ دەتوانێ جێگای پێشناوی /بۆ-/ بگرێتەوەو ببێتە جێگرەپێشناو، بەشێوەیەکی گشتی تەنها ئاوەڵکرداری شوێنی بەدوایدا دێ، بۆ نموونە:

دەچین بۆ سەیران ⟵ دەچینە سەیران

کاوە هات بۆ لامان ⟵ کاوە هاتە لامان

دەیبەم بۆ بازار ⟵ دەیبەمە بازار

برۆن بۆ دەرێ ⟵ برۆنە دەرێ

**پەراوێزەکان:**

(١) شایانی باسە ئەبوبەکر عومەر قادر ڕای وایە، کە مۆرفیمی /- ە/ ئاسایی لەگەڵ ئەو ناوانەدا دێت، کە دوادەنگیان نەبزوێنە، بڕوانە:[ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردیو فارسیدا، ل (٣٣)].

(٢) ئەبوبەکر عومەر قادر ئەم مۆرفیمەی بەئامرازی بەستن/لێکدەر داناوە، بڕوانە:[سەرچاوەی پێشو، ل (٥٦)].

(٣) شایانی باسە عەبدولوەهاب خالد موسا ئەم لایەنەی بەباشی ڕونکردووەتەوە، بەکورتی ئەو بۆچونانە دەخەینەڕو:

١- هەندێ لەڕێزماننوسان مۆرفیمی /- ە/ بەکرداری ناتەواوی (بون) بۆ دەمی ئێستا دادەنێنن؟

بەڵام فۆرمی /- ە/ کردار نییەو پەیوەندیی بەڕەچەڵەکی (بون)ەوە نییە، چونکە لەڕستەی کاتی ئێستادا کردار دەرناکەوێو دەبێتە سفر (Ø)و کردارەکەش بریتییە لە (بـ) کە ڕەگی چاوگی (بون)ە و تاکە ڕەگێکیشە بتوانێ ببێتە مۆرفیمی سفر (Ø)، بۆ نموونە:

| ڕستە | بکەر | ڕەگی کردار | م. ئێستا | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| منم | من | Ø | Ø | م |
| تۆی | تۆ | Ø | Ø | ی |
| ئەوە | ئەو | Ø | ە | Ø |
| ئێمەین | ئێمە | Ø | Ø | ین |
| ئێوەن | ئێوە | Ø | Ø | ن |
| ئەوانن | ئەوان | Ø | Ø | ن |

دەبینین ڕەگی کردارەکە (بـ) لەهەمویاندا دەبێتە سفرو دەرناکەوێ، چونکە

ئەگەر دەربکەوێ واتای ڕستەکە لەهەواڵدانەوە دەگۆڕێ بۆ داخوازی یان بۆ فەرماندان، کە لەبنەڕەتدا مەبەستی قسەکەر هەواڵدانە، بۆ نموونە:

| ڕستەی هەواڵی | بکەر | ڕەگی کردار | م. ئێستا | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| پیاوم | پیاو | Ø | Ø | م |
| پیاوی | پیاو | Ø | Ø | ی |
| پیاوە | پیاو | Ø | ە | Ø |
| پیاوین | پیاو | Ø | Ø | ین |
| پیاون | پیاو | Ø | Ø | ن |
| پیاون | پیاو | Ø | Ø | ن |

| ڕستەی داخوازی | بکەر | ڕەگی کردار | م. ئێستا | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| پیاوبم | پیاو | بـ | Ø | م |
| پیاوبی | پیاو | بـ | Ø | ی |
| پیاوبێ | پیاو | بـ | Ø | ێ |
| پیاوبین | پیاو | بـ | Ø | ین |
| پیاوبن | پیاو | بـ | Ø | ن |
| پیاوبن | پیاو | بـ | Ø | ن |

| ڕستەی فەرماندان | بکەر | ڕەگی کردار | م. ئێستا | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| پیاو بە | پیاو | بـ | Ø | ە |

بەڵام هەندێکی تریان ڕایان وایە، مۆرفیمی /- ە/ جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە لەدەستەی دووەم، کە ئەمانەن (م ، یت ، ە ، ین ، ن ، ن)؟

سەرەتا جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم بریتین لە (م ، ی ، Ø ، ین ، ن ، ن)و بەشداری لەداڕشتنی کردارەکاندا دەکەن‌و دەوری ڕێککەوتن دەبینن، بەڵام

مۆرفیمی /- ە/ لەڕستەی کاتی ئێستادا نابێتە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، چونکە لەهەمو کەسەکاندا جێناوی لکاوی ڕێککەوتن لەگەڵ کەسەکاندا دەردەکەوێ، بەمەش مۆرفیمی کاتی ئێستا /- ە/ دەرناکەوێو دەبێتە سفر (Ø)، تەنیا لەکەسی سێیەمی تاکدا لەبەرئەوەی جێناوە لکاوەکە سفرە (Ø)و دەرناکەوێ، بۆیە مۆرفیمی کاتی ئێستا دەردەکەوێ، بۆ نموونە:

| ڕستە | بکەر | تەواوکەر | ڕەگی کردار | م. ئێستا | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|
| من کوردم | من | کورد | Ø | Ø | م |
| تۆ کوردی | تۆ | کورد | Ø | Ø | ی |
| ئەو کوردە | ئەو | کورد | Ø | ە | Ø |
| ئێمە کوردین | ئێمە | کورد | Ø | Ø | ین |
| ئێوە کوردن | ئێوە | کورد | Ø | Ø | ن |
| ئەوان کوردن | ئەوان | کورد | Ø | Ø | ن |

هەروەها هەندێکی تریان مۆرفیمی /- ە/ بەکرداری یاریدەدەر دادەنێن؟

مۆرفیمی /- ە/ کرداری یاریدەدەر نییەو پەیوەندی بەکرداری (بون)ەوە نییە، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ، لەهەندێ باردا کرداری (بون) دەبێتە کرداری یاریدەدەر، وەك (چوبو، چوبێ، دەبو بچێ، چوبوایە، دەبێ بچێ، ....)، بەمەرجێ:

کردارێکی لەگەڵدا هاتبێ.

کردارە سەرەکییەکەو گەردانی (بون) هاوبەش بن لەتوخم (کەس)ی ڕستەکە.

بەلادانی گەردانی (بون)ەکە واتای ئاراییو کات کەم ببێتەوە.

[بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عەبدولوەهاب خالد موسا، ڕێزمانی (بونو هەبون) لەکوردیدا، ل (٩)]

## ئەنجامەکان:

لەکۆتاییدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

ا/ لەوشەسازیدا:

١- مۆرفیمی /- ە/ وەکو پاشگر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەدارشتنی وشەو بنیاتنانی وشەی نوێ بەشێوەیەکی چالاك و کارا، بەمەش وشەی دارێژراو دروستدەکەن.

٢- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە ناوبەند بۆ پێکەوەبەستنی دو وشە، بەمەش وشەی لێکدراو دروستدەکەن.

ب/ لەرستەسازیدا:

٣- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە مۆرفیمی ناسراویو دەچێتە سەر ناوێکی گشتی، بەمەش ناوەکە ناسراو دەکات.

٤- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە مۆرفیمی بانگکردنو دەچێتە سەر ناوی گشتیو تایبەتی بەمەبەستی ورياكردنەوەو ئاگاداركردنەوەی بانگكراو.

٥- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە مۆرفیمی کاتی ئێستاو بەشداری لەدارشتنی کاری بونی بونایەتیو بونی هەبونو بونی هەیی بۆ ئێستا دەکات.

٦- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك لەڕێژەی کرداری فەرماندا.

٧- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە مۆرفیمی خستنەپاڵ، کە دیارخەرو دیارخراو بەیەکەوە دەبەستێو گرێیەکی ناوی فراوانکراو دروستدەکات.

٨- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە پاشکۆی وشەی نیشانە (ئەم/ئەو .... ە)و دەکەوێتە کۆتایی ناوە دەستنیشانکراوەکەوە.

٩- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە پێشناو، بەمەش ئاوەڵکردارێك یا کردارێك یا چاوگێك یا ناوێك بەدوایدا دێ.

١٠- مۆرفیمی /- ە/ دەتوانێ جێگری پێشناوی /بە-/ بکاتو ببێتە جێگرەپێشناو، بەمەش تەنها ناو و جێناوی کەسی بەدوادا دێ.

١١- مۆرفیمی /- ە/ جێگای پێشناوی /بۆ-/ دەگرێتەوەو دەبێتە جێگرەپێشناو، بەشێوەیەکی گشتی ئاوەڵکرداری شوێنی بەدوادا دێ.

**سەرچاوەکان:**


١- ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەرۆنان لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف، مۆرفۆلۆجی - ناو، بەغدا، ١٩٧٨.

٣- ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣.

٤- ئومێد بەرزان برزو، ناوبڕ لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری گیرفان، ژمارە (١٤و١٥)، ٢٠٠٩.

٤- دلشاد محەمەد غەریب، مۆرفیمەکانی (بە) لەدیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد) - زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٤.

٥- شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی ڕێزمانی بوونو هەبوون، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

٦- شێرکۆ بابان، ڕێزمانی مۆرفیمی ئێستایی (ە)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٠)، ١٩٩٨.

٧- شێرکۆ بابان، چەند نهێنیەك لەڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی (ە)دا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٥٢)، هەولێر، ٢٠٠٠.

٨- عەبدولوەهاب خالد موسا، ڕێزمانی (بون و هەبون) لەکوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٠.

٩- لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، چاپخانەی چوارتا، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٠- لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی

گشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی شەعب، بەغدا، ٢٠٠٤.
١١- لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی جیکۆر، بەغدا، ٢٠٠٦.
١٢- نازەنین جەلال ئەحمەد، وشەی لێکدراو لەدیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد) - زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٤.
١٣- نوری عەلی ئەمین، دەوری پیتە بزوێنی (ە) لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١)، بەغدا، ١٩٨٦.
١٤- وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر، ٢٠٠٤.

# مشتێك لە خەرواری دەربڕینی شێوەزاری دەڤری پشدەر

ئامادەکردنی
محەمەد ئەحمەد خدر

بەسەرپەرشتی
نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

## پێناسەیەکی کورتی قەزای قەڵادزێ

قـەزای قـەڵادزێ یەکێکـە لەوحـەوت قەزایانـەی کـە سـەر بـەپاریزگای سلێمانییە.دەکەوێتـە ناوچـەی بـاکووری رۆژ هـەلاتی عێـراق ،رووبەرەکـەی دەخەملێنرێ بە (١٤١٢) کیلۆمەتر، لەپێنج ناحیە(هێرۆ – هەلشۆ – ئیسێوە – سەنگەسـەر – ژاراوە) پێکهـاتووە. سـەرجەم گونـدەکانی ئـەم قەزایـە (١٧٨) گونـدن، دانیـشتوانەکانی نزیکـەی (١٠٦,٠٠٠ بـۆ ١١٠,٠٠٠) هەزارکـەس دەبـن. چـەندین عەشـیرەت و تـیرەی جۆراوجـۆر لـە ناوچـەکەدا نیشتەجێن،لەوانە (نـورەدینی، مـیراودەلی، مامـەش، مەنگور،سـەگر، ئاکۆرەشـکە، جانەرەشکە...هتد).

پێکهاتەی هەریەك لەوتیرە وعەشیرەتانە بۆتە هۆی بوونی جیاواز لـە ئاخاوتندا، بۆیە بە تێکەڵبوونی دانیشتوانەکانی لـەم دەڤـەرەدا، رێگـای خۆش کـردووە بـۆ دەرکەوتنی، یاخود بوونی شێوازێك، کـە تارادەیـەك جیـاوازە لـە شـێوەزارەکانی تری دانیشتوانی کوردستان. جیاوازی ئاخاوتن بەتایبـەتی لـەڕووی وشـەوە لـەوە دەردەکـەویت، کـە قـسەپێکەرانی عەشـیرەتەکانی مـەنگوڕ و ئـاکۆ و مامـەش تـا ئەندازەیەك جیـاوازە لـە دانیـشتوانی ناوشـار و هەنـدێك لـە دەوروبـەری، بـەهۆی

ئەوەی  کە ئەوان زیاتر لەگوندەکاندا دەژین و ماونەتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە بەهۆی تیکەڵاوبوونی خەڵکی گوندو شار لەم ڕۆژگارەدا،تارادەیەك وشەی ناوچەیە لەرووی دەربڕینەوە بەرەو لاوازیی دەچێت و نزیك بوونەوەی لە وشەی ستاندەر زیاتر لەئارادایە.

## لێکوڵینەوەیە لە ڕێزمانی مەنگوڕایەتی لە پشدەر

مەنگوڕایەتی یەکێکە لە عەشیرەتەکانی ناوچەی پشدەر و دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری قەلادزێ ، هەروەها لە دەشت و بناری چیای قەندیل نیشتەجێن و ژمارەی گوندەکانی  نزیکەی (٤٢)و دووناحیەی دەکەوێتە سەر( ناحیەی ژاراوە) و (ناحیەی سەنگەسەر)، بەڵام زۆربەی دانیشتوانی ناحیەکان خەڵکی غەیری مەنگوڕایەتین.

ئەم لێکوڵینەوە ڕێزمانییە لەلایەن ماموستا ڕێبوار جەمال ئەشرەف کراوە،کە دەرچوی کۆلیژی زمان–بەشی کوردی –زانکۆی سلێمانییە، ئەم دوو بەڕێزە ئەرکی پێداچونەوەیان کردووە :

١–حەیدەر ڕەسول مینە .

٢– م .مستەفاسەید مینە.

باسەکە ٧بابەتی ڕێزمانییە، ئەوانیش:

جێناوی کەسی سەربەخۆ ، جیناوی کەسی لکاو ،ئامرازی نیشانە ،ئامرازی ناساندن ،جیاوازی نێوان نێر و مێ ،ئامرازی بانگکردن ،ئامرازی  سەرسوڕمان)

بابەتی یەکەم|

جێناوە کەسییە سەربەخۆکان بەم جۆرە دەردەکەون:

| جێناوی کەسی سەربەخۆ | تاک | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|
| | A | B | A | B |
| کەسی یەکەم | ئەمن | من | ئەمە | مە |
| کەسی دووەم | ئەتوو | توو | ئەو | وە |
| کە سی سێیەم | ئەو | وی ،وێ | ئەوان | وان |

تێبینی /کەسی سێیەمی تاك کۆمەلەی (٢)بۆ نێر (وی) وبۆ مێ (وێ)بەکاردێ ، لەڕستەدا جێناوی سەربەخۆی کۆمەلەی (١)دەردەکەوێ ،کاتێك ئەرکی بکەر یان تەواوکەری راستەوخۆ ببینن.

(١)ئەگەر ئەگەر بکەر ببینن:نموونە

-ئەمن هاتم .-ئەمە هاتین . -ئەو هات .

-ئەتوو هاتی. -ئەوە هاتن . -ئەوان هاتن .

(٢)ئەگەر ئەرکی تەواوکەری راستەوخۆ ببینن:نموونە

-ئەو ئەمن دەبینێ .---ئەو ئەمە دەبینێ.

- ئەو ئەتوو دەبینیێ.----ئەو ئەوە دەبینێ

لە هەموو ئەرکەکانی دیکەدا کۆمەلە جێناوی سەربەخوی کۆمەلەی ٢دەردەکەوێ:

-دێتە مالی من .-----دێتە مالی مە .

-دێتە مالیێ توو.-----دێتە مالێ وە.

-دێتە مالێ وی، دێتە مالێ وی.----دێتە مالێ وان.

بابەتی دووەم /جێناوی کەسی لکاو کە بەم جۆرە دەردەکەون :

| جێناوی لکاو | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| کەسی یەکەم | م | ن |
| کەسی دووەم | ت | و |
| کەسی سێیەم | ی | یان |

ئەگەر سەرنج بدەین ،دەبینین لەبری (مان) کە جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆیە(ن)بەکار هاتووە .هەروەها لەبری (تان )کە جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆیە(و)بەکارهاتووە.

نموونە

١-کەسی یەکەمی کۆ (ن) :کتێبین فرۆشتن .

٢ - کەسی دوزوەمی کۆ (و):کتێبو فرۆشتن .

**بابەتی سێەم /ئامرازی نیشانە**

ئامرازی نیشانە بە م جورە دەردەکەوێت

| | | |
|---|---|---|
| نزیك | ئەوی----گوندی ئەوی . | |
| | ی-----بەرەی گەورەیە | |
| دوور | ئەو----گوندی ئەو | |
| | ی----بەری بچووکە | |

**بابەتی چوارەم/ئامرازی ناساندن**

١- ئامرازی ناساندن بە پێی ڕەگەز جیاوازە و دەگوڕدرێ ،بۆ نێر(ەکی)بەکار دێ ،گەربچیتە سەر ناودەیکات بە ناسراو:

| ڕەگەز | ناو | ئامراز | ڕستە |
|---|---|---|---|
| نێر | کوڕ | ەکە | کوڕەکە دەبینم |
| مێ | کچ | ەکێ | کچەکێ دەبینم |

٢- پیتە بزوینی(ە)دەتوانێ ببێتە ئامرازی ناساندن،بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ:

| ڕەگەز | ناو | ئامراز | ڕستە |
|---|---|---|---|
| نێر | کور | ە | کوڕە هات |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مێ | کێ | ە | کچە هات |

**بابەتی پینجەم/جیاوازی نیوان نێر و مێ**

جیاوازی لە نێوان نێرو مێدا هەیە،ئامرازی (ی)بۆنێرو ئامرازی (ێ)بۆ مێ،وەك پاشگر لەدوای ناوەوە بەکاردێت:

| ڕەگەز | ئامراز | ڕستە |
|---|---|---|
| نێر | ی | قەلەمەکەی بو ئەحمەد هێنا |
| مێ | ێ | قەلەمەکەی بۆ ئایشێ هێنا |

**بابەتی شەشەم/ئامرازی بانگکردن**

١- جیاوازی هەیە لەنێوان بانگکردنی نێر و مێدا، بۆ نێر ئامرازی (ە)و بۆ مێ ئامرازی (ێ)بەکاردی:

| ڕەگەز | ئامراز | ڕستە |
|---|---|---|
| نێر | ە | کوڕە وەرە |
| مێ | ێ | کچێ وەرە |

٢-هەروەها هەندێك ئامرازی دیکە هەن کە بۆ بانگکردن بەکاردێن :وەك پێشگر دەچنە سە ر ناوی تایبەتن بە ژنان:

| ژ | ئامراز | شێوازی بانگکردن |
|---|---|---|
| ١ | یا | یا خاتوون |
| ٢ | یای | یای هەمین |
| ٣ | بووك | بووك نازدار |
| ٤ | خات | خات بە سێ |

**بابەتی حەوتەم /ئامرازی سەرسوڕمان**

جەند ئامرازێك هەیە کە بۆ سەرسوڕمان بەکاردێن، وەك

(ئەح،ئێح،پیاح،حەی،حەی حەی، ها ،حەللەلا، مالۆکەتە، مالتە، ئەی مالمە، ئەه، پف، پەککو،حەککو،تەککو،ئەیرۆ، ئەییەرۆ)

نموونە: ئەح لەو شاخە بەرزە .

جێناوی کەسی

ئەو جێناوە کەسییە سەربەخۆیانەی،کە لە لێکۆلینەوەی مەنگوڕایەتی ئامازەیان بۆ کراوە، لەزۆربەی سنوورەکەدا بە هەمان شێوە بەکاردێت،جگە لەمانیش ئەم حاڵەتانەی خوارەوە بەدەر دەکەوێت:

١جێناوی کەسی دووەمی کۆ لەجیاتی ئێوە ،جێناوی (ئەنگۆ)بەکار دێت:

واتا ئەنگۆ ------ئێوە

نموونە

| | | |
|---|---|---|
| ئەنگۆ هاتن | ئەنگۆ دەپرس | ئەمن هاتم ئەنگۆ لەوێ نەبوون |
| ئێوە هاتن | لە ئێوە دەپرسم | من هاتم ئێوە لەوێ نەبوون |

٢-جێناوی خۆیی(لەپخۆ)بەکاردەهێنریت

| | | |
|---|---|---|
| لەپخوم | لەپخۆمان | ڕستە |
| لەپخۆت | لەپخۆتان | لەپخۆ بەخێر بیت. |

٣- جێناوی (نەفی)

دوو وشە بەرامبەر بە جێناوی نەفی(هیچ)بەکار دەهێنرێت، ئەوانیش:

عەشتەبا ---هیچ ڕستە: مندلەکە عەشتەبای خوای ناخوات.

شتەقیان -------هیچ ڕستە: شتەقیان نەهاتون .

لێرەدا (عەشتەبا)بەرامبەر بەناو و کەلوپەل بەکاردەهێنرێت ،بەلام (شتەقیان ) مەبەست لە (کەسە )بەتایبەتی بۆ کەسی یەکەم و دووەم وکەسی سێیەمی کۆ بەکاردەهێنریت، وەك لەم ڕستانەدا

دوێنێ هاتم بو مالتان        شتەقیان لەوی نەبوون .  کەسی دووەمی کۆ

دوێنێ جوم بۆ مالیان شتە قیان لەوی نەبوون   .    کەسی سێیەمی کۆ

دوێنێ جوین بۆ سەیران شتاقمان لەماڵ نەبووین .    کەسی یەکەمی کۆ

جێناوی هەی کە لەزمانی کوردیدا(هی،ئی)یە،کە زۆر جاریش (هین)وەك جێناو ئاماژەی بۆ دەکری،دەکرێت ئەم بوجونەراست بێت، چونکە بەرامبەر بە(هین)لەم ناوچەیەدا(وانێك) بەکاردەهێنرێت،ئەم دەربڕینانەش بە پێی هاتنی لەڕستەدا دەبێتە (جێناو ،ناو،کار)، وەك لەم ڕستانە ی خوارەوە :

جێناو                    ناو                    کار

وانێك دیار نییە. وانێکەکەم لەسەر مێزەکە داناوە. وانێکە   بۆ ناچی بخەوی؟

کێ ئیدریس دیار نییە.چ کتیبەکەم لەسەر مێزەکە داناوە.دەلێم   بۆ ناچی بخەوی ؟

قسەکەر کاتێك روو لە گوێگر دەکات و بەم جۆرە دەدوێت ،ئاساییە بۆ جاری دووەم لە دووبارەکردنەوەی قسەکەدا،ناوی کەسەکە و ناوی شوێنەکە بهێنرێت، یاخود لەکاتی پرسیارکردندا لەلایەن گوێگرەوە،بەڵام سەبارەت بە بەکارهێنانی وەکو کار ،زیاتر دلنیابوون و خۆسازکردنە بۆ ئامادەکردنی پرسیارە کە و دەربڕینی، بۆیە ئەگەر نەشگوترێت ئاساییە:

هەندێك جاریش بە شێوەیەکی لاوازی جێناوی (ئێ)دەردەکەوێت بە تایبەتی لە کاتی وەڵامدانەوەدا وەك لەم ڕستانەدا:

ئەم کتێبە ئی کێ یە؟ -------ئێ منە .ئێ تۆیە . ئێ ویە

ئێ مەیە

ئێ وەیە

ئێ وانە

بۆیە لە هەندێك حاڵەتدا بۆ ڕەگەزی نێرو مێ کە جیاکراوەکەیان(ی)بۆ نێرو(ێ)بۆ مێیە لەم حاڵەتەدا تێکەلبوونێك ڕوودەدات لە جێناوی هەییدا.

٤جێناوی پرسیاری سەرەڕای فۆرمەکانی(کێ،کام،کامە،کامیان ،بۆ،چەند،.....هتد)

فۆرمی کێ هە،کێ هەیان بەکاردێت وەك :

کێ هە خوشکتە؟---کامە خوشکتە؟

کامە یان هی تۆیە؟--کامیان هی تۆیە؟----هاتنی دوو جێناو بە دوای یەکدا.

٥- ئامرازی سەرسوڕمان سەرجەم ئەو ئامرازانەیە کە لە بابەتی یەکەمدا باس کراوە.

٦- ئامرازی بانگکردن سەرەڕای (ە-ێ) کە باسی لێوە کراوە، زۆر جار ئامرازی (هۆ-هۆی) بەکاردەهێنرێت بەبێ جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ ، بە تایبەتی بۆ بانگکردنی دوور، وەکو:

هۆ رسو وەرەوە. هۆ شاهین لە کوێی؟

هۆ برایم وەرە ئێرە.

٧- جێناوی نیشانە بەم جۆرەش دەردەکەون:

| | تاك | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|
| نزیك | ئەهۆە | ئەمە | ئەهوانە | ئەمانە |
| دوور | هۆهۆە | ئەوە | هۆهوانە | ئەوانە |

--ئەهوە زیرەکە. —هۆهۆە زیرەکە.

—ئەهوانە زیرەکن. — هۆ هوانە زیرەکن.

| وشەی ناوچەیی وەکو(ناو) | بەرامبەری |
| --- | --- |
| سەهەند | تەشت |
| سوێنە،وسێن | حسێن |
| سە،کسوك | سەگ |
| سمغ | تیپ |
| سەنیر | سەرین |
| سبوغ | بۆیاغ |
| سێڵە | ساجی نان کردن |
| سوێرو | ریشۆڵە |
| سەلکە بزووت | داریك کە سەرێکی ئاگری پێوەیە |
| سیکەرۆ | هەڵوژە |
| سەر گوێلك | زبڵدان |
| سەلك | سەر |
| سمایل | ئیسماعیل |
| سرێشن | جێب (ئۆتۆمبیل) |
| سەبە | سەبری |
| ئەسرێلك | دەرمانێکە بۆ قاتی بزو(شاڵ) |
| ئەستووك | کولێرە |
| ئاروێ | خیار |

| وشەی ناوچەیی وەکو(ناو) | بەرامبەری |
| --- | --- |
| ئیماندار | پیاو چاك |
| ئیحلان | بەڵگەی هاوسەریەتی |
| ئاور | ئاگر |
| ئاوەڵ | برادەر |
| ئەستان | زستان |
| ئەنگوست،قامك | پەنجە |
| ئەستۆ | مل |
| ئامە | ئامین |
| ئێخدان | دۆلاب |
| ئەرنەك | شانەی ولاخ |
| ئەستێ | مەبەست لە بەرد وسێیە کە لەکوندا بۆ ئاگر کردنەوە بەکارهاتووە |
| هەوڕ | قاپ وقاجاغ |
| ماڵ | هۆڵ |
| هۆرە | قەلەمی نوک تیژ بۆدار قەڵاشتن |
| هومەر | عومر |
| هەرس | ورج |
| دەستەواو | بەنۆرە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| (وەك یارمەتی دانی یەكتر) | | شیپانە ،دەركە،دەرە ،زالك | دەرگا |
| دەرپێ | بێجامە | شاخ | چیا |
| دان ،كەڵپ | ددان | شـێرە | دارێكـی یـەك دوو |
| دێوجامـە | كـەولێ | مەترییـە دەخرێتـە سـەر گوێچكە | |
| ڕێوییە راوچی بەسەرخۆیدا دەكات بۆ | | سۆیبان | |
| ڕاوە كەو | | شەقاو | هەنگاو |
| دالاش | داڵ | شۆك | دۆشاوی ترێ |
| دوولینگە | قاتی ئەفەندی | شایەر،قام بێژ | گورانی بێژی میللی |
| داو | دەرزیو دورمان | شەوێلكە ،زار | دەم |
| داو | تەڵە (بۆگرتنی چۆلەكە) | شكایەت | سكاڵا |
| دەلاقە،تاقە | پەنجەرە | شەك | مەڕی دووساڵە |
| دش | خوشكی مێرد | شەوتێ ،نۆبەتێ | تای شەوانە و |
| دەسرە | دەسەسرِ | تا بەگشتی | |
| داك | دایك | شین | گریان |
| دێڵ | مێ | چۆم | چەم |
| عەرز | زەوی | چەكچو | ژەكوش |
| عەبول | عەبدولرەحمان | چێشتە بەرە | نان خـواردنی |
| عەزیا | ماری گەورە | نێوان بەیانیان و نیوەڕۆ (چێشتەنگاو) | |
| عولاّ | عبدالله | چوێلەكە | چۆلەكە |
| وەلات | ماڵ (مەبەست خانوو) | چەلاو | گۆشتاو |
| شتمەك (شتومەك) | كەلوپەل | چەرم | پێست |
| شەپیلك ،قۆڵ | شانی مرۆڤ | چۆك | ئەژنۆ |

| | |
|---|---|
| چەماغ | چەرخ بۆ ئاگر هەڵکردن |
| چاك | قەبرستان(گۆڕستان) |
| چوێشتیر | بزنی دووساڵە |
| چارەکە | بەرهەڵبینە |
| چخماغ | میللی تفەنگ |
| تیتك ،بسك | پرچ (کەزی) |
| تاوێر،گاشە | بەردێکی گەورە |
| رسم | بەردی ناو زەوی |
| خرك | بەردی پڕ بە چنگی |
| ترش | سماق |
| تاو | هەتاو |
| توتکە سە | گوجیلە سەگ |
| تێلیس | گونیە |
| تانە | چەبەرەی دروستکراو لە دار وەکو دەرگا |
| تاوڵ | رەشماڵ |
| تەم تومان | تۆزو خۆل |
| تفاق | خۆراکی ماڵات |
| تەرە کەمە | کەسێك یان ماڵێك کە خۆیان نەبێت |
| تاتە بەر | تەختە بەرد |

| | |
|---|---|
| توربێن | تورەگەیەك لە موو دروست کراوە |
| تێلەکە | کۆڵ (شتێك وەکوکۆلەپشت) |
| تویشوو، پێخۆر | نان و خۆراك |
| تفنك ،قەپۆز | لووت |
| تەسکەرە | پێناسەی کەسیەتی |
| نێرەوەز | نێرینە |
| نێو | ناو |
| نێوك | ناوك |
| نەوە | کوڕ و کچە زا |
| غەرغەرە | بکرە |
| غەربیل | بێژینگ بۆ گڵ بێشتنەوە. |
| کەشەڤ | سینی |
| کەڵەباب | کەلەشێر |
| کەلا | هەڵمات |
| کارگ | قارچك |
| کەنگر | کنگر |
| کولیجە | ناساجی |
| کۆجیلە | جامی قوری |
| بچووك | دەینوسێنن بە دارەوە،بنێشتی تێدەچێت |

کیژ    کچ    بەدەن    لەش
کۆخ    کۆخ    باشـوو    لـە دڵ بـچووکترە
کولانکـــە    کونێکـــە لـــە    چوڵەکە دەخوات
ناوەڕاستی ژووردایە دووکەلی ئاگردانی    باسک،بـــستوو،زینوو    ســـەرگرد
لێوە دەردەچێت    (بەرزاییەکی کەم)
کچوکە    کچی بچووک    بریسوو    هەورە تریشقە
کوروکە    کوڕی بچووک    بن هەنگل    بن شان
کێـك    بەهـــەموو جـۆرە    بسکویت    پسکیت
پسکیتێك دەوتریت    بیور    تەور
کـەژ    کێو،جەنـد    بریشکە    گوڵـە بەرۆژە،گەنمی
ڕۆژێکی خۆش دوای باران بارین    برژاو
کاکیلە    برای من    بۆمب    تۆپی یاری
کلە پرد    پایەی چیمەنتۆ    باریە ، لەنگە    نوێـل (بـۆ بـەرد
کـــەژوو    قایەســـەی    هەڵکەندن)
ولاخ(باری ولاخی پێ توند دەکرێت)    بێوەڵە ورچ    بێچوو،ورچ
کۆگڵ    کۆمەڵە گلێك    بێلا    ئیبراهیم
کەر    گوێ درێژ    خنراق    دارلاستیق
کرۆسك    جۆرە هەرمێیەکە    فتبۆڵ    میزەلان
کاریتە    تیرەگە دار    فتیلـە    قەندیلـە (جـۆرە چـرایەکی
بزوو    شاڵ ،گر    کۆنە)
بەشەر    کەس    زیل    ئیڤا(سیارەی عەسکەرییە)
باسکەدار    دارێکی یەك دوو مەتری    زیلك    ژیلەمۆ

| | | | |
|---|---|---|---|
| زێڕ | ئالتون | قەدەڵە | ئەو شتەی |
| زگ | سك | ئاوی تێ دەکرێت وەك ستل وایە | |
| نووخم | ئاوهەوا | قەرەسوو،لوولێنە | مەسینە |
| ڕیتکاو | گرتنەوەیەك | قەند | شەکری کلۆ |
| بە شلی لە (قوڕ و چێشت لێنان) دا | | قەرتاڵە | بەرجنە |
| ڕێشمە | ئەوسار | قشپیل | پشقل |
| ڕاوگە | جێژوان | قوچەکە | لە پەنجە |
| ڕەشـیش | ڕەشـاش(جـۆرە | دەکرێت بۆ درومان کردن | |
| چەکێکە) | | قۆمچە | قۆپچە |
| ڕوێوی | ڕێوی | قاوت | هاڕاوەی گەنم و جۆ |
| ڕۆژ | خۆر | قوڵکاورە | ئاگردان |
| ڕەفیچك | دواوەی پاژنە لاق | قەپە | قاسپە |
| گۆران | دز | قەلانە | هەنجیری وشك کراوە |
| گەوەڕ،ئاغەڵ | شوێنی بزن و مەڕ | قۆڵت، خندڕك | چاڵ |
| گوێرەوی | گۆرەوی | قرۆشکە | دۆلکە |
| گێزەکە | پشتەمل | قەڵەم بڕ | چەقوو |
| گەروو | قوورگ | قوون،پاش | کۆم |
| گوڵەدان | گەنمەشامی | پاتە | پێڵاو |
| گیاو گۆل | گژو گیا | پەتوو | بەتانی |
| گەز | مەتر | پێلێژە | پەیژە |
| قاپ | پاژنەپێ | پانتۆل | شەرواڵ |
| قۆغە | پەرداغ | پۆخ | چرۆی دار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پیمەرە | خاکە ناز | لولاك | ڕان |
| پێل ،باڵ | قۆڵ | لباد | ئەلعەد |
| پاپە ،باب | بابە (باوك) | لەغاو | لیۆ،ڕێشەی وڵاغ |
| پەرەمێز | پەلەمێز | لالە | لامپا (چرا) |
| پرپرە | پەلپینە | جۆ | جۆگەی ئاو |
| پەتك | گوریس | جوتێر | جوتیار |
| خولکە | دۆشەکەلەی بچووك | جیرە | لاستیکی پارە و بێجامە |
| خوڵا | خوا | جەرنەفیز | دەرنەفیز |
| خوارزا | خوشکە زا | جۆخین | سەر خەرمان |
| خڕ | شیودۆڵ | جۆکەر | سکول ئیسپانە |
| خوانە | پنەی نان خواردن | جەلاتین | نایلۆنی ڕوون |
| خەج | خەجیج | جەم | نان خواردن |
| خولە | مەحمود | جیقنە | ریقنە |
| خلە | خدر | ژەنگە سورە | زەردەواڵە |
| مەلەك | کوچك | متکەب،مەکتەب | قوتابخانە |
| حەلوا پوشکە | تەعین (جۆرە شیرنییەکە) | مێش هەنگوینە | هەنگ |
| | | منداڵ | ژن(بەواتەیەکی تایبەت) |
| حاسمان | ئاسمان | مێیە وەز | مێنیە |
| حەبە | حەبیب | مشکی | خۆڵ |
| لاقو لەتەر | قاچ و دەلینگ | مێجك | مێشك |
| لانکە | بێشکە | مچە | مستەفا |
| لیس | کوتەك | مەقەبا | کارتۆن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەیدان | گۆڕەپان | کـــۆتره | پارچــــه |
| مۆنج | جاجمه | دارێکــی بــچووك دەخرێتــه ســەر | |
| مەترەق | دار دەست(بۆلێدان) | تیرەگە---لە خانووی داردا | |
| مال مزیَ +عادەب | ئەندامی | لیَهاتن | ریخۆڵە کوێره |
| زاوزی مێینه | | مێزەر | جەمەدانه |
| مەدونه | ئاسنێکی بچووکه | سۆل | سەهۆل ، بوز |
| وەکو بێڵە بۆ خۆل رشتنی سۆبەی دار | | دەمڕاست | قسەزان |
| بەکار دێت | | بای ژوورو | ڕەشەبا |
| پاتـالَ | مـەڕو مـالآت ،شتی | کەوڵە شینکه | گیای پایزانه |
| کۆن و بیَ کەلك | | کـە دوای بـاران تۆمـە دەڕوێـت ولآت | |
| سۆراو | میکیاج | شین دەبێت | |
| ســالە | ســالَح | ســەمەلَ | ســـەقەلَ |
| (لەکۆنـدا خـەلَکی هـەژارو فـەقیر بـە | | ،قەسەل (دوای کوتـان دەبێتـە کا بـۆ | |
| ســوکیان تەماشـا کـردون، بۆیـه بـەم | | مالآت | |
| جـۆره ناویـان بردوون،بـۆ خـەلَکی | | گندۆره | کالَەك |
| نـاودارو دەولَەمەنـد (کـاك)یـان بـەکار | | بین | قورگ |
| هێناوه لەگەلَ ناوەکەی بە تـەواوەتی | | بیلکاری | بیرکاری |
| وەك کاك سالح،کاك مستەفا......هتد | | تل وخویَ | سوێر |
| قاله | قادر | تـــووز | شـێوه(وەکـو پـپێـچوونی |
| کەپر | سابات | شتێك) | |
| نیرو ئامور | هاوجای | تانه | تەشەر |
| کۆلَەکە | تیرەگە | کچکه | بچووك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گابۆی | شین و شەپۆر | بەخڕی | هە مووی |
| قو | پەرز | بڵند | بەرز |
| قیت و قنج | ڕێك وپێك | بزمار کوت | هێشوە تریێ پی |
| قوڵە | کورت | بەزیبك | بەجەسارەت (ئازا) |
| قەبە | گەورە | بریقەی دەدات | دەدرەوشێتەوە |
| قرپۆك | (گەندەڵ) | بـۆزوو | بۆگـە(گیایـەك کـە |
| قەلەندەر | فەقیر هۆش(کلۆڵ) | ماڵات نایخوات) | |
| پوچەك | بێ ناوەرۆك (بـۆ | بۆربوون | پیربوونی پیواز و |
| دانەوێلەو برنج وبابەتی تۆ) | | سەوزە | |
| سیس | چرچ ولۆچ | فرت و فەراز | گەورە و بۆش |
| سووراو | قوڕاو | فشەل ،فرش | فراوان |
| ئێقاو | مەنداو | زەلام | کەسێك ،گەورە |
| ئیشك | وشك | زەعیف ولەی | لاوازی لە جەستەدا |
| ناماڵ | مەیلەو (توزێك) | ردێن | ریش |
| دژوێن | چڵکن | چەپلەك | دەست وپێ سارد |
| خەرا | خراپ | جەحێل | گەنجیش |
| خەبەریل | وابوو | غەوارە | نەناسراو |
| کـت لـێس | سـاف و لـوس | غەرەز | ڕق لێ بوونەوە |
| (سامالێ ئاسمان ) | | ناحەز | ناشیرن |
| کەچ | کۆن | نوێ | تازە |
| کەمبەر | تەسك | نێوەنجی | مام ناوەند |
| کرێن | شوێنی رەق لە زەوی کێلاندا | ناقۆڵا | نای ێك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کووی | چەماوە | تێهەڵهێنانەوە | لەشتیک زەرەر |
| دژوار | ئاڵۆز | کردن و بە شتیك پڕ کردنەوە ی | |
| پۆخل،بلعەت | پیس | زەرەرەکە | |
| بێ حەیا | هار | تاودان | هەڵگردن |
| ڕەموزنە | بەدو بەتفەی | گەڵادان | داخستن (بۆ دەرگا) |
| ڕەشید | ڕێك وپێك (بۆ مرۆڤ) | گردکردنەوە | کۆکردنەوە |
| نەجیب | جوان | گوتن | ووتن |
| زاڵم | زۆردار | گاڵتە کردن، قومار کردن | یاری |
| چەتون | ڕەزیل | کردن | |
| چاو چنۆك | بەتەماع | گاسکە کردن | هەڵبەزین |
| چاوبەرەژێر | چاو سۆر | گەوزاندن | خۆ لە خۆلی وە ردان |
| زۆل | بیژوو | گرمۆلە | خۆ تیژ کردنەوە |
| شەکەت | ماندوو | قوجاندن | ڕاکردن |
| شەڵاوبون | تەی بوون | قونی وەدە | دابنیشە |
| وی | گێژ | قاڵانەوە | توانەوە |
| قۆر | گەنج | قانگدان | خنکاندن بە |
| قیت | ڕاست | دووکەلی ئاگرو بۆن | |
| شاقزنە | زلە لێدان | قولاندن | هاوار کردن |
| شکاندویەتی | چونە سێ | پاشەو بیردانەوە | ڕاکردن و |
| ساڵیەوە بۆ ئاژەڵ | | پێچەوانەی کەسێ ڕاکردوو | |
| تۆقین | ترسان | پێشاو | چونە سەر ئاو دەست |
| تێنیێ تێکە | زۆر خۆماندووکە | پێوەدان | داخستن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێت بلێم | پێت بلێم | هەڵیبرێ | ڕشتی |
| پشوو لێخواردن | خەفەت لێخواردن | هەڵکشە | وەرە بۆ سەرێ |
| پێچاندنەوە | هەوا بەتاڵ کردن | هەڵشێوە | هەڵقۆڕینە |
| سکوتبوون | کوژانەوە (لایت و گڵۆپ) | هاوێر کردن | لێکجیاکردنەوە(بۆبەرخ ومەڕ) |
| سەودا | کڕین وفرۆ شتن | هەڵپلێنگانەوە | ئاراستە گۆڕین(لادان) |
| ساز کردن | ئامادە کردن | دەرودیو | کون کردن |
| سپیکردەوە | پاک کردنەوە(بۆ شتێ کە توێکلی هەیە) | دەنگی مەکە | لای کەس باسی مەکە |
| | | کوشتنەوە | سەربڕین |
| سوحبەتکردن | گاڵتە کردن | دەگریەی | دەگری |
| سی بوون | تەزین | دیتوومە | بینیومە |
| ئەلمان،ئەلمانەکی | ئێستا | دیتنەوە | دۆزینەوە |
| ئەستێلک | گلدانەوەی ئاو | دەچیۆ | دەڕۆیتەوە |
| ئاوێزان | گرتنە باوەش | دەڵیم | دەڵێم |
| ئیمتحان | تاقی کردنەوە | دەمەکەوە | دەمەتەقێ |
| ئام باز | خۆ پێدادان | داد بیت | داد بێشت |
| هەڵمیسین | هەڵمژین | داسەکنان | دانیشتن |
| هەلتروشکان | دانشتن لەسەر ئەژنۆ | دڕان | مردن |
| هەڵدێران | کەوتنە خوار | خۆلە بان | کلە بانی خانوو |
| هەرۆ | بیرۆ | خەفە کردن | کزکردن |
| هەڵسوی ان | خولانەوە | خلبونەوە ، غلۆربونەو | کەوتنە خوار |
| هەڵێ | ڕاکە | کورک | کرکەوتن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کشانەوە | چوونە دواوە | وێـــوەڕۆ | بـــڕۆ بـــەولاوە |
| ون بون | بزربوون | وەژورکەوتن | هاتنە ژورەوە |
| بورەدێر | ئاودانی ئـەرزیکی | وەیکە | پێکەوە |
| رەق بۆکیلان | | وتن | گوتن |
| بنوایە | بروانە | وێم دە | بمدەیە |
| بەزیو | دۆی او | وەخەبەرهاتن | خەبەر بونەوە |
| فچکپیۆەگرت | خوپێوە گرتن | وەبەرنان | خستنە بەر |
| زاو | | وەچەنگ کەوتن | وەدەست کەوتن |
| بۆبوونی(مندال#گیاندارانی شیردەر) | | وەلای خە | لای بە لەویٚ |
| ترەکین | بۆبونی (بەچکە سـەگ و | ویی مەرزە | وازی لیٚ بینە |
| رێوی....هتد) | | وەرەزبون | بی تاقەت بون |
| راوان | ڕۆیشتن | جیقاندنەوە ،پلیخاندتەوە | پانکردنەوە |
| ڕێـدان | پـەلاماردان ڕێـم بـەردە | ژەوان بونەوە | پەشیمان بونەوە |
| ڕێگەم لیٚ مەگرە | | غاردان | راکردن |
| ڕێکخستن | لێکککخشاندن | مەچو | مەڕۆ |
| ڕەتەڵ یردن | لەنگوتن | مێردکردن | شوکردن |
| لوزە | ڕێژوە | ملانە گرتن | زۆران بازی |
| لەگرێژنەچـــوون | لەیـــەك | ڕۆترەقیٚ | دانیشە |
| ترازانی مەسەلەیەك | | ڕەوان | سکچوون |
| لێوەبیرە | بێدەنگ بە | تێکخزاو | چوونە پاڵ یەك |
| لێیەوەستانەوە | بەگژداچونەوە | بەرەنگ | خراپ بوونی جـەرگی |
| لەقویقونچك دانان | دەسفەیۆکردن | مرۆڤ کە پێی دەمرێت تووشبون بـەو | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نەخوشییە | | کۆڕەکۆڕە | وەرەوەرە |
| سەرفینەزەر | لێخۆشبوون | بەرامبەر | بەرانبەر |
| هەرەس هێنان | ڕوخان | بیلامعایەك ،بیلامانێ | بەبێ تـوانج |
| هەڵ چوون | هەلبزرکان | ،پەرژین بێت | |
| سوێمە | پەرۆشمە | بەشینیەیی | بەهیواشی |
| سەرەونخون | سەرەوبن | بەتاقی تەنی | بەتەنیا |
| ئیدی | ئەگینا | بێ قولاغ | بێ سەرو شوێن |
| ئاندێ | بەڕاست وایە ؟ | بەنەعەندەن | بەگالتە |
| ئی وونی | دیار نی | لەسەردا | لەسەریدا |
| ئەوتی جەلی | ئەوجارەی | بەتۆبزی | بەزۆر |
| هانا | فریاکەوتن | گەوەگەوە | لابەلا(ڕۆیشتن) |
| هەرتك | هەردوو | گرێ پووچکە | گرێ کوێرە |
| هاوکوف | هاوتەمەن | گەشکە | بێ هۆش بون |
| هەڵوێشکی | لەوەتای | قیت کردنەوە | راستکردنەوە |
| هەنگێ | ئەوکات | قاوەڵتی،سبحەینی | بەیانی ،سبەینێ |
| وەپاڵیك خزان | چونە ناو یەك | قونەبان | بەشی دواوەی خانوو |
| دەستە گول | واتای هەڵبژاردن | قدیلکە | ختووکە |
| دنیرە بەرخونە | داپۆشینی کیشەیەك | قەرەبالغ | کۆبونەوەی خەڵك |
| خاوەخاوکردن | خۆخافلاندن | لەشوێنێکدا | |
| حورزەم | بەخووی | پاش | دواوە |
| کڕبوون | بێدەنگ بوون | پەرۆش | بەغەم |
| کەنگی | کەی | پەرگۆپـــەرگۆ | ڕۆیـــشتن |

بەلێواری جۆگەی ئاودا بێروحم بێ بەزەیی

پلشتێر ژوری دواوەی خانووی گڵ لەپرتاو لەناکاو

پێفوست هاتۆچوی زۆر لەخۆرینی پیش نان

لەسەر شوێنێك خواردنی بەیانی

پەستەپەستە پەلەپەل زایرەن وادیارە

پاپوکە قوتبونەو تەشق زوخم (کەم

خۆخرکردنەوەبۆ(مار) بونەوەی سەرما)

لەژێلا لەخوارەوەڕا

لەمێژە لەکۆنەوە

لەکن لەلا

لینگولینك تاکەو تاك

حالی حازر ئیستا

جەلێکی تر جارێکی تر

غەلبەغەلب دەنگە دەنگ

مستەمڕ بەردەوام

مەیلان سەرەوژێر

نێوقەد ناوەڕاست

تەنگ و چەڵەمە گیروگرفت

بێ حەد بێ ئەندازە

بەنەحەندەن بەگاڵتە

بدوك کردنەوەی بارانە

تاوێك ناتاوێك

تایبەتمەندی ناو لەناو شار و چەند ی ڕستەیەك

دەرکەوتنی تایبەتمەندی پەیوەستە بەهۆکاری جۆراوجۆر،کە لێرەدا گوندێك دەکەینە نموونە بۆ ئەوانی تر ئەویش گوندی(باوزێ)یە.ئەم گوندە لەکۆندا نزیکەی (٨٠)ماڵ بووە و سەر بە عەشیرەتی نورەدینیە و دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی قەلادزێ،هاوسنورە لەگەڵ ئێراندا وگوندەکانی (ئەشکەونەو باوزێ وهێرۆ وبێکلۆ  ودارەشمانە و هەلشۆ و بێگەلاس)بەدرێژایی ئەو زنجیرە چیایەی سنوری ئێران لێکەوە نزیکن.

گوندی باوزێ تایبەتمەندییەکی ئەوەیە کەتاکو ئەمڕۆ نزیکەی (١٦٠)کەسیان هەیە کەناویان ناوە (عومەر)، کە ئەوان بەناوی عومەر دەڵێن (هۆمەر).هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەردەمی کرانەوەی ئەم ناوچەیە لەلایەن ئیسلامەوە، لەئەنجامی شەڕو پێکداداندا چەندین پیاوچاکیان لێ کوژرا،کە هەر یەکێکیان لەگوندێك بەخاك سپێردراون، بەم شێوەیە:

شێخ عومەر(هۆمەر)-----------لەگوندی باوزێ.

شێخ ناسر-----------------لەگوندی بێکلۆ.

شێخ شخسە----------------لەگوندی هەلشۆ.

شێخ باوەمەر---------------لەگوندی هێرۆ.

شێخ جونەت----------------لەگوندی دارەشمانە.

خەڵکی ئەم گوندانە زیاد لەپێویست ڕێزیان لەم چاکانە گرتوون و بۆ نەخۆشی جۆراوجۆر دەچنە سەریان . بۆنمونە شێخ عومەر کە پێی دەڵێن نێوکۆمەر زیاتر ژنان زیارەتیان بۆ ئەو کردوە کاتێك منداليان نەبووە،دوای ئەوەی منداليان بووە و کوڕ بووە،پەیمانیان داوە کە ناوی ئەو چاکەی لێ بنێن ، بۆیە ناویان ناوە هومەر ،ئێستاش هەندێك لەژنان لەسەر ئەم بیروبۆچوونە ماون.بۆیە لەم دەڤەرەدا ئەگەر یەکێك ناوی ناسر بێت بێ سیودوودەزانرێت کە خەڵکی بێکلۆیە، یان هەڵشۆین و باوەمەر هێرۆیی و جونەت و دارەشمانەین، بۆیە هەر گوندە

ژمارەیەکی زۆریان لەو ناوانە هەبون و ئێستاش هەن.
دەربڕینی فونیمەکان لەو بنارە ،بەتایبەتی لەگوندی باوزێ و بێگەڵاس لەکاتی ئاخاوتندا زۆر هێواش و ئاوازدارە.بۆ نمونە لە باوزێ ئەگەر بڵێن:ئەو شتە ئێمەش هەمانە ،ئەوە دەڵێن،مەش هەیە لە باوزێ ،----واتاجێناوی یەکەمی کۆ لە(ئێمەوە)دەکەنە (مەش)یان لەکاتی سوێند خواردن دەڵێن:خۆ بەخوڵای،لەجیاتی خۆ بەخوای .نمونەی چەند ڕستەیەك لە باوزێ
ماڵی مەیان کردووتە قۆمرغانە.—ماڵی ئێمەیان کردۆتە شوێنی کۆبونەوە.
٢-سالۆرسالۆردەسورێتەوە دەستی لە خەڵکی پان دەکاتەوە----تەمبەڵ تەمبەڵ دەسەیێتەوە وسواڵ دەکات.
٣- کەتریەکەی دەقون ئاوری نا.     کتریەکەی لەبەر ئاگر دانا.
٤- قسەکانی ڕێ بەدی ناکەن---قسەکانی لەراست ناچێت.
دەرك ودووتی لەکویێ؟ ------گەرۆکی کۆن وکوڵانان لەکێی؟
٦- وەڵەت دەکۆپی قوڕێ نێم"وەڵڵادەکو پەمیقویێت نێم"
٧-دەیجادەی لەداخان شەق مەبە " -------جاوەرە لە داخان مەمرە"
٨- گوێ بەلی دەماڵێ دانەما.---------یەك سەر مەڕ و ماڵاتی نەما.
٩- ناچار بووم فرۆتم ---------ناچار بووم فرۆشتم .
١٠- جەلێکی دی هەڵە وانەکەی .--------جارێکی تر هەڵەی وانە کەیت.
١١-کلك راوەشێنی سە.--------واتا هیچ گیاندارێك نییە لە ماڵی سەیەك نەبێت.
١٢- کەسێ دەمن و نامەحروم کردن ----------کەسوکاری منتان بێ بەش کردن.
١٣- خۆ ئەویش سەرم لێ دەسووێ نانێ ----------خۆ ئەویش سەردانم نامات.
١٤- دووقرانی دەگو چکێ دان بۆ شەڕێ.-------کەسێکی شەڕەنگێزو لەبەهانەیە.

١٥-خۆ من هەی ناهوتی نیم.--------خۆ من بێگانە نیم"

١٦- سەردەرێ ماڵێ ناقلێشمەوە.--------رووی لە مالی ناکەم.

گوندەکانی مەنگوڕایەتی وکارلێکردنی ئاخاوتن

هەروەك پێشتر ئامازەمان پێکرد عەشیرەتی مەنگوڕی نزیکەی (٤٢)گوند دەگرێتەوە وگوندەکان زیاتر بەسەر یەکەوەن وناوچەیەکی بەرفراوانیان داگیرکردووە لەرووی نیشتەجێ بوون کە لە سنوری ئێرانەوە دەست پێ دەکات تا ناحیەی ژاراوە، بەم شێوەی خوارەوە:

گوندەکانی (بێدەلان ،زێوکە ،سەرخان،کونە مار،ئالیەڕەش،بەلك ،کولکولە،بەستە،سۆرەگلە،مارەدوو،ئەڕك ،شناوە،ڕەزگە،تتمە(توتمە)،کوزینە،سپێرۆ،گردئیستر،دووچۆمان،قرژالە بیرە،کەرسۆنان،تۆبزاوە،سولتانە دێ،دۆڵە بەفرە،بارەپانە،سیدەلان ،شەروێت،دەرگەلە،زودان،قەلاتوکان،خواران،ئەبوبەکرە،ورتە،دەشتێوان، بێپالان، سێوەیس، شێخان، زورکان، بەستە ستێن، قەلاوە،کەنجارە،سەلتانە دێ تازە،خەندەکە).

هەندێك لەم گوندانە نزیکایەتیان هەیە لەگەڵ گوندەکانی عەشیرەتی مامەش، بۆیە لەزۆر دەربڕیندا تێکەلاوییەك دروست بووە لەنێوان هەردووکیاندا.

بۆ نموونە لە ڕستەی :

هەلوێشکی دوێنێ چاوەنواڕت دەکەم.

واتا لەوەختی دوێنێوە چاوەروانت دەکەم.

ئەم جۆرە ڕستەیە هەردوولا بەکاری دەهێنن،چەندین ڕستەو ئاخاوتنی تریش بەم شێوەیە لەئەنجامی کاریگەری لەسەر یەکتر بەتایبەتی گوندە لێك نزیکەکان قسەی پێ دەکەن کە سنوریان چۆمی ژاراوە دیاری دەکات.

چەند ڕستەیەکی مەنگوڕایەتی

١- ئەوە ژ دەکەی لەوێ؟--------ئەوە چی دەکەی لەوێ ؟

٢- ئـەتو لێیـە وەسـتەوە ئـەو كـوڕە چـی دەكـات.-----ئـەتۆ تەماشـاكە ئەوكوڕە چی دەكات.

٣- هەنگێ چویتە شاری پێم بلی--------كەی چویتە شار پێم بڵێ

٤-دارەكەی هەمەنی دەیەو بڕۆ-----------دارەكە هەلیبگرەوبڕۆ

دەستەواژەی (١)گوڵ ودووزام ----- پیس و پۆخل.

(٢)ئەوە ژ دەكەی-------ئەوە چی دەكەی.

(٣)وێی ناخوونێ-----لەگەڵی ناگونجێ.

ڕستەی تێكەل لەهەردوولا:

-كەرەكەت جل كرد؟ ← كەرەكەت كورتان كرد؟

ئەكی دەچێت بۆ شار؟ ← كێ دەچێت بۆ شار؟

دەرەكەی گەلە سەرمایە← دەرگاكەی داخە سەرمایە.

ئەوی گڵەی دارێوە ← ئەوگڵەی هەڵڕێژە

لەسەری كەڵانت كەوی ← لەسەری خەڵكانی دلێرت كەوی(كاتێك بە یەكێكی ئازا دەڵێن .

ئەستانەی ساردە ← زستانەكەی ساردە

لەقت لە بانەكە داوە؟ ← بانەكەی گێراوە؟ لەق ← چین

ئازاد وەلایەخە لێرە. ← ئازاد دووری خەوە لێرە.

قەپەقەپی كەوان دێ. ← قاسپە قاسپی كەوان دێت.

ئەسێوم بۆ هێناوی. ← سێوم بۆ هێناوی.

شەپیلكم لەشپانێ كوتا لە پشتیری. ←شانم لە دەرگای كوتا لە ژووری سەری

وەرە با پێتەوە ڕا پێسم ← وەرە با ماچت كەم.

لە پرسیاری كوڕەكە بۆ كوێ چوو، ئەوان دەلێن:تەوێ ۆ. واتا ئاوا ڕۆیشت

ئەمانەوچەندین ڕستەو گوتن و گفتوگۆ دەرەنجامی ئاخاوتنی ئەم دەڤەرە بوون.

هیوادارم ئاشنایەتییەكمان پێ ئاشنا كردبن..

# سیاسەتی زمان... ناسنامەو بوونی نەتەوە دەچەسپێنێ

پارێزەر/ تاریق جامباز

پلاندانان و رێکخستن و بەدواداچوون و چاودێری ئەم لایەنە (سیاسەتی زمان) تاکو کەموکوڕی و کەمتەرخەمی دەستنیشانبکرێن و یەکسەرو گەرماوگەرم هەوڵی چارەسەرکردنیان بۆ بدۆزرێتەوە درەنگە، چونکە چاوپۆشین و غەمساردی و دوودڵی و پشت گوێ خستنی دەبێتە هۆکاری سەرەکی لاوازی و سستی و کزی و لەدوارۆژدا گەر پێداچوونەوەی خێراو بەلەزو بەپەلەی بۆ نەکرێ ئەوا هێدی هێدی زمانەکە بەرو هەڵدێری و دواکەوتن و چەقین دەچێ، لەبەرئەوەی چاوەڕوانی دوا رۆژێکی لێڵ و ئاڵۆزو دژواری لێ دەکرێ، بۆیە لەزۆربەی وڵاتان و هەرێمەکانیان نەک لەدەستوورەکانیان جەختی لەسەر دەکەن، بەڵکو یاسای زمانە فەرمیەکانیشیان تیا لەپەرلەمان دەردەچێ و یەکسەر لەهەموو ئاست و بوارێکدا دەخرێتە بواری جێبەجێکردن و لەبودجەش برە پارەیەکی باشیش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێ و لایەنی دانان و بڕیار لەسەردانی (وشەو زاراوەو دەستەواژە) تاکە سەرچاوە (ئەکادیمیای زمانە) و کارمەندانیش دەبێ لەدەرچووانی کۆلیژی زانستی زمان بن و هەموو کاتێکیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دیرۆکیە تەرخان بکەن و سیاسەتی زمان نەک لەوڵاتان و هەرێمەکانیان، بەڵکوحزبەکانیش لەبەرنامەکاری هەڵبژاردنەکان و پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆی خۆیان جێگای شایستەی هەیە و لەیەکێتی ئەورووپی کەلە (٢٧) وڵات پێك دێت و (٢٣) تێیدا

زمـــانی رەسمیـــەو لـــەم یەکێتیـــە سیاســەتی زمــانی تێیــدا جێبــەجێ دەکرێــتو بەشــی سیاســەتی زمــان لەئەنجومەنی ئەوروپیدا هەیەو هەر بۆ نموونــەش لەئێرلەنــدا (حزبــی ســەوز (کەسك)) ئایریش سیاسەتی زمانی بۆ بیست ســاڵ (٢٠٠٩- ٢٠٢٩) دانــاوە، بــەڵام ئەمــەیان نــە لەحکومــەتی کوردستانو نە لایەنەکانی سیاسی هیچ کامیــان تائــەمڕۆش بەرنامەیــەکی تایبەتیان بۆ سیاسەتی زمان دانەناوە، دەبوایە بـەرەی سیاسـی کوردسـتانی هــەر دوای جــاڕدانی فیــدراڵی لــە (١٩٩٢/٦/٤) ئەوا بڕیاری زمانی فەرمی دابوایەو یاسای زمانـەکانی فـەرمیش لەپەرلـەمانی کوردسـتان دەرچـوبایەو باســی ئــەو وڵاتانــەش ناکــەم کــە کوردستانیان پێـوەلکێنراوە، گەرچی زۆرینەی هەرچواریان موسڵمانن، بـەڵام لەبەرئەوەی لەیەك زمانو یەك نەتـەوە راهاتون جگە لەعێراق دەنا یـەك زمـان زمانی رەسمـی وڵاتەکانـەو زمانـەکانی دیکــەش نکــۆڵی لــی دەکــەنو پەراوێزخراوە بـەزمانێکی نەناسـراو یا بەپلـەی نـزمو خـوارو کـەمتر لـەزمانی حوکمڕانان دادەنرێ، دەبا نموونەیەك لـەم بـارەوە بهێنینـەوە: نۆهەتـەکانی سـەدەی بیست رۆژێ دوو مامۆستای تــورکی خوێنـــدنگای ئیـــشق لەگەڕەکەکــەمان (گــەڕەکی ئــازای) لەهــەولێر دەژیــان رۆژێــك هاتنــە سەردانمانو لەنێوان قسەکانمان باسی وتنــەوەی وانــەکانیانمان کــرد کــە بـەزمانی تـورکیو پیتـی لاتینـی وانـە دەڵێنــەوەو ئەمــەش مــافێکی رەوای هــەموو نەتەوەکانــە کــە لەکوردسـتان بەزمانی زگماکیان بخوێننو وەزارەتـی پــەروەردە لەحکومــەتی کوردسـتان هــەموو پێداویــستییەکانی خوێنــدنی بەزمانی تورکمانیو سریانیو ئەرمـەنی ئامــادەکردووەو جێبــەجێش دەکــرێن (وایان لەم دوو مامۆستایە گەیاندبوو، کــە هەولێریــەکان هــەر هــەموویان تورکمــانن کــە گوتیــان هەولێریــەکان تورکمانن لەوەڵامدا گوتم: هەولێریەکان ئەوانەی لەمێژە لەهـەولێر دەژیـن سـێ زمـان (کـوردیو تورکمـانیو عـەرەبی) دەزانــن دەتــوانن بــەجۆرێکی دیکـە پرسیارەکە بکەنو بڵێن ئێوە سەر بەچ نەتەوەیـــەکن؟ لەبـــەر ئـــەوەی

هەردووکیان لایەنگیری حزبی فەزیلەی نەجمەددین ئەربەکان بوون، بۆیە منیش گوتم پرسیارێکم هەیە (ئێوە تورکن لەتورکیاوە هاتوون) دەپرسم بۆچ بیست ملیۆن مرۆڤ لەتورکیا لەم مافە بێبەشن، یەکێکیان بەسەر سورمانەوە گوتی: کێن ئەمانە؟ منیش گوتم: کوردن ئەوانیش گوتیان هەموومان موسڵمانین! منیش لەوەڵامدا گوتم ئەی بۆ بۆ ئێوە رەوایە بەزمانی زگماکتان بخوێنن، بۆ چی ئەوان لەو مافە بێ بەش کراون و نکۆڵی لەبوونی ئەم نەتەوەش دەکرێت؟ گەرچی چوار ئایەتی قورئانی پیرۆزو فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د. خ) لەم بارەوە هەیە نەك جێبەجێی ناکەن، بەڵکو فەرامۆش کراون و ئەمەیان پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.

هەموو دەڵێن خاك (وڵات) نیشتمان دەگەیەنێ. منیش دەڵێم: گەر کوردستان جەستە بێ ئەوا زمان گیانەکەیەتی، بۆیە پێویستیمان بەسیاسەتی زمان هەیە کە دەبێ جەختی لەسەر بکرێ و کاروکردەوی بۆ بکرێ نەك تەنیا قسەو ئاخاوتن و پەیڤ بێ.

سیاسەتی زمان

زۆر وڵات سیاسەتی زمانی هەیە، بۆ ئەوەشی دارشتووە کە پشتوانی لەزمانێك یان چەند زمانێك بکات یان کۆسپ بخاتە بەریان. هەرچەندە نەتەوەکان لەمێژوودا، زۆر جار سیاسەتی زمانیان بۆ ئەوە دارشتووە کە زمانێك لەسەر حیسابی زمانەکانی دیکە پێش بخەن، ئێستاکە زۆر لەوڵاتان سیاسەتی زمانیان دارشتووە بۆ پێش خستنی، ئەو زمانە خۆجێیی و نەتەوەییانەی هەرەشە لەسەر مانەوەیاندا هەیە. حکومەت بەفەرمی سیاسەتی زمان دادەرێژێت لەرێگەی یاساکاری یان بریارە دادوەریەکان بۆ ئەوەی دیاربکرێت چۆن زمانەکان بەکاربێن؟، یان ئەو توانا زمانەوانیە ببووژێندرێتەوە کە پێویستن بۆئەوەی پرسە هەرە لەپێشە نیشتمانییەکان بەرێوە ببرێن، یان بۆ دیاریکردنی مافی تاکەکەس یان گروپەکان لەبەکارهێنان و پارێزگاریکردن لەزمانەکانیان.

پارێزگاری لەهەمە جۆریی کەلتوورو زمان لەجیهانی ئەمڕۆدا گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن زاناو هونەرمەندو نووسەرو سیاسەتوان و رێبەرانی کۆمەڵگا زمانەوانیەکان و داکۆکیکاران لەمافی زمانەوانیی مرۆڤ. وا دەخەمڵێندرێت کە لەچەرخی سەدەی بیست و یەکەمدا پتر لەنیوەی ئەو ٦٠٠٠ زمانەی ئێستا لەجیهاندا قسەیان پێدەکرێت لەمەترسی نەمان دانە. گەلێ هۆکار هەن بۆ مانەوەو بەکارهێنانی هەر زمانێکی مرۆڤ، وەك قەبارەی ئەو کەسانەی بەزمانی دایك دەئاخڤن وبەکارهێنانی لەپەیوەندی پێکردنە فەرمیەکان و پەرت و بڵاوبونەوەی جوگرافی و سەنگی کۆمەڵ و ئابووریی ئەو کەسانەی قسەی پێدەکەن. سیاسەتی نیشتمانیی زمان دەتوانێ کاریگەری هەندێ لەو هۆکارانە کەمبکاتەوە،یان زیاد بکات.

زۆر رێگە هەن بۆ پۆلێنکردنی سیاسەتی زمان. سیاسەتی کۆکردنەوەو وەرگێران و پۆلێنکردنی زمان لەساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکردو کارەکە گەیشتە چڵەپۆپەی بەدەرکردنی بڵاوکراوەی (کۆمەڵە یاساکانی زمان لەجیهاندا) (بەرگەکانی ١– ٦)، لەلایەن چاپخانەکانی زانکۆی (لاڤال) لەساڵی ١٩٩٤. کارەکە کە ٤٧٠ یاسای زمانی لەخۆ دەگرت و توێژینەوەکە کەوتە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەو فەرمانگەی کیبیك بۆ زمانی فەرەنسی هاوکاری دارایی پێشکەش کردو لەساڵی ٢٠٠٨ ماڵپەڕی ئەنتەرنێت ئاکارو سیاسەتەکانی زمانی لە ٣٤٥ ویلایەت، یان هەرێمی خودموختاری لە ١٩٤ وڵاتی سەربەخۆ خستەروو[1].

لەو بڕوایەدام لەوەڵامی نەبوونی سیایەتی هەندێ کەس کە دەڵێن ئەی زۆرینەی هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەزمانی کوردی نییە. دەڵێم بەڵام کە خوێندکارو قوتابی لەقۆناغی شەشەمی ئامادەیی خوێندن تەواو دەکات دەچێتە زانکۆکان تووشی دیواری بەرلین دەبێ (مەبەستم زانستە مرۆڤایەتییەکانە لەزانکۆکان) چونکە

[1]) ئەم پەرەگرافە مامۆستا عبدالکریم هموند (کاکە) لەئینگلیزییەوە بۆی کردویەنەتە کوردی بۆیە سوپاسی دەکەین.

بابەتەکانی نەکراون بەزمانی کوردیو هێشتا دوای هەژدە ساڵ هەر بەزمانی عەرەبین ئەمەش هەڵوەستەیەکی دەوێ، چونکە بەپلانێکی تۆکمە بۆدارێژراوی درێژخایەن هەر لە ١٩٩٢ تاکو ٢٠١٠ دەتوانرا هەموو بابەتەکان کرابان بەزمانی کوردی.

دەبوایە لەشەش کابینەی حکومەتی کوردستان کوردانـدنی زانستە مرۆڤایەتیەکان لەوەزارەتی خوێندنی بـالاو توێژینـەوەی زانـستی ئەنجامبدرایـە. گەرچـی هـەرێمی کوردستان ژمارەی ئەو خوێندنگا ئامادەیانەی کە خوێندن تیا بەزمانی کوردیە (٤٩٧) دەبنو ژمارەی ئەو ئامادەیانەی بەزمانی عەرەبی دەخوێنن ژمارەیان (١٧) دەبێ بۆ پێزانیـان لەهـەرێمی کوردسـتان مامۆستای زانکۆی وا هەیە دەچێتە هەر پۆلێك لەقۆناغەکانی خوێندن بەخوێندکاران بێ دوو دڵیو بەڵکو راشکاوانە دەڵێ: وەڵامدانەوە بەزمانی کوردی قەدەغەیە؟! و هەندێ لەو مامۆستایانەش (مخابن) کوردن بەپێچەوانەی ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێم هاتوون غەیرە کوردن ئەوا (چوونەتە خولی فێربوونی زمانی کوردی)، چونکە دەیانەوێ زمانی کوردی بزانن تا دیواری بەرلین لەنێوان مامۆستاو خوێندکار نزمترو تەنگتربێ، گەرچی لەوڵاتانو هەرێمەکانیان فێربوونی زمان مەرجێکی سەرکیيە بۆ دامەزراندنو نیشتەجێبوونو گەر نەیزانی یا نەیەوێ فێربێ (نەدادەمەزرێو نەنیشتەجێ دەبێ)و لەبەر نەبوونی یاسای زمانە فەرمیەکان چ لەکوردستان یان لەعێراق ئەمە بۆتە هۆکارێك کە زمانی حوکمڕان (مقدس)و باڵاو بەرزو مەزنتربێ لەزمانەکانی دیکە بەزمانی کوردیشەوە، گەرچی لەدەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) بەگوێرەی ماددەی (٤) هەردوو زمانی عەرەبیو زمانی کوردی زمانی فەرمین لەسەرتاسەری عێراقو زمانەکانی دیکە زمانی حوکملێکراوان پلەی نزمو خوارترەو بەچاوێکی کەمتریش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، هەندێ کەس لەبەر ئەوەی لەزمانی حوکمڕانان راهاتوونو هزرو بیر لەئایندەش دەکەنەوە، بۆیە جگەرگۆشەکانیان

تاکو ٢٠١٠ دەنێرنە خوێندنگای زمانی عەرەبی و ڕێژەی بەرپرسانی کورد لەم بوارەدا یەکجار بەرزەو جێگای سەرسوڕمان و تێفکرینەو دەتوانرێ هەزارو یەك پرسیاریان لێ بکرێ ! ! ! (گەرچی خوێندن بەزمانی کوردی لەشوێنی نیشتەجێبوونیان هەبووەو هەیە).

گەر بڵێن بەرینمایی ڕێگەدراوە کە مامۆستایانی زانکۆ ڕێژەیەك لەبابەتەکان بەزمانی کوردی بڵێنەوە، ئەمەیان واتە زمانی کوردی پلەی سێیەمە لەڕووی یاساییەوە چونکە ١- یاسا ٢- ڕێسا ئینجا ٣- ڕێنمایەکان و تاکو ساڵی (٢٠٠٨) باسی زمان لەیاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوی زانستی نەکرابوو ئەوسا توانرا کەناوی بهێنرێ ئەویش لەماددەی (٢) برگەی دوازدە ناوی زمانی کوردی هێنرا: (کارکردن لەپێناوی کردنی زمانی کوردی بەزمانی فێرکردن و خوێندن لەقۆناغەکانی خوێندنی باڵا لەزانستە مرۆڤایەتیەکانداو هاندانی وەرگێڕان و دانان و چاپەمەنیە زانستی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمیەکان بۆ زمانی کوردی).

گەرچی سەرەڕای زمانی کوردی وعەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان لەقۆناغەکانی خوێندن دەخوێندرێ، بەڵام سیاسەتی زمان پێویستە، تاکو ساڵانە بەرنامەکانی خوێندن پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ و ئەو وشانەی بەگوێرەی پێداویستیەکانی گۆڕانی هەموو لایەنەکانی ژیان وشەی نوێ هاتووتەکایەوە، دەبێ ئەو وشەیە لەلایەن ئەکادیمیای زمان بڕیاری لەسەر بدرێ و ساڵانە قاموسی میللی بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە چاپ و بڵاوبکرێتەوە، نەك تاکەکەس قاموس دابنێ. بەڵکو دەبێ ئەوانەی پسپۆڕو لێزان و شارەزان، بەکورتی زمانزانن هەر ئەوانەش قاموس دابنێن.

لەکۆتاییدا دەڵێم زمانپارێزی ئەرکی دیرۆکی هەر تاکێکی نەتەوەکەمانە (دەبێ نەك پێ بئاخڤین و قسەی پێ بکەین، بەڵکو پێویستە باوکان و دایکان منداڵەکانیان فێری نووسین و

خوێندنەوە بەزمانی کوردی بکەنو ناوی منداڵەکانیان بەناوی کوردی ناوبنێنو لەهەر کوێیەکی دونیا بن ئەمەیان ئاسانترە کە لەکوردستان ئەنجامبدرێ. بەڵام ئەوانەی هەندەران چونکە گەر زمانی زگماکیان بەبەردەوامی لەماڵەوە بەکارنەهێنێ لەبەر ئەوەی ناچارن دەبێ زمانی کارو مامەڵەو بازرگانی فێربیبێو منداڵەکانیش هەر بەو زمانە دەخوێنن.

بۆیە پێویستە لەماڵەوە قسە هەر بەزمانی زگماك بکرێ، دەنا بەرەبەرە لەسەرخۆ لەنێو نەتەوەیەکی دیکە زمانەکەیان دەتوێتەوەو پێشنیاز دەکەین کە ناسنامەو بوونی زمانەکەیان بەزیندوویی و کاریگەر بمێنێتەوە ئەوا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی بکرێ:—

جەخت لەسەر بەکارهێنانی تەنیا زمانی زگماك لەماڵەوە بکەنو هەرگیز بەزمانی دیکە قسە نەکەن چونکە لەخوێندنو کارو دەورەی فێربوون فێری دەبنو هەروەها دایكو باوکان، کەناڵە ئاسمانیەکانی بەزمانی زگماکیان بۆ بکەنەوە تاکو ئاشنابن بەزمانەکەیانو (CD) (DVD) یان بۆ لێبدەن، چونکە خوێندن لەو وڵاتانە هەر لەبەیانی تاکو ئێوارە بەردەوامە، بۆیە زمانی ئەوان باش فێر دەبن.

ساڵانە سەردانی کوردستان بکەن تاکو خزمو کەسو شوێنەکان ببینن و گوێ بیستی خەڵکێکی زۆر بن کە بەزمانەکەیان دەدوێن یا سەردانی خزمو ناسیاو لەوڵاتەکانی دیکە بکەن بەمەرجێ بەزمانی کوردی بدوێن.

ژنو ژنخوازی لەیەکتر بکەن، چونکە وڵاتێکی سەربەخۆمان نییە، بۆیە بۆ زمانپارێزی ئەوا چاکترە هەر لەنێوان کوردان بەمەرجێ لەماڵەوە بەزمانی کوردی قسە بکەن.

هەوڵبدەنو کاتێکی گونجاو تەرخانبکەن کە منداڵەکانیان فێرە زمانەکەیان بەنووسینو خوێندنەوە چ بەبەشداری لەخولەکانی بنکەکانی ڕۆشنبیری یا خۆیان فێریان بکەن.

ناوی منداڵەکانیان بەناوی کوردی ناو بنێن تاکو تایبەتمەندی نەتەوەکەمان لەنەتەوەکانی دیکە جیابکرێتەوە.

کەلێیان دەپرسن بیڵێن خەڵکی کوردستانین، ئەمەش وادەگەینێ کە

وڵاتێکیان بەناوی کوردستان هەیە، بەڵام کە بڵێ کوردم تەنیا نەتەوە دەگەیەنێو نەتەوەش بێخاك نابێو نموونەمان لەم بارەوە زۆرە کەناوی نیشتمانیان دەهێنن وەکو وێڵزو سکۆتلەنداو ئێرلەندای باکوور، گەرچی سەر بەبریتانیان دەڵێن ئێرلەندینو وێڵزینو سکۆتلەندین.

بۆیە دەبێ سیاسەتی زمانمان هەبێو چیتر ئەم لایەنە گرنگە بێ سیاسەتی زمان نەمێنێتەوەو بێ یاسای زمانیش ئەنجام نادرێ، چونکە سیاسەتی زمانو یاسای زمان تەواوکەری یەکترنو منیش هەرگیز بڕم بەچەند وشەیەك لەکارنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانو بەرنامەی حکومەتی کوردستان ناشکێ، بەڵکو بەراستو دروستی سیاسەتێکی رێكوپێکی زمانمان هەبێو نابێ ئەمە چیتر دوابخرێ، بەڵکو لەپەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆی هەموو لایەنەکانی سیاسی هەرچوار پارچەی کوردستان لەهەرە خاڵە گرنگەکانیان بنو لەکۆنگرەکانیشیان ئەم لایەنە وەکو ئاوو هەوای لێ بێو ئەوەی زمانی زگماکی نەزانێ ئەوا هەست بەوە دەکات کە دەبێ بەئەرکی دێرۆکیەتی سەرشانی رابێو تاکو هەر تاکێکی کورد زمان بەبەشێکی جیانەکراوە لەکوردبوونی خۆی بزانێو فێری ببێو بەردەوامیش لەهزرو بیری دابێ.

# زمان، نەتەوەیە و زار ، عەشیرەت

سەلام ناوخۆش
سەرۆکی ڕێکخراوی زمانناسی کوردی

سـسـتاندەربوون ، لـــە لایـــەك پرۆسەیەکی سۆسیو- سیاسییە ، لە لایـەکی تـر پرۆسـەیەکی زمانـەوانی – سیاسییە ،ئامـانجی ئـەم پرۆسـەیە " دروسـتکردنی " زمانێکـە لـە زار یـان بنزارێکـی زمـانی نەتـەوە بـۆ ئـەوەی ببێتە زمانی خوێندن و فێرکردن لەناو سیستەمی پەروەردەدا . ئەم زمانە لە بنەڕەتدا نە زمانی دایکە " و نە زمـانی ئاخاوتنی نەتەوەیە !

ئەم زمانە بە سێ ڕێگە دروست دەبێ ، ڕێگای لە خۆوەیی ، هەژموونی زارێك لـەناو زارەکـانی دی نەتـەوە بـەهۆی جیۆپـۆلیتیکی و سیاسـی شـوێنەکە زارەکـە دەکاتـە زمـانی سـتاندەری نەتەوە ، یان بەهۆی دەقێکی ئایینی و هەژموونی ئەو دەقە بەسەر دەسەڵاتی سیاسـی وڵاتـدا یـان دەقـیِ ئـەدەبی ، زارێـك لـە زارەکـانی نەتـەوە دەبێتـە زمانی ستاندەر !

ڕێگـای دووەم ، هـەوڵی تاکـە کەسـی ،ئەکادیمیا ، یان دەسەڵاتی سیاسی بۆ "سەپاندنی" زارێك لە زارەکانی زمـانی نەتەوە . بۆ هەریـەك لەمانـە چـەندەها نموونـە لـەناو نەتەوەکانـدا هـەن !

ڕێگای سێیەم ، پلانی زمان ، ئەمە ڕێگایەکی زمانەوانییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمانی ستاندەر . ئەم ڕێگایە بۆ کورد چاکترین ڕێگەیە ، چونکە هەموو زانایانی زمانەوانی و عەوامێکی نەتەوە لەو پرۆسەیە بەشدار دەبن ، چونکە هەوڵی زمانەوانی دەست پێدەکات بە دەنگی خەڵکی عەوام و نا_عەوام کۆتایی پێدێ !

چەند پارچە کردنی کوردستان و هەبوونی چەند زارێك ، ئاسایشی نەتەوەیی زمانی کوردی تووشی چەندەها گرفتی ستراتیژی کردووە، ئاریشەی هەرە سەرەکی نەبوونی زمانێکی ستاندەرە ! تورکەکانی تورکیا ، عەرەبەکانی سوریا و فارسەکانی ئێران دەرفەتیان بە منداڵی کوردی نەداوە ، کە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بخوێنن . ئەمە وایکردووە، کە زمانی کوردی لەو بەشانە زۆر لاواز بێ ، و لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەو خوێندن بێ بەڵام لە باشووری کوردستان هەر پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ، زمانێکی ئەدەبی هەبووە و لە پاشان دەوڵەتی عێراقیش وەك ( زمانێك ) لە بەشێکی کوردستان دانی پێداناوە .

ئەو ڕەوشە سیاسیەی کورد- دابەشکردنی کوردستان- وایکردووە ، بەشێ لە ڕۆناکبیری کورد تەسلیمی واقیعی داگیرکردن بووەو بەرگەی سیاسەت و سیستەمی خوێندنی ئەوانی نەکردووەو تەبەنی هەردوو ئەلفبای داگیرکەرانی:

ئەلفبێی ( لاتینی) و (سلاڤی ) کردووە. بەڕاستی فاکتەری ئایدیۆلۆژیا و سیکیولاریزمی دینیی ڕۆڵی خۆیان بینیووە لەو پرۆسە داگیرکاریە کەلتوریە ، کە ئەمڕۆ دەردەکەوێ کە هیچ کاریگەری لە داگیرکاری عەسکەری کەمتر نییە ! بەڵام لە باشوور ، کورد دەست بەرداری ئەلفبێ ڕەسەنەکەی خۆی نەبووە ، بەڵکو هێندە گرنگی پێداوە بە جۆرێ هیچ کێشەکی زمانەوانی ئەوتۆی تێدانەماوە.ئەلفبێی کوردی زۆر بێ کێشەترە لە ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی !وێڕای ئەو ڕاستیەش ئەکادیمیای کوردی لە دوو

کۆنفرانسداتوانی ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی بریار لە سەر بدات.

ێستا لە سەردەمی حوکمڕانی کوردیدا چاوەڕێ دەکرا، حکومەتی کوردی مەسەلەی زمانی ستاندەر بە پرۆژەیەکی ستراتیژی نەتەوەیی پێناسە بکا بەڵام ئەفسوس کە قسە لە سەر زمانێکی ستاندەر دەکرێ هێندە ئارێشە بۆ ئەو پرۆسەیە دروست دەکرێ وا دەزانیت لە ناو حکومەتێکی نا-کوردی دەژیین!!،

لەو لاوەش کۆمەڵێ شەهادەداری کورد لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان دەیانەوێ کورد چەند ستاندەرێکی هەبێ نەك یەك ستاندەر . سەیرەکە لەوە دایە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی سەردەمی پاشایەتی و کۆماری باوەڕیان بە یەك ستاندەری کوردی هەبوو ، بەڵام سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد لە ژێر سایەی حکومەتی کوردی بانگەشەی فرەستاندەری کوردی دەکەن؟؟!! هەمووئەوانەش دیاردەی فرە زاری زمانی کوردی دەکەنە بەهانە و کاری لە سەر دەکەن

دەبێ دیاردەی فرەزاری مەسەلەیەك بێ هیچ نەتەوەیەك کاری لە سەر کردبێ؟خۆم باوەڕ ناکەم هیچ نەتەوەیە گەیشتبێتە قۆناغی نەتەوەبوون لە هزر و بیرکردنەوە و هەست...زارەکانی نەتەوەکەی بەرەو زمانی جودا ببات.عەرەبی ئیسلامی و عەلمانی و مەسیحی و جولەکە لە سەر هیچ کۆك و هاوڕا نەبن لە سەر مەسەلەی یەك زمانی ستاندەری عەرەبی کۆك و هاوڕان.هەبوونی چەند زارێك لە زمانێکدا دیاردەیەکی ناوازە و نا-سروشتی نیە، بۆیە ئەو بەهانەیە هیچ بنەمایەکی نییە و تەنها مەسەلەیەکەلە واهیمەی ئەو کەسانە دایە هێشتا لە تەلبسمی پیرۆزکراوی قەلەمڕەوی عەشیرەت ڕزگاریان نەبووە و هەروەها بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە ئەوانە بە ئاگایی یان بێ ئاگایی زمان و زار لە یەکتر جیاناکەنەوە!

! لێرەدا گرنگە ، ( زمان- ) و ( زار ) لەیەك جودابکەینەوە

زمان- ناسنامەی نەتەوەیە هەروەها بونیادی نەتەوە پێکدێنێ، هەرچی ز ارە ئەوە بەشێکە لە(زمان ) و بەشێکە لە نەتەوە نەك هەموو نەتەوە هەروەها زار زیاتر جوگرافییە ، یان کۆمەڵایەتی نەك ئەتنیکی ! هەروەها ئەوە (زار )_ ە لەسەر ئاستی یەك نەتەوەدا ، کە زمانی دایکە نەك خودی زمانەکە ، چونکە ئەوەی پێی دەوترێ زمانی ستاندەر زمانی نووسینە ، خوێندنە نەك ئاخاوتنی منداڵان ! !

زمانی ستاندەر کۆکەرەوەی ئاخێوەری زارەکانی کوردیە ،هەروەها مولکی هیچ دەڤەرو توێژو چینێك نییە ، بەڵکومولکی هەموو نەتەوەیە ، چونکە هەر زارێك کەپاش چەندەها گۆڕانکاری دەبێتە زمان ، سیما و ئەدگارەکانی (زار ) لە دەست دەدات و لە زمانی عەشیرەت و هۆزو دەڤەرێکی جوگرافی دەربازی دەبێ و دەبێت بە زمانی نووسینی هەموو نەتەوە. لەناو نەتەوەیەکیش تەنها یەك زمانی ستاندەر دروست دەبێ

نەك هەر زارو بنزارێکی زمانی نەتەوە بکرێنە زمانی ستاندەر . فرە ئاینی و فرە مەزهەبی و فرە زاریی دیاردەی ساخلەم و سروشتی -ن ، بەڵام فرەستاندەری سەرەتانی نەتەوەیە و هەڕەشە لە تەواوی نەتەوە و پێکهاتەکانی دەکات!

لەم ڕوانگەوە با بە جدی و زانستیانە وەك زمانەوانێك و لە سەر بنەماکانی زمانەوانی

قسە لە سەر هۆکاریتر بکەین و بزانین هیچ ئارگومێنتێك لەو بانگەشانە هەن کە لێرە و لەوێ دەوروژێنرێن ! !

هەندێ کێشەکە لە ڕێنووسدا دەبینن، هندێکیتر، مەسەلەی نەبوونی قەوارەیەکی نەتەوەیی بە هۆکارێکی سەرەکی دروست نەبوونی زمانی ستاندەر دادەنێن ! !

هەبوونی (سێ) ئەلفبێ لە ناو کوردان ئارێشەیەکی دژوار نییە ، چونکە هەردوو ئەلفبێی لاتینی و سلاڤی زیاتر

ئەلفبێی سیاسین و بە سەر کورد و زمانی کوردی سەپێندراون و لە ئاکامی پرۆسەیەکی زمانەوانییەوە دروست نەبوون: سلاڤیەکە لە ناو کوردانی ئێزیدی ئەرمێنیا بەرپا بوو هەروەها ئەو جۆرە ئەلفبێیە بەشێ بوو لە ستراتیژیەتی کۆمۆنیستی و هۆکارێك بوو بۆ چەوساندنەوەی ئاینی و نەتەوەیی ! کەواتە ئەو پرۆسەیە پرۆسەیەکی خۆهێشتی نەبوو !

ئەو ئەلفبێیە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی بە سەر مەسەلەی زمانی ستاندەری کوردییەوە نییە !

هەرچی ئەلفبێی لاتینییە، ئەلفبێیەکی "ئاینیی" و "رۆژئاواییە" و مولکی هیچ نەتەوەیەك نییە و مۆرکی نەتەوەیی نییە و ئەلفبێیەکی تژی ئارێشەیە !

سەپاندنی ئەلفبێی لاتینی بە سەر کورد و زمانی کوردی پرۆسەی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی زۆر ئاسانتر کردووە و بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کوردی باکور نەتوانن بە کوردی بە دروستی بنووسن و بخوێننەوە ئەمەش حاڵەتێکی نەخوێنداری لە ناو کوردان دروست کردووە بەجۆرێ لەو بیست ملیۆن کوردەی ئەوێ ، دوو ملیۆن کوردی ناتوانێ دەقێکی کوردی بە دروستی بخوێنێتەوە ! هەروەها بە حوکمی ئەوەی بلاوکردنەوە بە زمانی کوردی قەدەغەبووە ، بۆیە ژمارەیەکی یەکجار کەمی کتێب بەو ئەلفبێیە هەیە . وێڕای ئەمەش ئەو حاڵەتە وایکردووەکوردی باشور و باکور درەنگتر لە یەك بگەن و پرۆسەی یەکگرتنەوە دژوارتر ببێ.

لە باشووری کوردستان ، هەر لەسەدەی نۆزدەهەمەوە زمانی کوردی ، زمانی حوجرەی کوردی بووە و ئەو حوجرەیەش هۆکارێ بووە بۆ زیندووکردنەوەی زمانی کوردی( کە هەر پاش ڕوخانی دەوڵەتی میدیا زمانی کوردی لە دەوڵەت و خوێندن دوورخرابۆوە) هەروەها لەو حوجرەیە زمانی ( کوردی مەلایی) ! دروست بوو و بووە زمانی وتاری هەینی مەلای کورد و زمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی. ئەمەو لە ڕێگای قوتابخانەی ئەدەبی بابانەوە ،زمانێکی ئەدەبی لە

بەشـێکی باشـور و ڕۆژهـەڵاتی کوردستان هـەژموونی پەیدا کردووە .بەحوکمی ئەوەی سلێمانی پایتەختی میرینشینی بابان بووە ولە سەردەمی شۆڕشـی شـێخ مـەحمودیش بـە (ڕەسمـی) بۆتـە زمـانی حکومـەت و حکومـەتی عێراقـیش بە (ڕەسمی ) دانی پێداناوە .

هـە رچـەندە لـە دوای ڕوخـانی حکومەتەکانی شێخ مەحمود ، شاری سـلێمانی وەك پایتـەختێکی سیاسـی نـەما ، بـەڵام زمانـە سیاسـی و ئەدبییەکە(نـەك شێوەزاری سـلێمانی) هەژمونی خۆی لـە دەست نـەدا ، بـە جـۆرێ هـەر لـە شۆڕشـی یەکـەمی بارزانەوە هەتا شۆڕشی ئەیلوول مەلا مستەفا هەر ئەو ( زمان )ەی بە زمانی سـتاندەری کـوردی دادەنـا !!

لەو بەشەی کوردستان هەر تەنها ئەو زمانە زمـانی خوێنـدن بـووە و هـەموو کـوردیش لـە سـەر ئەمـە کـۆك و تـەبا بوونەهـەتا ڕژێمـی عێراقـیش کتێبـە مەنهەجییـەکانی کـوردی بـەو زمانـە چاپدەکرد هـەروەها ئـەلفبێی لاتـینی لەم دەڤەرە هێندە بەهەرمێن نەبووە و نییـە هـەتا ململانێـی ئـەلفبێی کـوردی بکات! لەو پێودانگەوە ،دەکرێ بڵێین زمـانی سـتاندەری کـوردی کێشە لـە ڕێنووسـەکەیدا نییـە، چـونکە هـەر ململانێیـەکی لـەو بارەوە دەستکردە گوزارشـت لـە ڕەوشـی زمـانی کـوردی ناکات!

هـەبوونی قـەوارە خـۆی لەخۆیـدا " هۆکارێکـە "بـوڵابردنی ئاسـتەنگ و ئارێشەکانی بـەردەم دروسـت بـوونی زمـانی سـتاندەر ، بە تایبـەتی ئەگـەر قەوارەکـــــە زادەی بزاڤێکـــــی ناسیۆنالیستی بێ ، چونکە ئامانجی سـتراتیژی هـەر بزوتنەوەیـەکی ناسیۆنالیستی بەرز ڕاگرتنی خوێندن و ناسنامەی حوکمرانیەکەیەتی ؟ کورد لـە باشـووری کوردسـتان حکومـەتی خۆی هەیە ، بودجەکەی لە بودجـەی زۆر " دەوڵەت " زیاترە !! بەڵام ئـەو حکومەتـە بـە پێـچەوانەی شۆڕشـی کوردیـەوە ، بـە بیـانووی ئـەوەی هـەر منداڵێك بە ( زمانی دایکی ) بخوێنێ ، ئەوە خەریکە مافی ( زمان ) بوون لە زمانی کوردی بسەنێتەوە و جارێکی تر

وەك (زار ) ێك بەرانبەر (زار ) ێكی تر قسەی لەسەر بكاتێ ! لێرەش، هۆكاری هەبوونی قەوارەی نەتەوەیی بۆ كورد بۆتە هۆكاری دروست بوونی ئارێشە لە بەردەم زمانی ستاندەری كوردی نەك لابردنی ئارێشەكان !! بەڕای من هۆكاری تر هەن كە لەمپەر لە بەردەم پرۆسەی دروستبوونی زمانی كوردی دروست دەكەن : یەكەم . بیركردنەوەی كوردی ، بیركردنەوەیەكی دواكەوتووانەیە لە مەڕ پرسە نەتەوەیەكان بە تایبەتی پرسی زمانی ستاندەر ! ئەو بیركردنەوەیە زۆری پیاوی حكومەتی كوردی و بەشێك لە زمانزانی كوردی و بەشێكی زۆری عەوامیە كوردی

گرتۆتەوە . بە حوكمی ئەوەی لە ڕوخانی ئەپراتۆریەتی میدی ٥٤٩ پ.ز هەتا حكومەتی هەرێم كورد فەرمانڕەوایی تەواوی وڵاتی خۆی نەكردووە ئەمەش وایكردووە (عەشیرەت ) و ( هۆز ) و(میرینشین) بەرەو (نەتەوە) و (دەوڵەت) نەچێ ! بەواتای مێنتاڵی كورد قۆناغەكانی (نەتەوە) بوونی نەبریوەو هێشتا لە بازنەی مێنتاڵیخێڵ دەژی .دووەم . زمانی ستاندەریش لەناو مەملەكەتی (شار)ی نەتەوە بەرپا دەبێ نەك گوندو دەڤەری ( عەشیرەت ) جا هەتا حكومەتی كوردی ، ڕوناكبیری كوردی لە دێوەزمەی ( عەشیرەت ) و ( دەڤەری جوگرافی ) ڕزگاری نەبێ ، هەست نەكات لە شار دەژی ، جیهانییەكەی هەرگیز پەرە ناسێنێ نابێتە نەتەوەیەكی یەك زمان ! بە كورتی و كوردی زمانی ستاندەر و زمانی ڕەسمی واتای نەتەوە و حكومەت دەگەیەنن هەرچی زار و بنزارە ئەوە عەشیرەت و عەشیرەتگەری دەنوێنن!

# گرفتی زمان بابەتێکی سیاسیەو پێویستە دەسەڵات بڕیاری سیاسی لەسەر بدات

کۆسار عمر
کەلار
Kurd2007ahmad@yahoo.com

زمان فاکتەرە بۆناساندنی کۆمەڵگا و لەهەمان کاتیشدا یەکێکە لە بنچینە هەرە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵاتی و بەیەکێك لە پێداویستیە گرنکیەکانی ئەو ژیانەش هەژمار دەکرێت ، تائێستا نزیکەی ٥٠٠٠زمان هەیە لە جیهاندا ، هەر ئەو زمانانەیە دەبنە مایەی برەو دان بە یەك گەیشتن و دووبارە بەهێزکردنی فاکتەرەکانی لەگەڵ یەکدیدا لەیەك تێگەیشتن و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا، زمان فاکتەرێکی تایبەتە بۆناسینی هەرکۆمەلگایەك،بێگومان زۆرێك لەکۆمەلگاکان هەریەکەو بەزمانێکی ستاندەری یەکگرتووی جیاواز دێنە ئاخاوتن،کۆمەلگای کوردیش یەکێکە لەو کۆمەلگایانەو بەزمانی خۆی دەدوێت،بەلام لەکوردستاندا زمانێکی ستاندەری یەکگرتوو نیە کەسەرجەم قولۆناوچەکانی کوردستان بگرێتەوەوپێی بدوێن، لەکوردستانیشدا چەند ژانەرێکی دیالێکتی سەرەکی هەیە،ئەوانیش(دیالێکتی کرمانجی ژورو خوارو کرمانجی ناوەڕاست و

بەشەدیالێکتی گۆران(هەورامی)،یاخود بەدیویکی تر دەتوانین بڵێین لەهەرێمی کوردستاندا بەگشتی بە دوو دیالێکت قسەدەکرێ ئەوانیش(دیالێکتی ژوورو دیالێکتی ناوەڕاستە) ،ئەمەش دیاریدەی فرەدیالێکتی دروست کردوە،

زمان تەنها ئامرازێك نیە بۆ ئاڵو گوڕکردنی هزری مرۆڤ لەگەڵ یەکدا بگرە هۆی فراوان بوونی هزرو ئەزموونیشە لەگەڵ مرۆڤدا.

ئەوەی ئەم مامۆستایانە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لێوە دەکەن زمانی کوردی و کێشەو گرفتەکانیەتی ،(هەنوکە زاری کوردی لەنێو کێشەیەکی زۆر گەورەدایە و کەچی چارەسەریشی بۆ نەدۆزراوەتەوە) هەرچەندە چارەسەریش بۆی ئاسانە ، کۆڕو دانشتنی پرۆفیسۆرو دکتۆرو مامۆستایانی زانکۆ گەواهی ئەو دێرەی سەرەوە دەدەن ،ئەوەی ئێستا زمانی کوردی پێوە دەناڵێنێت فرە دیالێکتیە واتا زۆری قسەپێکردنی شێوە زارە لەکوردستاندا، ئەم فرەدیالێکتەی کەلەکوردستاندا هەیە لەڕاستیدا بوەتە کێشەوبەربەستیکی گەورە لەبەردەم دروست بوونی زمانێکی ستاندەری یەکگرتوو لە کوردستاندا ، ئەگەر نموونەی وڵاتە عەرەبیەکان بهێنینەوە لەچەند وڵاتێکی عەرەبی پێك هاتوون ،هیچ کام لەم وڵاتە عەرەبیانە یاخود زۆربەی ئەم وڵاتانە زمانی دایکیان وەك یەك نیە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو نەتەوەی عەرەبی یەك زمانی ستاندەری یەکگرتوویان هەیە، پێویستە زانایانی بواری زمانناسی لەکوردستان هەوڵی گرنگی خۆیان بخەنە گەڕ بۆدانانی زمانێکی ستاندەری یەکگرتووی کوردی ، شایەنی ئاماژەپیدانیشە هەچەندە کۆڕو کۆبوونەوەی زۆری لەبارەوە ئەنجام دراوە ، بەڵام ئەوەی جێگای سەر سوڕمان و پرسیاربێت نازانین بۆتائێستا ئەو کۆڕو کۆبونەوانەی کەلەبارەی یەکگرتنی زمانی کوردیەوە ئەنجام دراوە ئەنجامی یەکلا کەرەوەیان نەبووە !..

بۆزیاتر قوڵبونەوە لەئەم کێشەیەو دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆی،چەند پرسیارێکمان لەبارەی کێشەی زمانی

کوردی ونەبوونی زمانێکی ستاندەری یەکرتوو دۆزینەوەی ڕێگە چارەو دیاردەی فرەدیالێکتی و چەند پرسیارێکی تر ئاراستەی کۆمەڵێك لەدکتۆرو مامۆستایانی زانکۆکان کرد، م.مهاباد کامل عبدألله خوێندکاری دکتۆراو مامۆستای بەشی زمانی کوردی لەزانکۆی سلێمانی،بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن :زمان ناسنامەی نەتەوەیە، زمان ونەتەوە وەك دوو دیوی دراوێکن لەیەك جیانابنەوە،ئەمەش وایکردووە کە زۆربەی نەتەوەکان بەزمانەکەیاندا بناسرێنەوە.

زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە کەلەدام و دەزگا فەرمییەکاندا کاری پێدەکرێت و پێدەنوسرێت و دەخوێندرێتەوە، ئێمە ناتوانین بەراشکاوی بلێین کە زمانێکی ستانداردمان هەیە یاخود نییە بەڵکو زمانی نیمچە ستانداردمان هەیە بە بەڵگەی ئەوەی کە دیالێکتی کرمانجی ناوەراست لەزۆربەی دام و دەزگا فەرمییەکاندا کاری پێدەکرێت و زمانی دەسەڵاتە لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندیشدا.

هەروەها نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد لە سەرانسەری هەرێمدا بەگشتی دەگەرێنینەوە بۆ:-

بریار نەدانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دروست بوونی ئەم زمانە چونکە زمانەکە خۆی هەیە بەلام پیویستی بە زەمینە خۆشکردن و بریاردان هەیە هەروەك چۆن لە فەرەنسا لە ساڵی ١٥٣٩دا فرانسوای یەکەم بریاری بەستانداردکردنی دیالێکتی پاریسی دا لەفەرەنسا.

نەبوونی لیژنەیەکی پسپۆر ی زمانەوانی تایبەت بەم گرفتە.

نەبوونی هۆشیاری لای تاکەکانی کۆمەڵ ، کاتێك هەندێك دەکەونە ژێر کاریگەری زمانێکی بێگانەوە و بە پیرۆزی دەزانن و قەڵەمەکانیان لە و بوارەدا خزمەت دەکات زمانی کوردی وەلا دەنێن .

یەکێك لە کێشەکانی تری ئەم بوارە نەبوونی ئەلف و بێ یەکی یەکگرتووە لە کوردستاندا.

وە بێگومان کە کێشە هەبوو پێویستی بە چارەسەر هەیە: بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دراوە ئەم کێشەیەش

چارەسەربکرێت بەڵام هەوڵەکان زۆرجار تاکەکەسی بوون لە شێوەی پێشنیاردا و نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڕێز د.عزالدین مستەفا رەسول پێی وایە بەتێکەڵکردنی دیالێکتە کوردییەکان زمانێکی ستاندارد دروست دەبێت. بەڕێز د.جەمال نەبەز لەچەند خاڵێکدا یەکگرتنی زمانی ستاندارد دەخاتە روو لەوانەش :

سەپاندنی دیالێکتێك بەسەر گەلدا.

لەخۆوە دروست بوونی زمانێکی ستاندارد.

هەوڵدانێکی رێکخراوی زانستیانەی لەسەر خۆ بۆ هێنانە بەرهەمی زمانێکی ستاندارد.

چەند کادر و نوسەر و رۆشنبیرێك لە گۆڤار و رۆژنامە و راگەیاندنەکاندا لەم بوارەدا کاریان کردووە بەڵام هەوڵەکان بەئاکام نەگەیشتوون، ئەگەر هۆکار پسپۆری نەبوون بووبێت لەو بوارەدا یاخود پشتگیری نەکردنیان بوو بێت لەلایەن حکومەتەوە.ئیستا هەوڵەکان لە جاران چڕترن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە هەوڵی زانستیانەی زیاترە.

- فرە دیالێکتی دیاردەیەکی ئاساییەو بەڵگەی زیندویەتی هەر زمانێکە، لە زۆربەی زمانەکانیشدا بوونی هەیە. زمانی کوردی لەچوار دیالێکتی سەرەکی پێك دێت (کرمانجیی سەروو، کرمانجیی ناوەراست و کرمانجیی خواروو و گۆران و زازا) ، هەر یەك لەم دیالێکتانەش کەلتوور و رۆشنبیری تایبەت بە خۆیان هەیە، لەسەردەمێنێکدا زمانی دەسەڵات و ئەدەب و رۆشنبیری بوون.

فرە دیالێکتی لەزمانەکاندا نەبۆتە کێشە لە دروستکردنی زمانی ستاندارد دا وەك

زمانی فەرەنسی پاش ئەوەی کە فرانسوای یەکەم لە ١٥٣٩ دا بریاری بە ستاندارد کردنی دیالێکتی پاریسیدا کەببێتە زمانی فەرمی لەو ولآتەدا، پاشان لە ١٩٧٢/٧/١ دا بریار درا کە زمانی فەرەنسی دەوڵەمەند بکرێت بە دروست کردن و دۆزینەوەی زاراوەی نویّ، لە ١٩٩٢/٦/٢٥ دا جەخت لەسەر بریارەکانی پێشتر کرایەوە کە زمانی

فەرەنسی زمانی کۆماری فەرەنسایە، بۆ زمانی عەرەبیش هۆکاری ئاینی رۆلی خۆی هەبووە لە بە ستانداردکردنی دیالێکتی قورەیش لە ولاتانی عەرەبیدا کە خاوەنی چەندەها دیالێکتی جیاوازن.

لەمانەش جیاوازتر ولاتی نەرویجە، کە چوار تا پێنج دیالێکتیان هەیە بەلام دوو زمانی ستانداردیان هەیە، هەردوکیشیان زمانی نەرویجین یەکەمیان: بوکمۆل Bokmål ە نزیکەی ٨٠٪ ی لە دام و دەزگا فەرمییەکاندا کاری پێدەکرێت و زمانێکە وشەی دانمارکی زۆر تێدایە بۆتە زمانی دەسەلات و پایتەخت.

دووەمیان: نەرویجی نوێ Nynorsk زمانی نزیکەی ٢٠٪ ولاتەکەیە و زمانی رەسەنی خۆمالی نەرویجە کە لە ١٩٨٥/٥/١٢ دا ئیڤار ئەیسن Ivar Aasen پاش سەرژمێری کردن و کۆکردنەوەی وشەی رەسەنی نەرویجی لە قەراخ دەریاکانی ئەو ولاتەدا بریاریدا وەک زمانی ستانداردی دووەم لە نەرویج کارپێبکرێت . بەیاسا پێویستە هەموو نەرویجییەك هەردوو زمانەکە بە خوێندن و نوسین بزانێت – تاقیکردنەوەی تایبەت ئەنجام دەدرێت –تاکەکان سەربەستن لەبەکارهێنانی زمانی دایك لە ژیانی رۆژانەیاندا.

– هەنگاونان بۆ دروستکردنی زمانێکی ستاندارد پێویستی بە پلانی وورد هەیە، بەرای ئێمە سەرەتا سەرژمێریەك بکرێت ئایا خەلك خۆی بریاری چی دەدات و پێیان باشە چی بکرێت؟ ئەگەر زۆرینە بریاریاندا یەکێك لە دیالێکتەکان ببێت بە زمانی ستاندارد لەو کاتەدا پێویستە حکومەت زەمینە خۆش بکات بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم بریارە چونکە زمان کردەیەکی تایبەت بە کۆمەلە و دەبێت سەرچاوەی را وەرگرتن ئەوان بن. بەلام لە حالەتێکدا ئەگەر سەرژمێریەکە بە جۆرێك بوون کە دوو زمانی ستاندارد هەبێت باسوود لە تاقی کردنەوەی ولاتی نەرویج وەربگیرێت بەمەرجێك هەریەکەیان لە ناوچەی ئەوی تردیاندا وەك بابەتێکی پرۆگرامی خوێندن بخوێندرێت، هەروەها قسەپێکەرانی هەریەك لەو

دیالێکتانە توانای قسەپێکردن و تێگەشتنی دیالێکتی دووەمی هەبێت زمانی دایکی هەر زمانێك بێت.

هەرچەندە ئێمە لەگەڵ بوونی یەك زمانی ستاندارد داین بەلام دەبێت بریاری کۆمەڵانی خەڵك بە هەند وەربگیرێت.

گرتنی کۆنفرانس و کۆنگرە بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن پسپۆرەکانی تایبەت بەم بوارە کارێکی پێویستە، بۆ نزیك بوونەوەی کادرانی سەر بە هەردوو دیالێکتەکە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و زانستی تایبەت بەم گرفتە بە پێش کەش کردنی را و بۆچوونی وردیان لە باس و راپۆرتە کانیاندا.

## رێگاکان زۆرن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە

هەروەها بەرێز نەریمان خۆشناوخوێندکاری دکتۆراو سەرنوسەری گۆڤاری(زمانناسی)و ماﻣۆستا لەبەشی زمانی کوردی لەکۆلێژی زمانی کۆیە و سەلاحەدین،بەم شێوەیە دوا

- بەداخەوە ئەمرۆکە کورد دوو زمانی یەکگرتووی هەیە، یەکەکیان کرمانجی ناوەڕاستە (کە بە هەڵە بە سۆرانی ناودەبرێت ، چونکە سۆرانی شێوەزارێکە لە کرمانجی ناوەڕاست و تایبەتە بە شاری هەولێر)، ئەویتریان کرمانجی سەرووە .

دیارە کۆمەڵێ فاکتەر هەن لە نەبوونی تاکە زمانێکی یەکگرتوو بۆ کورد ، لەوانە نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ بۆ هەموو کورد، چونکە وەکو دەزانین خاکی کوردستان بەسەر چەند وڵاتدا دابەشکراوە ، کە ئەمەش خاڵێکی نێگەتیڤی دروستکردووە بۆ سەر زمانەکەمان .

خاڵێکی تریش لایەنی دەسەڵاتە ، کە بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی عێراق خۆی لە مەسەلەی چارەسەرکردنی دوو زمانی و دوو دیالێکتی بە دوور گرتووە و بۆ مێژوو و ڕۆژگار جێی هێشتووە .

بەلام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین ، کە لە کوردستانی عێراق دەمێکە کرمانجی ناوەڕاست ژینگەیەکی باشی بۆ خۆی دروستکردووە تاکو بەرەو

زمانێکی یەکگرتوو بڕوات ، تەنانەتی سێ حکومەتی کوردیش لە ساڵی ١٩٢٠ تاکو بە ئەمڕۆ دەگات زمانی فەرمیی و یەکگرتوویان بە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی بووە ، کە ئەوانیش بریتین لە ( حکوومەتی شێخ مەحموود ، کۆماری کوردستان لە مەهاباد ، حکومەتی هەرێمی کوردستان ). هەمدیسان ئەمڕۆکە لە کوردستانی عێراق هەر سێ پۆستە گرنگەکەی هەرێمی کوردستان( سەرۆکی هەرێم ، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ، سەرۆکی پەرلەمان) هەموو نووسراو و دواندنەکانیان بە کرمانجی ناوەڕاستە ، دیارە ئەمەش بە شێوەیەکی نارەسمی دانیان بە کرمانجی ناوەڕاست ناوە وەکو زمانێکی یەکگرتووی کوردی ، دیارە ئەمە سەبارەت بە کوردستانی عێراق، بەڵام سەبارەت بە کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان ، هاوکێشەکە دەگۆڕێت ، چونکە لە کوردستانی تورکیا و سووریا شێوەی ئاخاوتنیان بە کرمانجی سەرووە ، و تاکو هەنووکەش لە ژێر چەپۆکی داگیرکەراندا دەناڵێنن و هەوای ئازادیان نەبینیوە ، بۆیە ناکرێ کرمانجی ناوەڕاستیان بەسەردا بسەپێنین، لە لایەکی تریشەوە لە کوردستانی عێراق نووسین بە ئەلفوبێی عەرەبییە ، کەچی لە کوردستانی تورکیا نووسین بە ئەلفوبێی لاتینییە، کە ئەمەش کێشەیەکی ترە.

-چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر هەیە بۆ چارەسەرکردنی دوو دیالێکتی ، لەوانە:

دەکرێ دیالێکتێك بکرێ بە بناغە و لەم ڕێگەیەوەش وشە و زاراوە لە دیالێکتەکانی تری زمانەکە وەرگیرێن و تێکەڵ بە دیالێکتەکە بکرێت ، بە مەبەستی زیاتر دەوڵەمەند کردنی لە ڕووی وشە و زاراوەوە . بۆنموونە کرمانجی ناوەڕاست بکرێتە زمانی یەکگرتوو بۆ هەموو کورد، لەپاڵ ئەوەشدا وشە و زاراوەی لە دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی بۆ زیادبکرێ ، کە ئەمەش تارادەیەك زمانەکەی زیاتر پێ دەوڵەمەند دەکرێت و تێکەڵییەکیش دروست

دەكات .
دیارە ئەمەش هەروا بە ئاسانی ناكرێ، بەڵكو بڕیارێكی سیاسی دەوێ لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە ، پاشان لە ڕێگەی پێشنیازكردنی گەورەترین دەزگا زانستییەكانی كوردستان ، كە ئەوانیش بریتین لە بەشە كوردییەكانی زانكۆكانی كوردستان و دەزگای ئەكادیمی كوردی.
ڕێگەیەكی تر دەشێ هەردوو دیالێكتە سەرەكییەكە (كرمانجی ناوەڕاست ، كرمانجی سەروو) تێكەڵ بە یەكتر بكرێن ، بەڵام ئەمە تاڕادەیەك ئەستەم و نازانستییە، چونكە كێشە و ئاریشەی زیاتری هەیە ، لەبەرئەوەی لە كوردستانی عێراق شێوەزاری بادینی بناغەی كرمانجی سەروو پێكدەهێنێ ، بەڵام لە كوردستانی توركیا و سووریادا شێوەزاری بۆتانی بناغەی كرمانجی سەروو پێكدەهێنێ ، كە ئەم دوو شێوەزارەش جیاوازییان لە نێواندا هەیە.
ڕێگەیەكی تر دەشێ زمانێكی تر هاوردە بكرێ ، كە ئەویش زمانی ئینگلیزییە ،و ببێتە زمانی كارگێڕیی و فەرمیی وڵات ، هەروەكو وڵاتانی هیندستان و پاكستان، بەڵام بە بۆچوونی خۆم ڕێگەی یەكەم لە هەموو ڕێگەكانی تر ئاسانتر و باشترە و زانستی ترە .بۆیە لێرەدا ئەركەكە دەكەوێتە سەر دەسەڵاتدارانی كورد لە كوردستانی عێراق ، بەتایبەت سەرۆكی هەرێمی كوردستان ، كە گەورەترین دەسەڵات و پۆستی هەرێمەكە پێكدەهێنێ .
ـ دیارە گومانی تێدا نییە ، كە لە هەموو زمانانی جیهان دیاردەی دیالێكت بوونی هەیە ، زۆری و كەمی دیالێكتیش پەیوەندی بە پێشكەوتوویی و دواكەوتوویی زمانەكەوە نییە ، بەڵكو ئەمە وەكو شتێكی ئاسایی وایە ، كە هەموو زمانێك دیالێكتی سەرەكی و دیالێكتی ناسەرەكی هەبێت ، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەپێكردنە كە چەند وڵاتێكی دیاریكراو لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی دەوڵەتدا زیاتر لە زمانێكی یەكگرتوویان هەیە و بەكاردەهێنن، لەوانە (هیندستان ، پاكستان ، نەرویج )، كە ئەمەش بوونە

شتێکی ئاسایی لەم وڵاتانەدا ، چونکە ئەم وڵاتانە یەکێ لە زمانەکانیان زمانی ئینگلیزییە، لەبیریشمان نەچێت زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆکە لە جیهاندا زمانی سەردەم و زمانی تەکنەلۆژیا و زمانی دەسەڵاتە، بەڵام ئەمە دەربارەی کورد و زمانەکەی جیایە ، چونکە زمانی کوردی دوو دیالێکتی سەرەکی هەیە و شێوەی یەکگرتوویان وەرگرتووە ، واتە لە زمانی کوردیدا دوو زمانی جیا نییە ، بەڵکو دوو دیالێکتی جیا هەیە ، بە هەردوو دیالێکتەکەش زمانێکی یەکگرتوو پێکدەهێنن .

هەروەها سەبارەت بەمانەوەی ئەم کێشەیە دوو وڵام هەیە

وەڵامی یەکەمیان دەکرێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، تاکو هەموو پارچەکانی تری کوردستان ڕزگار دەبێ ، ئەوکات بڕیار لە بارەی زمانەکەوە بدرێ، کە دیارە ڕزگارکرنی هەموو پارچەکانی تری کوردستان ، خەونی هەموو کوردێکە ، بەڵام بەداخەوە ئەمە زۆر ئەستەمە .

وەڵامی دووەمیان پەیوەستە بە کوردستانی عێراق ، چونکە هەنووکە حکوومەتێکی ناوچەیی و فیدراڵمان لە چوارچێوەی عێراقدا هەیە ، بە ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، بۆیە دەخوازێ تەنیا یەك زمانی یەکگرتوومان هەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت،دەبێ لێرەشدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە لە ساڵی ١٩٧٠ حکوومەتی ئەوسای عێراق دانی نا بە کرمانجی ناوەڕاست وەکو زمانی یەکگرتووی کوردی لە عێراق ، دیارە ئەمەش لە یەکێ لە بڕگەکانی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هاتووە ، کە بۆ یەکەمجار حکوومەتی عێراق بە فەرمی دانی نا بە کرمانجی ناوەڕاست وەکو زمانی یەکگرتوویی کوردی .

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم دەشێ هەنووکە کرمانجی ناوەڕاست بکرێ بە زمانی یەکگرتووی کوردی ، لە بەرانبەریشدا دیالێکت و شێوەکانی تر تێکەڵ و بەکاربهێنرین بۆ دەوڵەمەندکردنی دیالێکت و زمانەکەمان .

## چۆن پێویستە زمانی هەبێت ، بەهەمان شێوە پێویستە زمانی ستاندەری هەبێت

د.ئومێدبەرزان برزۆ پسپۆرلەبواری زمانناسی لەکۆلێژی پەروەردەی کلار ووتی

زمانی ستاندەر پێگەی سەرەکی بەشی نەتەوەیە و هەرنەتەوەیەك پێویستە زمانێکی ستاندەری هەبێت ، چونکە پێویستیەکی سەرەکی میللەتە ، هەر وەکو چۆن پێویستە زمانی هەبێت ، بەهەمان شێوە پێویستە زمانی ستاندەری هەبێت بەهەمانشێوە پێویستە زمانی ستاندەری هەبێت و لەهەموو ناوەندەکانی خویچندن ە نوسراوە فەرمیەکان و دامودەزگا کانی دەوڵەت و راگەیاندنەکاندا بەکار دێت.

زمانی ستاندەر یان هەموو دیالێکتەکانی ئەو زمانە هەڵدەهنجیجزێت و وەردەکیرێت یان لەیەکێك لەدیالێکتەکانەوە (زاراوەکانەوە)وەردەگیرێت ، هەروەها کۆمەڵێك هۆکار هەن بۆ دروست کردنی زمانی ستاندەر،وەك هۆکاری (ئاینی – ئابوری و بازرگانی – سیاسی(رامیاری) – نەتەوەیی( قەومی) – داگیرکاری .......) . بەلام ئێمە تائێستا زمانێکی ستاندەری کوردی واتا زمانێکی یەکگرتووی کوردی لە کوردستاندا بە فەرمی نیمانە ، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

١. لەسەردەمی حکومەتی سێخ مەحمود و پاشان کۆماری کوردستان لە مەهابات و تادەگاتە راپەرینەمەزنەکەی ساڵی (١٩٩١) وە تاچەند ساڵێکی دواتریش زمانی نوسین و خویچندن و نوسراوە فەرمیەکانیش لەم سەردەمەدا بە دیالێکتی کرمانجی ناوڕاست بووە، بەلام لە ساڵانەی دوایدا لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە وەکو ( تەلەفزیۆن و رادویۆ و رۆژنامە و گۆڤار و .....هەروەها دانانی پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و بەهەرودوو دیالێکتی کرمانجی ژورو و دیالێکتی کرمانجی ناوڕاست بۆتە بنەمای سەرهەڵدانی دوو برەکی و ناوچەگەریەتی و گرفتی تێکدانی پرۆگرامی

خوێندن ، وەکو د.ڕەفیق سابیر دەڵێت ( ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانی کوردیدا دەبینرێت ، بەرپرسی یەکەمی شێواندن و تێکدانی زمانی کوردی و ڕشاگەیاندنی کوردیە).

٢. هەر لەو سەردەمانەوە دیالێکتی کرمانجی ناوڕاست وەکو زمانی ستاندەر لە کوردستاندا خۆی سەپاند و هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی لەسەر دروست نەبووە ، تەنانەن لەسەر ئاستی کۆماری عێراق و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و لەسەر ئاستی جیهاندا بەفەرمی ئەم دیالێکتە وەکو زمانی ستاندەری کوردی ئاسراوە و ڕەگی خۆی داکوتاوە ، بۆنمونە( ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ، ئەنجومەتنی نوێنەرانی عێراق ) بەلام تاکەکانی ئێمەو دەسەلات و ڕاگەیاندنەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و سەر لەنوێ ئالۆزتر دەکەن ئەمەش دیارە تاکی کورد هەست بە گرنگی ئەك دیاردەیە ناکات پشتگوێیان خستوە، بۆیە پێویستە لەسەر ئاستی کۆماری عێراق و کوردستان و جیهان پێویستە یەك زمانی ستاندەریان هەبێت و بەزمانێکی فەرمی لە دامودەزگاکانی دەولەت و نوسین و خوێندن و ڕاگەیاندنەکاندا بناسرێت ، لەگەڵ ئەوشدا هەر ئاخێوەر و ناوچەیەك بە شێوازی ئاخاوتنی خۆی بدوێت و مامەڵە بکات .

-- لەماوەی ئەم هەژدە ساڵەی فەرمان ڕەوایی کوردی لە کوردستانی باشوردا هیچ دەرئەنجامێکی باشیان بۆ چارەسەر کردنی ئەم کیشەیە نەکردوە ، ئەتوانم بڵێم هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاتی سیاسی کوردی ، چونکە تەنها فاکتەر بۆ بەرجەستە کردن و بەدەستهێنانی زمانی ستاندەری کوردی تەنهاهۆکارو یاری دانی سیاسیە ( ڕامیاریە)

-- ئاشکرایە هەموو زمانێك لە چەند زارێك ( دیالێکتێك) پێك هاتووە هەر زارێکیش لە چەند شێولزێك پێك هاتووە تەنانەت لە زانستی زمانی نوێشداجەخت لەزمانی تاکێك دەکرێت وە ئاساییە هەرتاکێك یان هەر ناوچەیەك یان هەرکۆمەڵگایەك بەشێوازی خۆی بدوێت و مامەڵە بکات

و هیچ گرفتێك له زماندا دروست ناكات ، بەڵام پێویستە هەموو كوردێك لە كوردستاندا خاوەنی تەنها یەك زمانی ستاندەری كوردی هەبێت ، بۆنمونەزمانی عەرەبی زمانی خوێندن و نوسین و دامودەزگا فەرمیەكانی هەموو وڵاتانی عەرەبە، لەگەڵ ئەوەشدل عەرەبەكان چەندین ملیۆن كەس دەبن و خاوەنی تەناه زمانێكە ستاندەری عەرەبین ، هەروەها ژمارەیەكی زۆری زارو شێوه زاریان هەیە و هەرتاك و كۆمەڵگایەكیش بەشێوه ئاخاوتنی خۆی دەدوێت .

-- كێشەی نەناساندنی زمانی ستاندەری كوردی بەفەرمی لەكوردستاندا چارەسەركردنی ئەم كێشەیە هەست نەكردنی تاك و دەسەڵاتی كوردیە ، چونكە زمانی ستاندەر پێویسترین خاڵی ناساتندنی مۆركی نەتەوەیی كوردیمان دیاری دەكات ، بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی كورد بەپەلە كار بۆ دروستكردنی زمانێكی ستاندەری كوردی بكەن و چیتر نەهێڵن ئەم كێشەیە بەو ئاقارە بمێنێتەوە و لە ئاستی زمانەكەماندا كەم تەرخەم و بێ خەم نەبن ، چونكە دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزبونی ئەو كۆسپ و تەگەرانەی كە دێنە بەردەم زمانەكەمان بەتایبەتی لە ناوەندەكانی خوێندن و ڕاگەیاندنەكاندا و بگرە لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتیشدا.

## دانانی لیژنە دەبێنە هۆی چارەسەركردنی كێشەی فرەدیالێكتی

م.یاریدەدەر.دڵشاد محمد غریب لەكۆیژی ئادابی خانەقین ووتی ئەگەر تێراوانین بكەین لە حكومەتی فیدراڵدا هەر شتێك بنوسرێت بەزمانی ستاندەر بەزمانی سۆرانی دەنوسرێت،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانێكی یەككگرتومان نیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوە، بۆنمونە دیالێكتی خوارو لەگەڵ ژوروو لەگەڵ دیالێكتی گۆرانەكەدا دیاڵێكتی ژورو ئەمرۆ هەندێ كێشەیان هێناوەتە ناو زمانەكەوە كەوا ئەبێ زمانی ژوروو ببێتە زمانێكی ستاندەر یان زمانی سۆرانی ببێتە زمانی ستاندەر بۆزمانی ئێمە لەزمانی سۆرانی

کۆنترە،بەڵام پێم وایە زمانی سۆرانی زمانێکی پاراو ترو زمانێکی ڕێکوپێك ترە وەنەبێ بڵێین زمانی ژوروو زمانێکی پاراو نیە،بەڵام زمانی سۆرانیەکە هەموو کەسێك لێی تێ دەگات هەموو کەس بەجوانی ئەتوانێت بینوسێت هەموو کەس ئەتوانێت بیخوێنێت تەنانەت لەڕووی ڕێزمانیشەوە دیالێکتی خواروو لەدیالێکتی ژوروو ئاسانترە،جا من پێم وایە بۆنەو زمانە ستاندەرە مانی سۆرانی تەواو ترە ،بەڵام ئەمڕۆ هەنێك لەو زمان ناسانە ئەوانەی کە پێگەیشتون لە دیالێکتی ژوروو پێیان وایە کە زمانی ژوروو ببێتە زمانی ستاندەر ئەوەش دەگەڕشێتەوە بۆ چەند هۆیەکی سیاسی .

هەروەها سەبارەت بە زمانی ستاندەر کۆبونەوەیەك کرا لەوەزارەتی خوێندنی باڵا کە هەموو سەرۆك بەشەکان تیایدا بەژدار بون ئاماژە بەوەدرا لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵاوە هەموو سەرۆك بەشەکان و مامۆسایان و دکتۆرەکان کۆبونەوە بۆنەوەی پرس بکەن چی بکرێت بۆنەوەی زمانێکی ستاندەرمان هەبێت و بیرو بۆچونەکان دابمەزرێت،بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا ئەوشتانە کرا،بۆنمونە لەخانەقین لە گەڵ مامۆستایانا قسم کرد و بەئیمێڵ ناردمان بۆ خوێندنی باڵا ، خوێندنی باڵا پێی وابوو چەند لیژنەیەك پێك بهێنێت،لیژنەیەك لەپەروەردە و لەکۆڕی زانیاری و زانکۆکان بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە وە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشنیارەکە ئاماژەکراو لەوێوە بۆخوێندنی باڵاو لەوێشەوە بەرەو خوارەوە،بەڵام هەر ئەوشتە کراو ئەو کۆبونەوە کراو بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووتەنها ئەوشتەکراو هیچ سودی نەبوو .

وەهەروەها لە دیالێکتەکان بۆنمونە ئێمە دودیالێکتی سەرەکیمان هەیەو دوانیش تارادەیەك لاوەکین وە سەرەکی نین تەنها ناوڕاست و ژوروەکە نەبێت سەرەکین،ئەگەر باسی دیالێکت بکەین لەهەموو زمانێك دیالێکت هەیە، بۆنمونەزمانی عەربی، ئێمە نالێین دیالێکت نیە لەزمانی

عەرەبی لەهەر ناوچەیەك بۆناوچەیەكی تـر زمانەكـەی ئـەگۆڕێت بۆنمونـە لـە موصـڵەوە بـۆ بەصـرە قـسەبكەی بەجوانی لێـی تێناگـەیی ،بـەڵام زمـانی قورئـــان وای كـــردوە زمـــانێكی یـەككگرتویان هـەبێت،بـەڵام دیالێكـت خـۆی بۆخـۆی شـتێكی خـراپ نیـە شـتێكی زۆرباشیـشە و دەوڵەمەنـد كردنـی زمانەكەیـە لـەڕوی وشـەوە و لـەڕوی فرەشـتی زمانەوانیـەوە زمـان دەوڵەمەند دەكات ، وەلەپاڵ ئەوەشـدا هـەردیالێكتێك زمـانێكی هـەبێت ئـەوە دەبێتـە هـۆی تێكـدانی زمانەكـە وەهـەروەها ئەوزمانـە دابـەش دەبـن بەسەر زمانی تردا بۆیـە من پـێم وایـە ئەگـەر زمـانێكی یـەككگرتومان هـەبێت باشترە .

وەبۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە مـن پـێم وایـە سـەبارەت بـەو شـتانە كـە بكرێت لیژنەیەك دابنرێت لـە كەسان و پـسپۆڕانی زمـــان نـــاس بتـــوانن فەرهەنگێكی یەككگرتو دابنـەن ئـەویش بەوەی چی وشـەیەك زۆر بـەكاربێت و هەموو دیالێكتەكان بەكاری دێنن ئـەو وشـەیە بـەكار بێـت،وە هەنـدێك وشـە هەیە سێ دیالێك بەكاری دێنێت تـەنها یەك دیالێكـت بـەكاری ناهێنێـت بائـەو وشەیە بـەكار بهێنرێـت وشـەیش هەیـە تەنها یەك دیالێك بەكای دێنێت با ئـەو وشـەیە بـەكار نـەهێنرێت وەلـە پـاڵ ئەوەشدا لـەڕوی زمانەوانیـەوە زمانێك دابنرێـــت ڕێزمانەكـــە باڕێزمـــانێكی هاوبـەش بێـت هـەموو كـەس بتوانێـت بەئاسانی لێی تێبگات وەلەپاڵ ئەوشدا بۆنمونە ئێستا لەخوێندنگاكانـدا چەند زاراوە و چەند لایـەنێكی ڕستەسازی و زمانـــەوانیان هێناوەتـــە نـــاو خوێندنگاكانەوە بۆنمونە ناوەندیـەكان و ئامادەیەكان وە تێناگەن لیێ،چونكە لـە بنەڕەتـدا فێرنـەكراون،چـونكە دیـالێكتی ژوروو بۆنمونـە هەورامیەكـە ئەوەنـــدە ئاســـان نیـــە لـــە ڕوی ڕێزمانـــەوە،وەمن پـــێم وایەئەگـــەر بكـرێتیش بالەسـەرەتاوە دەسـت پـێ بكـەین بـۆ ئـەوەی ئـەو خوێنـدكارە بزانێت ئەو یاسایە دابڕێـژێت بۆئـەوەی لـە چـواری بنەڕەتیـەوە ئـەو شـتانە دابڕێژێت .

من پێم وایە لیژنەیەك بۆ ئـەو كیـشەیە دابنرێـــت ئـــەو لیژنەیـــە بتـــوانن

فەرهەنگێکی گشتی دابنێین وە هەموو دیالێکتەکانی تێدا بێت وە هەموو یاساکی تێدا دابنێین،وەبێمیش وایە حکومەت ئەتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەربکات و ئەم کێشەیە نەهێلێت......هتد.

## مەسەلەی زمان لە مەسەلەی خاک کەمتر نییە

**پ.ی.** سەلام ناوخۆش مامۆستای زانکۆوخاوەن ئیمتیازی گۆڤاری زمانناسی بەم شێوەیە باسی لێوە کرد کێشەکە لە چەمکی زمانی ستاندەر دایە - بەواتای ئەو چەمکە لەڕووی زمانەوانییەوە لەناو کورد بە دروستی دیار ناکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی ستاندەر ( یان ڕێکتر و دروستر زاری ستاندەر نەک زمانی ستاندەر! ) لە ڕووی زمانەوانییەوە تەواو لەناو کورد گەشەی نەکردووە، ئەوەی هەبووە، بەشێك لە زاری کرمانجی ناوەڕاست ئەوە زیاتر لە سەدەیەکە بۆتە زمانی پێخوێندن و ڕاگەیاندن و زمانحالی هەر سێ حکومەتی شێخ قادر بەرزنجی( کە بەڵە پێی دەڵێن حکومەتی شێخ مەحموود) و حکومەتەکەی حاجی ( کە بەهەڵە پێی دەڵێن حکومەتەکەی قازی محەمەد!) هەروەها ئەزموونی ١٩٧٠ــ ١٩٧٤ و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەو بەشە دیالێکتەی زاری کرمانجی ناوەڕاست بە سروشتی خۆی و شێوازە زانستییەکەی پلانی زمان قۆناغەکانی بە ستاندەربوونی نەبڕیوە. ناوەندی سیاسی و ڕووناکبیری شاری سلێمانی لەو ماوەیەی سەرەوە ( لەمیرنشینی بابانەوە هەتا ئەزموونی ئیدارەی سلێمانی ) ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە " ناساندنی" ئەو زارە بە " زمانی" ستاندەر هەروەها نووسینی ( ئەدەب) و هەموو ژانرە ئەدەبییەکان بەو زارە فاکتەرێکی دی بە هەژموونی ئەو زارەیە لەناو زارەکانی تر. نەبوونی زارێکی ستاندەر لەناو زارەکانی زمانی کوردیدا (کات) و (پلان) و ( عەقڵی سەلیم) (کورد ویستی نەك عەشیرەت و شارویستی) دەوێ. ئەمانەش بۆ ئێمە کە هێشتا لە کەلتووری خێل و هەژموونی عەشیرەت ڕزگارمان نەبووە، زووە دەرنگ نییە!.

٢ـ "هەوڵ" هەبووە بۆ چارەسەرکردنی بەستاندەرکردنی زارێکی کوردی بەڵام "پرۆژە" یەک نەبووە ـ بەواتای هەوڵ و خولیای تاکەکەسی لێرەو لەوێ هەبووە و هەیە، بەڵام هیچ کاتێک پرۆژەیەکی نەتەوەیی ، حکومیی نەبووە ! !

هۆی نەبوونێکی بڕیارێکی سیاسی لەپەرلەمان یان حکومەت یان هەتا کۆڕی زانیاری کوردی و ئەکادیمیای کوردی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دانیشتوانی کوردستان و هەروەها رەوشی سیاسی کوردستان ! !

لەمانەش گرنگتر ، مەسەلەی بەستاندەرکردنی زارێکی کوردی وەک بنەمایەک لە بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی زمانی کوردی بیری لێنەکراوەتەوە ! ! ترسەکە لێرەیە، چونکە بەڕاستی کێماسییەکی فرە هەیە لە بیرکردنەوە و شیاری کۆمەڵگای کوردی سەبارەت بە زمانەوە، ئەو کلێنە ، ساڵەهایە حاڵەتی دابەشکردنی کوردستانی لە تەرف حیزبی کوردییەوە بەخۆوە بینییوە ، هەر ئەمەش ( سۆرانی ) و ( بادینی) نەک هەر لە سەر ئاستی جوگرافیا دروستکرد، بەڵکو لەسەر ئاستی زمان خەریکە بەرەوە دوو ( زمان) ی دەبات !

* چارەسەرکردنی ئەو دوو (لەت) ییە هەر بە ( قسە) نابێت ، بەڵکو بەجدی خەباتێکی زمانەوانیی توندی دەوێت، ئەو چارەسەرەی من پێشنیاری دەکەم، چارەسەرێکی زمانەوانییە نەک سیاسی، چونکە لەروانگەی شەنگست و بنەماکانی سیاسەتی زمانەوە Language Policy ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی زارێک رۆڵی سەرەکی دەبینن لە پرۆسەی بە ستاندەر بوونی زارێك. لەدوای خودی ئەو بنەمایانە، وشیاری خەڵك و هەبوونی زمانەوانی کارامە و پڕ زانیاری دروستی فاکتەری ترن لەو پرۆسەیەدا هەروەها حکومەت هەر ئەوەندەی بۆ دەمێنێتەوە ئەو ئەدگارو بنەمایانە بکاتە بڕیارێکی سیاسی ! ئەگەر ئەوەندەشی نەکرد ئەوە بەپێی دەستووری هەرێم ، بڕیارێکی ئەو ها ستراتیژی و چارەنووساز دەکرێ بە ریفراندۆم چارەسەر بکرێت !

* فــره دیالێکــت ، دیاردەیــەکی سروشتییە هەروەها فرە ستاندەریش لـە کۆمـەڵگای فـرە زمانەوانیـدا - هـەبوونی دوو سـێ نەتەوە- دووسـێ ئایین، مەزهـەب - هتد، سروشتییە، بەڵام هـەبوونی دوو زاری ستاندەر لە کۆمەڵگایـەکی تاکزمانیـدا نـەك هـەر حاڵـەتێکی سروشـتی نییـە ، بـەڵکو هەڕەشـەیەکی سیاسـییە لـە زمـان دەکرێ! پێخوێنـدن بـە دوو زار ، دوو زمان دوو کەلتوور هەتا دوو نەتـەوەش دروست دەکات ! !

ئەمەیان سەبارەت بەکورد، بەرشاستی کوشتنی زمانی کوردییە بە خەنجەری کوردی !

راسـتە لەسویـسرا ، نـەرویج، کەنـەدا دیاردەی فرە زمانی و فرە زاری هەیە، بەڵام لە سویـسرا و کەنـەدا نەتـەوەی جیـاواز هـەن تـەنها لـە نـەرویج یـەك نەتـەوەیی دوو زار هەیە ئـەوەیش بە رێژەیەکی فیفتی - فیفتی نییە - بـەڵکو ٨٠٪ بە ٢٠٪ ! ئەوەی لە پاکستا ن و هیندسـتان و ئەفغانـستان و فلـپـین وماليزيـا هەيـە دياردەيەكـە لەگـەڵ كۆمەڵگای کوردی بەراورد نـاکرێ. لـەو وڵاتانە نەتەوەی جیاواز و دین جیاواز زمان جیاواز هەن.

مانـــــەوەی ئـــــەم کێـــشەیە بەچارەسـەرنەکراوی لـە بەرژەوەنـدی هـەموو کـەس دا بێت لەبەرژەوەنـدی کـورد دانییـە - چونکە ئەم کێشەیە راسـتەوخۆ پـەیوەنـدی بـە ئاسایـشی نەتەوەییـەوە هەیـە - بـەڕای مـن مەسـەلەی زمـان لـە مەسـەلەی خـاك کەمتر نییە ، بۆ دەبێـت تـاکی کـورد و حکومەتی کـوردی جورئـەتی ئـەوەیان هـەبێت ئـەم کێـشەیە چارەسـەر بکەن ! !.

## ناتوانین بڵێین زمانی ستاندەرمان نیە!

م.شـهاب شێخ تـەیب لـەزانکۆی کۆیە ،کۆلێـژی پـەروەردە ، قـەڵادزێ: سەرەتا ئێمە زمانی ستانداردمان هەیە ئـەویش ئەوەیـە ، کـە ئێستا قسەی پێدەکـەین و پێـی دەدوێـین و لـە دامودەزگاکـانی حکومـەتی هـەریمی کوردستان بەکاری دێنن ، هەروەها لە گۆڤـار و ڕۆژنامەکانیـشدا نووسـینی پێدەکرێت نـەك هـەر ئەمـە ، بـەڵکو

سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هـەر بەو زمانـە ستانداردە دەدوێن و قسە دەکەن ، بۆیە ناتوانین بڵێین زمانی ستانداردمان نییە ، بەڵام کە تا ئێستا بۆ نییـە هـۆی تـری هەیـە کـە گرنگترینیـان هـۆی سیاسییە و باری ڕۆشـنبیری میللـەتی کـورد و بیرکردنـەوەی تەسـك و کونجـەگیری هەندێ کەس و لایەن و باری ئابووری و نـەبوونی کـۆڕێکی زانستی خـاوەن دەسـەلاتدار و ... چـەندین هۆکـاری تریش ..................

تا ڕادەیك کار کراوە بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونەی کە خـەونی پێوەدەبینین کە ئـەویش ( زمـانێکی یـەکگرتووی کوردی)یە ، چ بەکۆڕ بەستن بووبێت ، یـان بـە بڵاوکردنـەوەی کتێب و وتـار بووبێت لە ڕۆژنامە و گۆڤار ، بەڵام بێ سوودبووە ، هۆکارەکانیش ئەوانەبوون کە پێشووتر باسمان لێوەکرد . زمانی ستاندارد تـەنها لـەلای ئێمـەی کورد شتێکی زۆر قورس گرانـە و بۆتـە ئـەو دێوی کە هەر ناوی بێنین تـرس لێمان دەنیشێت ، لە نەتەوەکانی تردا وانییە ، بڕوانـە ولاتـی هنـد کـە زمـانی ئینگلیزیان کردۆتـە زمـانی ستانداردی خۆیان ، هەروەها بڕوانە ولاتی کە سێ زمانی ستانداردی تێدایە ( نەمساوی و ئینگلیـزی و فەڕەنـسی ) و چـەندین نموونەی تریش ...

زۆربوونی دیالێکت و شێوەزار لەهەموو زمانـەکانی تـری جیهانـدا کـارێکی سروشـتییە ، بـەڵکو نیـشانەی دەوڵمەنـدی زمانەکـە پیـشان دەدات ، ئـەویش لـەڕێی کۆمـەڵی هۆکـارەوە دروست دەبێت : سیاسـی و جـوگرافی و مێژوویی و ... هتد .

: گیروگرفتی زمانی ستاندەریش کاتێ چارەسـەر دەکرێت گـەر هـات و دانمان بەبوونی یەکتریدا نا و هەموو دیالێکت و شـێوەزارەکانی کـورد یـەکتریمان قبـوولکرد و تـاکی کوردمـان لەبیرچـوونەی تەسـك و ناوچـەگیری ڕزگـارکرد و بەرهـەمی یـەکتری نەسڕینەوە و ئەو شێوەزارە هەڵبژێرین کـە زۆرتـر خزمـەتی زمـانی کـوردی کردووە و بەرهەمی زیـاتر پێنووسـراوە ، بۆیە ئەمە دەڵێم،چونکە لـە زانستی

زماندا ڕاستییەك هەیە دەڵێت : هەندێ زمان گەر ژمارەی قسەپێکەرانیشی کەمبوو بۆی هەیە ببێتە خاوەن دەسەڵات و زاڵبیت بەسەر ئەو زمانەی تر کە ژمارەیەکی زۆریش قسەی پێبکات ، ئەویش هۆکاری خۆی هەیە لەوانە: هۆی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ... هتد

## لەکەلێنێکی تەسکەوە سەیری زمانی ستاندەر دەکرێت

د.أبرهیم عبدالرحمن لەکۆلێژی ئادبی خانەقین ووتی لەڕاستیدا نەبوونی زمانێکی ستاندەر کۆمەڵە هۆکارێکی لەپشتەوەیە کەتائێستا ئێمە نەبووینەتە خاوەن زمانێکی ستاندەر،لەو هۆکارانەش پڕۆفیسیۆرێك یا هەر زانایەك کەسەیری زمانیکی ستاندەر ئەکات بەداخەوە لەڕوانگەیەکی تەسکەوە لەشێوازێك یان کەلێنێکی تەسکەوە سەیری زمانێکی ستاندەر دەکات بەداخەوە، بۆنموونە ئەگەر من بەشێوە زاری کرمانجی ناوەڕاست قسەدەکەم هەمووهەولێکم بۆئەوەیە کەزمانی کرمانجی ناوەڕاست بەستاندەر بکەم بەسەر شێوە دیلێگەکانی تردا،ئەمەخۆی لەخۆید ئەگەڕێتەوە بۆ شتێکی تر، بەڵام ئەگەر ڕیژە یان سەیری زمانی زۆرینەی نوسین وخوێندن بکەین بێگومان لەپارچەی کوردستانی باشووردا کە کوردستانی عێراق ئەگرێتەوە شێوە زاری نوسین و خوێندن بەشی زوری هەربە کرمانجی ناوەڕاستە ،ئەمە لوڕوی زۆرینەوە، بەڵام ئەگەر لەڕوی ڕەسەنایەتی وبەر فراوانی زانستی وە سەیری ئەم شێوە زارەبکەین تەنها ئەم شێوە زارەیە لەڕوی فەرهەنگی و زانستیەوە زۆر زۆر دەوڵەمەندترە.بەڵام ئەوبەشەی تر زۆر بەر فراوانی نیە چ لەڕوی بەرهەموو نوسین بڵاوکراوەکان لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم،وەلەلایەکی تر ئەم کێشەیە پێویستی بەکۆبونەوەی کوردەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان هەیە،وەمن داواله زمانناسانەی ژورو دەکەم بافەخروشانازی بەزمانی خۆیانەوە بکەن،بەڵام ئێمەش بەڵگەمان هەیە،بۆنمونە سەرۆکی

هـەرێمی کوردسـتان و زۆرێـك لەبـەر پرسە کەسەسیاسیەکانی ژورویش هەر بـــــەدیالێکتی ناوەڕاســـــت قـسدەکەن،وادەزانـــن کەزۆربـــەی بلاْوکراوەکــــــان و نوســــــینەکان هەربـــەدیالێکتی نـــاوە ڕاستە بۆیـــە بەشـــێوە زاری ناوەڕاســـت دێنـــــە ئاخاوتن.

-. زۆربونی دیالێکت لەهـەر وولاْتێکدا بێگومـان دەولْەمەنـدبوونی ئـەو زمانـە ئەگەیـەنێ ئەکـەر بێت و هـەر زمانێك چـەند جـۆرە دیـالێکتیکی هـەبوویان چـــەند زاراوەیـــەك ئـــەوە مانـــای دەولْەمەنـــد بـــوونی ئـــەو زمانـــە ئەگەیـەنێ،سـەبارەت بـە چارەسـەر کردنـــی .پێویـــست بـــەوە دەکـــات بەدانیشتنێکی تێرو تەسەل لەسەر ئەو بابەتـە بکرێت دور لـە ناوچـە گـەرێتی بەشـــێوەیەکی زانـــستیانە بکرێـــت بۆدانـــانی زمـــانێکی ســـتاندەری یـەکگرتوو.بۆنموونـە بـا لەقۆناغـەکانی خوێندنـدا هەرلـەقۆناغی سـەرەتاییەوە دیالێکتـەکان بخوێنرێت، بـەلاْم گرنـی یـەکی تـەواو بـە زمانـە سـتاندەرەکە بدرێت ،ئەکرێت وەك خوی بمێنێتەوە.

سـەبارەت بەکێشەکە خـۆی شـتێکی ئاسایيـــشە ئەگـــەر بـــەم شـــێوەش بڕوات،بەلاْم یەکگرتنی شێوە زارەکـان و دروســـــت بـــــوونی زمـــــانێکی ستاندەر،زیـاتر زمانـە کـەمان ئاشنا ئـەکات لـەلای وولاْتـەکانی تـر زیـاتر دەولْەمەنـدتری ئـەکات زیاترلـەڕوی فورهـــەنگ و زاراوەکانیـــشەوە ئێمـــە لـەجیاتی ئـەوەی بـو وشـەیەك چـەند وشـەیەك بـزانین ...، خـالێکی تـر زۆر گرنگـە بۆنموونـە ئیمـە شـێوە زاری کرمـانجی ناوەراست زیاتر بالاْدەستە هۆکارەکەشـی ئەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی بۆنمونە شێوە زاری گۆران ئەتوانم بلْم لەسەداسـەد نـەبێ لەسـەدا نـەوەدیان ئـــەتوانن بوشـــێوە زاری کرمـــانجی ناوەڕاست قیەبکەن ،تەنهابەربەستەکە هـەبێ لـەنێوان کرمـانجی ژور و نـاوە ڕاســـتدایە،بەوهیوایـــەش ئـــەو بـــەر بەستەش نەمێنێت.....هتد.

لەکۆتاییدا بەپێی بۆچـەنی زۆرێك لـەو مامۆستایانە تاڕادەیـەکی زۆر کێشەکە دەگەڕێننەوە بۆ ئەسـتۆی دەسـەلاْت و زانایانی بواری زمانناسی ئێمـەش وەك

خەمخۆرانی زمانی کوردی داوا دەکەین لە دەسەلأت و زانایانی بواری زمانناسی کەهەوڵ و کۆششی بێوچانی خۆیان بخەنە ڕوو بۆدامەزراندن و دانانی زمانێکی ستاندەری یەکگرتووی کوردی ،چونکە ئێمەی گەلی کورد تائێستا خاوەن زمانێکی یەکگرتوو نین،لەڕاستید ئەم کێشەیە لەسەر زانایانی بواری زمانناسی کوردی دەکەوێت ، دەبێت ئەوان ستریز بخەنە سەر دەسەلأت و کۆبونەوەی زیاتری لەسەر ئەنجام بدەن ،چونکە ئەمە کێشەیەکی گەورەی بواری زمانناسیە و پەیوەندی بەکلتورو داب و نەریتی کۆمەلگایشەوە هەیە، ئەوەی کەباسی لێوەکرد کێشەی زمانی کوردی و فرە دیالێکتیە لەگەلەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی گەلێك کێشەی تری هەیە هەر لەبابەتەکانی (ئیملای کوردی و فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی وسینتاکسی ڕستەو....هتد)،

زمانی کوردی هەروەك چۆن دیاریدەیەکی کۆمەلأیەتیە لەهەمان کاتدا بوە بە بابەتێکی زانستی پەتیش کەلە ماتماتیك دەچێت، ورد بونەوەو شیکردنەوەی ڕیساو بنەماکانی و ڕاهاتن لەسەریان یارمەتی دەرێکی گرنگ دەبن بۆ وەپیش بردنی زمانەکە و فراوانتر کردنی کەئەم لێکچواندنەش (پ.وریا عمر)لەبەرهەمەکانیدا بەوردی ئاماژەی پێکردوە،.

دروست بوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی یەکێکە لە مەهامە هەرە گرنگەکانی هەموو تاکێکی تێگەیشتو پێگەیشتوی ئەم سەردەمەی ژیانی مرۆڤایەتی لە کوردستاندا، ئەمەش بەبێ ورد بوونەوەو لێکۆلێنەوە لەبابەتەکانی زمان و دانانی یاساو بنەما بۆ بەرەو پێش بردنیان ،نایەتەدی........هتد.

# ناوگر لەزمانی کوردیدا

سەرباز خۆشناو

ئەمڕۆ بوون و نەبوونی ناوگر لەزمانی کوردیدا کێشەیەکە جێی بایەخی زۆربەی زمانناسانی کوردە ، بەڵام زۆربەیان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە قسەکردن و گەڕان لەو ئاقارە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووەو نابێت .

لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك هەوڵ و کۆشش و بیرو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە بوونی (ناوگر) دەربڕیوە و دواتر بۆچوونەکانیان پشتڕاستکراونەتەوە کە نموونەکانیان ناچنە نێو پێناس و تایبەتمەندییەکانی (ناوگر)*، ئەوچەند نموونەیەی (مەسعود محەمەد) ی لێ دەربچێ کە (ئاورەحمانی حاجی مارف) یش لەگەڵ هەندێکیان کۆکە و کەسانێکیش پێیان وایە چەند نموونەیەکی کەم دەچنە قالبی (شاز) ەوە**.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەو باسەدا بیخەینە روو، هەوڵ و بەدواداگەڕانێکی دیکەیە بەو ئاراستەیە، بۆ دۆزینەوەی نمونەی زیاتر و چۆنیەتیی دۆزینەوەی نموونەکان.

وەك ئاشکرایە زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی بە هۆی (گیرەك) فراوان دەکرێت و(پێشگر) و (پاشگر)ەکان زۆر بەئاشکراو بە بەرفراوانی و تاڕادەیەکیش بە رێك و پێکی و لە سنووری دارشتنی زمان و ئەرکی رێزمانی کاریان پێدەکرێ. کەچی لە زمانێکی وەك (عەرەبی) ئەو روونی و ئاشکراییە لە بەکارهێنانی (ناوگر)یشدا هەیە.

ئێمە لەم باسەدا تەنها لە چوارچێوەی گیرەکە وشەدارێژەکان لە زمانی کوردیدا بەدوای ناوگردا گەڕاوین

و خۆمان لە قەرەی گیرەکی ڕێزمانی نەداوە، چونکە ئەوەندەی لێمان ڕوون بووبێ: ئەرکی (ناوگر) لە زمانی کوردیدا لە داڕشتنی وشەی واتاداری نوێ ڕۆڵی بینیوە.

ئەوەی کارەکەی ئێمەی دژوارکردووە، نەبوونی لێکۆڵینەوەو سەرچاوەی دەوڵەمەند و لاوازیی باوەڕبوون بە بوونی (ناوگر) بووە لە زمانی کوردی لای زۆربەی نووسەرە زمانەوانەکان.

بەئەرك و بە پێویستم زانی لە پێناوی ئەوەدا کاربکەم کە جارێکی دیکە گۆمی بوون و نەبوونی (ناوگر) لەزمانی کوردی بشەقێنم، هیوادارم ئەو هەوڵە هەنگاوێك بێت بۆکردنەوەی دەروازەیەکی ڕووناکتر بۆ سەلماندنی بوونی (ناوگر) لە زمانی کوردیدا..

## مۆرفیم

ئەگەر باس لەوە بکەین کەوا (مۆرفیم) بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، پێویستمان بە پۆلینکردنی مۆرفیمەکانیش دەبێ بۆ ئەوەی بزانین لەگەڵ کام لە مۆرفیمەکان کاربکەین بۆ ڕەخساندنی زەمینەی بەکاربردنی مۆرفیمە(ناوگر)ەکان بۆ داڕشتنی وشەی تازەو واتا جودا.

لەزمانی کوردیدا مۆرفیمەکان بەم شێوەیە دابەش دەبن:

یەکەم: ئازاد: ئەویش دابەشی سەردوو جۆر دەبێت:

١- سەربەخۆ: هەموو ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە دەتوانن بەتەنیا واتای سەربەخۆیان هەبێ. ٢ - ئامرازەکان: لە نوسیندا سەربەخۆن و بەبێ مۆرفیمی بەند دەتوانن ئەرکەکانیان ببینن .

دووەم:ڕەگ : ڕەگ لە بواری کار و لە بەشەئاخاوتنەکانیشدا هەیە، بۆیە هەندێ جار وەك مۆرفیمی ئازاد و هەندێکی دیکە ڕۆڵی بەند دەبینن.

سێ یەم : بەند: ئەو مۆرفیمانەن کە بە مۆرفیمێکی دیکەوە دەلکێن و بەتەنیا هیچ واتایەك نابەخشن، بەڵکو واتاکانیان لەو ئەرکانەدا بەرجەستە دەبێ کە دەیبینن. ئەوانیش سێ جۆرن:

١- گیرەك: ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە دەچنە سەر ڕەگی کار و بنچی

وشه بۆفراوانکردنیان، ئەوانیش دەبنە دوو پۆل:

أ- گیرەکی وشە دارێژ: ئەو مۆرفیمانەن کە دەلکێن بەرەگ و بنچ و بەشە ئاخاوتنەکە لەرووی واتاوە دەگۆڕن و وشەیەکی دیکە بە واتایەکی دیکە بەرهەم دێنن لە سنوری واتا سەرەکییەکانیان. ئەوانیش بریتین لە:

١- پێشگر : ئەو مۆرفیمانەن کە لە بەشی پێشەوە پێکهاتەی مۆرفیمێک فراوان دەکەن.

٢ ـ ناوگر (Infix): ئەو مۆرفیمانەن کە رەگ و بنچی مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەسمن.

٣ ـ پاشگر: ئەو مۆرفیمانەن کە لە بەشی دواوە پێکهاتەی مۆرفیمێک فراوان دەکەن.

٤- نێوانگر: ئەو مۆرفیمانەن دەچنە نێوان دوو مۆرفیم یان دوو وشە. ***

٥- جووتگر : پێشگر و پاشگر بەیەکەوە پێکهاتەی مۆرفیم لە پێشەوەو لە پشتەوە فراوان دەکەن.ت دەشێ (پێشگر) و (پاشگر) بەیەکەوە پێکهاتەی مۆرفیمێک فراوان بەکەن و دەشێ (ناوگر) یشیان لەگەڵدابێت.

ب ـ گیرەکی رێزمانی: ئەو مۆرفیمانەن کە بەشە ئاخاوتن ناگۆڕن ،لەژێر دەسەڵاتی یاسا سینتاکسییەکان کاردەکەن و دۆخە رێزمانییەکەی دەگۆڕن. ئەویش دابەش دەبێتە سەر:

١- پێشگر: ئەو مۆرفیمانەن کە لەبەشی پێشەوە دەچنە سەر بنچ و رەگ

٢ ـ ناوگر: ئەو مۆرفیمانەن رەگ یان بنچی مۆرفیمە سەربەخۆکان دەسمن

٣ـ پاشگر: ئەو مۆرفیمانەن لە دوواوە رەگ و بنچی وشە فراوان دەکەن.

٤- جووتگر: (پێشگر) و (پاشگر) بەیەکەوە رەگ یان بنچی وشە فراوان دەکەن.

نووسەك: ئەو مۆرفیمانەن کە لەبەشی دواوە بە مۆرفیمێکەوە دەنووسێن، وەك جێناوە لکاوەکان.

بنکەی بەند : ئەوبەشەیە ، دوای داماڵینی هەموو مۆرفیمەکانی بەند (گیرەك و نووسەك) ەکان دەمێنێتەوە کە بریتیین لە (رەگ و مۆرفیمە سەربەخۆکان)

ئەرکی گیرەکی وشە دارێژ لە زمانی

کوردیدا ئەوەیە وشەی واتاداری نوێ بۆ زمانەکە دروست بکات،جا گیرەك لە هەرشوێنێك بە رەگی کار یان مۆرفیم یان وشە بنچییەکە بلکێت بەپێی شوێنەکە پێناسی خۆی پێدەدرێت.

## رەگی کار

لە رێزمانی کوردیدا بۆ هەرکارێك دوو رەگ دەست نیشان دەکرێن: رەگێك بۆ دەمی رابردوو و ئەوەی دیکەیان بۆ دەمی رانەبردوو، دەستنیشان کردنی رەگی کاری دەمی رابردوو دیارترو ئاسانترە، بەلادانی نون و نیشانەی چاوگ دروست دەبێت وەك:(خواردن — دن = خوار). بۆ دۆزینەوەی رەگی دەمی رانەبردوو، دەبێ کارەکە بگەڕێنینەوە بۆ دەمی رانەبردوو بە بەکارهێنانی پێشگری (دە) و دواگری جێناوەلکاوەکان.

وەك لە چاوگی (شووشتن) (دە+ شۆ+م) بە لادانی (دە، م) ئەوەی دەمێنێتەوە (شۆ) دەبێتە رەگی فرمانی شووشتن.

لە هەندێك چاوگدا رەگی کار لە دەمی رانەبردوو ئەوەندە بچووك دەبێتەوە و دەگاتە سنووری یەك پیت و ناتوانرێ بۆ دارشتنی وشە بەهۆی (ناوگر) کەلکی لێ وەربگیرێ بۆیە لەو بوارەدا کەلك لە رەگی کار لە دەمی رابردوو وەرگیراوە.بۆنموونە :

کاتێ لە چاوگێکی وەك (کردن) کارەکە دەبەینە سەر دەمی رانەبردوو:

دەکەم= (دە + ك +ە +م) = (م.بەردەوامی+ رەگی کار +م.کات + ج لکاو)

رەگی کارەکە دەبێتە (ك) دیارە ناتوانرێ (ناوگر) کار لەم تاکە پیتە بکات، بۆیە دەگەڕێینەوە سەر رەگی کارەکە لە دەمی رابردوو:

کردن: —— (کر) = رەگی کاری رابردوو .

## گەڕان بەدوای ناوگر

ئەوەی ئەرکی زمانەوانانی کوردی قورس کردووەو تا رادەیەکیش بەرەو ئاقاری بێ ئومێدبوونی بردوون لە بوونی (ناوگر) لە زمانی کوردیدا، کارکردنە لەسەر یاسا رێزمانییەکان لەو زمانانەدا کە ناوگریان هەیە، لە چوارچێوەی ئەو یاسایانە مامەڵە

لەگەڵ رەگی کار و بنچی وشەکان کراوە. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا (مصدر) ە سێ پیتییەکان وەك : (کتب ، جلس، وقف ..... تد)

بە زیاد کردنی ناوگری (ا) لە نێوان پیتی یەکەم و دووەم (کاتب، جالس، واقف..... تد) وشەیەکی نوێ و واتاداری دیکە دروست دەبێ.

لە زمانی عەرەبی بوونی (حرکات) بواری بەکارهێنانی (ناوگر)ی فراوانترکردووە، بەڵام لە زمانی کوردیدا (حرکات) ەکانیش پیتی سەربەخۆن و بوار بۆ گۆڕینیان ئاسان نییە مەگەر بەهۆکارێکی فۆنۆلۆژی رووبدات.

بۆنموونە (کەتەبە) ی عەرەبی کە دەگۆڕێ بۆ (کاتب) هیچ گرفتێکی بۆ دروست نابێ لە لادانی هەردوو (ە)ەکان.یان کە دەکرێتە (وقووف)، (جلووس) نەمانی (ە) و هاتنە شوێنی (وو) هیچ گرفتێکی لێ بەجێ نامێنێ.

بۆیە بۆ گەڕان بەدوای (ناوگر) ناکرێ گوێلاکی وشەکان بۆ قالبی یاساکان بشکێنین و لە ئاکامدا بێ دەستمایە بڕیاری نەبوونی بدەین، پێویستە لە دەروازەیەکی دیکەو لە گۆشە نیگایەکی دیکە لە زمانی خۆماندا بەدوای ناوگردا بگەڕێن. ئەم گەڕانەی ئێمە لە خودی وشەو ناو و ئەو مۆرفیمانە بووە لە بنچو بنەوانێك سەریان هەڵداوە کە رەگی فرمانێکن یان بنچی وشەیەکن، زۆرجاریش ئەو وشەیەی هاتۆتە بەرهەم وەك مۆرفیمێکی ئازاد ی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ کراوەو پێیەی کە وردتر ناکرێتەوە چونکە وردکرنەوەکە تەنها لە روانگەی (پێشگر و پاشگر) سەیرکراوە.

ئەگەر بەیەکەوە بەدوای شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی هەندێك وشەی رەسەنی کوردیدا بچین دەگەینە ئەو راستییەی کە ناوگر لە زمانی کوردیشدا بوونی هەیە، ئەو چەند نموونەیە هەوڵێکی تاکەکەسی و لە ماوەیەکی کورتدا بووە، بێگومان بەهەوڵ و کۆششێکی هەمەلایەنە چەندین نموونەی ئاشکراتریش دەدۆزرێنەوەو رەنگە لەچوارچێوەی دەستوور و یاساش جێگەیان بکرێتەوە.

ئەم کارە، کاری تاکەکەسی نییە و پێویستی بە کۆششی پسپۆڕان هەیە بۆیە نەمویست ئەرکەکە لەسەرشانی خۆم قورستربکەم و زیاتر لەئەستۆی خۆمی بهێڵمەوە، ئەو نموونانەی درکمان پێکردوون دەیانخەینە روو ، بۆ زیاتریش بەردەوام دەبین و بە راو بۆچوون و هەوڵی کەسانی دیکەش فراوانتر دەبێت.

## چەند نموونەیەکی بوونی (ناوگر) لە زمانی کوردیدا

١- ئاخێوەر: لە ڕەگی چاوگی (ئاخاوتن – ئاخو+ ئاخڤ) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ێ). بکەری ئاخاوتن.

٢- بار: لە ڕەگی چاوگی (بردن – بر)) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ا) شتێك بۆ بردن و گواستنەوە ئامادەکرابێت، وەك پێشگرو پاشگریش بەکاردێت:( بارەسێو، دەستبار)

٣- براژ: لە ڕەگی چاوگی (برژان – برژ) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ا). بەمانای(کەوی کردن ، بریان کردن، بۆدانی دانەوێڵە لەسەر ساج ١)

٤- برێشکە٢: لە ڕەگی چاوگی (برژان – برژ) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ێ) و پاشگری (گە) و گۆڕانی فۆنەتیکیی هەردوو دەنگی (ژ =ش ، گ = ك). بە واتای دانەوێڵە لەسەر ساج بۆدراو ٣.

٥- بزێو٤: لە ڕەگی چاوگی (بزوین – بزو) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ێ)،بە کەسێك دەوترێت کە زۆر بە جووڵەو بزاوتن بێت.

٦- بنەچە: لە بنجی (بنج =بنچ) دروست بوە، بەهۆی ناوگری (ە).

٧- بوێژ: لە ڕەگی چاوگی (بێژتن – بێژ) دروست بووە بەهۆی ناوگری (و). واتە: بکەری کاری بێژتن.

٨- بوار ٥ : لە ڕەگی چاوگی (بوورین – بوور) دروست بووە، بەهۆی ناوگری (ا). (رابواردن)، وەك پاشگرێکیش بە مانای بوورین بەکاردێت: (رێبوار).

٩- بەچکە: لە بنجی (بچووك) دروست بووە، بەهۆی ناوگری (ە). بۆ نموونە (بەچکە شێر = بچووکی شێر)

١٠- بەخشش: لە ڕەگی چاوگی (بەخشین – بەخش) دروست بووە بە هۆی ناوگری (ش).

١١- تریشك: لە بنجی (تیشك)

دروستبووه بەهۆی ناوگری (ر). (هەورە تریشکە) بە هۆی گۆڕانی فۆنەتیکی دەنگی (ك بۆتە: ق)

١٢- تنۆك: لە رەگی چاوگی (تکان - تك) دروست بووە بەهۆی ناوگری (نۆ). بە مانای دڵۆپە ئاوی تکاو دێت.

١٣- تەریش: لە رەگی چاوگی (تاشین - تاش) دروست بووە بە هۆی ناوگری (ر) و گۆڕینی بزوێنی (ا بۆ ە) بە مانای ئەوپارچانەی لە کاتی تاشینی دار یان بەرد دروست دەبن.

١٤- تەون: لە رەگی چاوگی (تەنین - تەن) دروست بووە بەهۆی ناوگری (و)، بە مانای تەنینی رایەخ٦ دێت.

١٥- پرِوشك: لە رەگی چاوگی (پرژان - پرژ) دروست بوە بەهۆی ناوگری (و) و گۆڕانی دەنگی (ش بۆ ژ) و وەرگرتنی دەنگی (ك) بۆ بچووککردنەوە. بەو پارچە بچووکانەی ئاگر دەوترێ کە لەئاگر دەکەونەوەو بڵاو دەبنەوە.

١٦-پەرچەم: لە بنجی وشەی (پرچ) دروست بووە، بە هۆی ناوگری (ە). بە بشە پرچە دەوترێ کە دەکەوێتە سەر نێوچاوان.

١٧-پەڵوشە: لە بنجی وشەی (پووش) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ە). گیایەکە ساقەکەی دەکرێتە (پووش) ٧

١٨- جۆشش: لەڕەگی چاوگی (جۆشان - جۆش) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ش).

١٩- چرکە: لە بنجی (چك) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ر). بە واتای ژماردنی چکەچك هاتووە لە کاتژمێر.

٢٠- چین: لەڕەگی چاوگی (چنین - چن) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ی). وەك پاشگر لە وشەی وەك (خۆشەچین، گوڵچین).

٢١- چیڕە: لەڕەگی چاوگی (چڕین - چڕ) دروسبووە بە هۆی ناوگری (ی). بەواتای : دەنگی کەو لەکاتی دیتنی مار و ڕێوی٨.

٢٢- چیڕۆك: لەڕەگی چاوگی (چڕین - چڕ) دروسبووە بە هۆی ناوگری (ی).

٢٣- چیلکە، چیکڵە: لە بنجی (چڵ) دروست بووە،بەهۆی ناوگری (ی) یان (یك) بەمانای چڵە داری وشك

٢٤- خلیسك: لە رەگی چاوگی (خزین - خز) دروست بووە بەهۆی ناوگری (لی) و گۆڕانی دەنگی ( ز بۆ س).

٢٥- خوێڕی: لە ڕەگی چاوگی (خوڕین -

خوڕ) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ێ).

٢٦-خێشکە: لە ڕەگی چاوگی (خشین - خش) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ێ) بە واتای لەسەر قنگ خشین٩.

٢٧-درەو: لەڕەگی چاوگی (دروین -درو) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ە).

٢٨-دوژمن: لە بنجی (دژ) دروست بووە بەهۆی ناوگری (و).

٢٩-ڕەو: لە ڕەگی چاوگی (ڕۆیشتن - ڕۆ)دروست بووە بەهۆی ناوگری (ە). کە چەند وشەیەکی دیکەی دروستکردووە:

ڕەوت: ئەرزی ڕۆیشتن.

ڕەوندە: ئەوەی بەڕێدا دەڕوات.

ڕەوڕەوە: ئامرازێکی دارە منداڵ فێری ڕۆیشتن دەکات.

ڕەوین: هەڵاتن لە ترسان.

٣٠-ڕێژ: لە ڕەگی چاوگی (ڕژان - ڕژ) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ێ). پاشگری بەواتا ڕژێن.

٣١-ڕیس: لەڕەگی چاوگی (ڕستن - ڕس، ڕێس) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ی). بەواتای بەنی ڕستراو.

٣٢-ڕابەخ: لەڕەگی چاوگی لێکدراوی (ڕاخستن - ڕاخ) دروست بووە بەهۆی ناوگری (بە) ١٠.

٣٣-زاین: لە چاوگی (زان) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ا) ١١.

٣٤-زرانی: لە بنجی (زانی) دروستبووە بەهۆی ناوگری (ڕ) بە واتای ئەژنۆ ١٢

٣٥-ساو: لەڕەگی چاوگی (سوین - سو) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ا).

٣٦-سیم: لەڕەگی چاوگی (سمین - سم) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ی). بەمانای سیمی قاپ سمین.

٣٧- شەن: لە ڕەگی چاوگی (شنین، شنیان -شن) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ە).شەنکردنی دانەوێڵە.

٣٨- شێن: لە ڕەگی چاوگی (شنین، شنیان -شن) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ێ). با وەشێن.

٣٩-شیوەن: لە بنجی (شین) دروستبووە بەهۆی ناوگری (وە).

٤٠- شێو: لە بنجی (شەو) دروست بووە بەهۆی ناوگری (ێ)، خواردنی ژەمی شەو.

٤١- قرێژ: لە بنجی (قڕ) دروست بووە، بەهۆی ناوگری (ڕێ) بەواتای چڵک، کرێشک.

٤٢- کار: لە ڕەگی چاوگی (کردن - کر) دروست بووە، بەهۆی ناوگری (ا).

٤٣-کروز: له ڕەگی چاوگی (کزان – کز) دروست بووه بەهۆی ناوگری (رو). به واتای کزاندنی پێست و موو.

٤٤- کوانو: له بنجی (کون) دروستبووه به هۆی ناوگری(ا). کونی پڕ له ئاگر.

٤٥- کولانک، کولانکه: له بنجی (کون) دروست بووه بەهۆی ناوگری (لا) کون له دیوار یان له بانی خانوو که روناکیی تێدا دێته ژوورەوه.

٤٦-کۆشش: له ڕەگی چاوگی (کۆشان – کۆش) دروست بووه، بەهۆی ناوگری (ش).

٤٧-گاره: له ڕەگی چاوگی (گرتن – گر) دروست بووه بەهۆی ناوگری (ا)، بەواتای (گرتن، داخستن)ی دەرگا.

٤٨-گیر: له ڕەگی چاوگی (گرتن –گر) دروست بووه بەهۆی ناوگری (ی)، پاشگری بەواتا (گر) وەك: (سەقامگیر).

– گیره: مەنگەنەی دارتاشی.

– گیرەك: ئەو مۆرفیمەی که بنج یان ڕەگی کار دەگرێ.

٤٩- گوڕ: له بنجی (گڕ) دروست بووه، بەهۆی ناوگری (و). به واتای تینی ئاگر.

٥٠- گەرم: له بنجی (گڕ) دروست بووه، بەهۆی ناوگری (ە).

٥١- گێچەڵ: له ڕەگی چاوگی (گچلان – گچل) دروست بووه بەهۆی ناوگری (ێ). به واتای شێوانی بارو دۆخ و تێك ئالان.

٥٢- لاسك: له بنجی (لك) دروست بووه، بەهۆی ناوگری (اس)، به واتای لکی ناسکی دار.

٥٣-لەوەڕ: له بنچی (لەڕ) دروست بووه، بەهۆی ناوگری (وە).لەوەڕ بۆ نەهێشتنی لەڕیی ئاژەڵ.

٥٤- لەکە: له ڕەگی چاوگی (لکان –لك) دروست بووه بەهۆی ناوگری (ە)، به واتای پەڵه = پێوەلکانی ڕەنگ یان چڵك.

٥٥- لێس: له ڕەگی چاوگی (لستن – لس) دروست بووه بەهۆی ناوگری (ێ) وەك پاشگر وشەی نوێ دروست دەکات وەك: کاسه لێس، چلێس).

٥٦- مەرگ: له ڕەگی چاوگی (مردن – مر) دروست بووه بەهۆی ناوگری (ە).

٥٧-مێژۆك: له ڕەگی چاوگی (مژین –مژ) دروست بووه بەهۆی ناوگری (ێ). بەواتای بەرخێك گوانی هەموو پەزێك بمژێ ١٣ .

٥٨-مێوان: له له ڕەگی چاوگی مان – مێن) دروستبووه بەهۆی ناوگری (وا).

بەواتای مانەوەی کەسێك لە لات.

٥٩-نوێنەر: لە رەگی چاوگی (ناردن - نێر) دروست بووە بەهۆی ناوگری (و - نە).

٦٠- یاوەر: لە بنجی (یار) دروست بووە بەهۆی ناوگری (وە).

٦١-هەژار موکریانی ، هەمبانە بۆرینە ل/٥٠

٦٢-مەسعود محەمەد، چەند حەشارگەیێکی رێزمانی کوردی/ل٧٨.

٦٣-هەژار موکریانی ، هەمبانە بۆرینە ل/٥٣

٦٤-پێموایە دەنگی (یٚ) لە وشەی دیکەش گۆڕانی فۆنەتیکی بەسەرداهاتووە و بووە بە (ا)، دەکرێ لەوانیشدا دەنگی (ا) بە ناوگر دابندرێ، وەك (بزاڤ = بزاو، بزاوتن

٦٥-مەسعود محەمەد، چەند حەشارگەیێکی رێزمانی کوردی/ل٧٨.

٦٦- هەژار موکریانی - هەمبانە بۆرینە ل/١٧١

٦٧- هەمان سەرچاوە ل/١٢٣

٦٨- هەمان سەرچاوە ل/٢٢٢

٦٩-هەمان سەرچاوە ل/٢٧١

٧٠- ١٠ جیا لەهەموو رەگەکانی دیکەی چاوگ لەبەر ئەوەی رەگی چاوگ یەك پیتە (خ) و وشە نوێیەکە لێکدراو نییە بۆیە پێمانوایە لەگەڵ ئەم پۆلینە رێکدەکەوێ.

٧١-رەگی ئەم چاوگە یەك پیتە(ز) بۆیە ناوگرچۆتە ناو پێکهاتەی چاوگەکە کە بۆخۆی بنجی (زان) ە.

٧٢-زانی: ئانیشك، هەژار موکریانی ، هەمبانە بۆرینە ل/٣٧٦

٧٣- هەژار موکریانی، هەمبانە بۆرینە ل/٨٤٣

## پەراوێزەکان:

* مامۆستا محەمەدەمین هەورامی (دە) لە وشەی (هەڵدەفڕێ) و (ب) لە وشەی (دابنیشم)، د. پاکیزە رفیق حیلمی (اند) لە وشەی (سوتاندی، جوولاندی، رووخاندی) یان بەناوگر داناوە. بۆ زانیاریی زیاتر لە سەرچاوەی: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا - ١٩٧٧.ل٤٤ و ل٤٥، بگەڕێ.

** دوا نووسین سەبارەت بە (ناوگر) لە

زمـانی کوردیـدا بەرچـاومان کـەوتبێ:
ئیبراهیم موڕادی: زمـانی کـوردی نـاوگری نییـە و لـە ژمـارە(٩) ی سـاڵی ٢٠١٠ لـە کۆڤاری زماننناسی بلاوکراوەتەوە.

*** مۆرفیمی نێوانگر لە زمانی کوردیـدا بوونی هەیەو بە دەیان وشـەی سـەربەخۆ دروست دەکـەن، ئێرە جێـی باسـکردنی نییـە، تـەنها چـەند نموونـەیـەك دەخـەینـە روو بۆ ئەوەی جیاوازیی لەگـەڵ نـاوگر دا دەربخەین:

ــ (سـەر و سـەر)، (سەرانـسەر)، (سەرتاسەر) ،(پێشاوپێش) ،(راست و راست)، (بەرانبەر = بەرامبەر)

- (تەم و مژ)، (شل و کوت)، (دەست و برد)، (حازر و بزر)، (دەم و دەست)

## سەرچاوە:


١- ئیبراهیم موڕادی، زمانی کـوردی نـاوگری نییـە، زماننناسـی ژمـارە(٩) ی ساڵی ٢٠١٠

٢- حەسەنی قزڵجی: لەبارەی هێندێ لـە نهێنیـەکانی رێزمـانی کـوردی – گۆڤـاری کۆڕی زانیـاری کـورد، بـەرگی پێنجـەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کـورد – بەغدا – ١٩٧٧

٣- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە رۆنـان لـە زمـانی کوردیـدا، چـاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا – ١٩٧٧.

٤- صـادق بهاوالـدین، رێزمانا کـوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبـەرکری، چـاپا یـەکێ،گبع ڤ مگـابع دار الـشۆون الپقافیە العامە – بغداد– ١٩٨٧

٥- ماجد مردوخ روحانی، فرهنگ فارسی – کردی، چاپ اول: زمستان ١٣٨٨

٦- مەسـعود محەمـەد، چـەند حەشـارگەیێکی رێزمـانی کـوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا– ١٩٧٦

٧- مەسعود محەمەد،بەسەرداچوونەوە، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد، بـەرگی پێنجەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا – ١٩٧٧

٨- هـەژار موکریـانی، هەمبانـە بۆرینـە، فرهنگ کردی – فارسی،چاپ اول، تهران –١٣٦٩

# چۆنیەتی ڕێنووسکردنی پیتی (کـ / گـ)و هەندێ سەرنج بۆ ڕێنووسی کوردی

تاریق سالح
tareksalhe@hotmail.coom

بەهۆی ئەوەی ئەم دوو پیت(تیپ)ە، لەنێو ڕێنووسی کوردی شێوازی نووسینیان لە بەکارهێناندا بۆ سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی کەمێك گۆڕانکاری بەسەر دادێ، بۆیە دەبینین زۆرجار جۆرە نا بەرچاو ڕوونییەك لای نووسەرو خوێنەری کورد، بەتایبەتی لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندن و پۆلەکانی یەکەم و دووەمی سەرەتایی دروست دەکات. دیارە ئێمە لێرەدا زیاتر گەرەکمانە جەخت لەسەر پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و بگرە پێش ئەو قۆناغەش کە قۆناغی باخچەی ساوایانە بکەینەوە، چونکە لەوێدا منداڵ فێری ناسینی پیتەکان و نووسین و چۆنیەتی گۆکردنیان دەکرێ. بۆیە بەپێویستی دەزانین ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بارەی چۆنیەتی بەکارهێنان و نووسینی ئەم دوو پیتە بۆ سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وشە بدەین بەدەستەوە. ئەمەش لەپای ئەوەی زۆرجار گوێبیستی پرسیاری لەمجۆرە دەبین، کە ئاخۆ لە کاتی فێرکردنی قوتابی بۆ نووسینی پیتەکان بەگشتی و ئەم پیتانە(ك/گ) پشت بە چ بنەمایەك ببەسترێ؟ چۆن بەکار بهێنرێن؟

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم پیتانە لەسەرەتاو ناوەڕاست کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە، وەك (کـ / گـ / ـکـ / ـگـ)، بەڵام کاتێ دەکەونە کۆتایی وشە ئەوە لەوێوە کێشەکەی سەر هەڵدەدات بەوەی کە شێوەی (کـ: گـ)گۆڕانی بەسەر دادێ و بەوشێوەیە دەنووسرێ کە پیتەکە هەمزە ( ء )یەکی دەکەوێتە ناوی(ك) یا سەر پشتی واتە بەمشێوەیە دەنووسرێ: (ك یا ك / گ)پرسیارەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئاخۆ بۆ پیتەکان لەکۆتایی وشە ئەم هەمزەی سەر پشتیان پێویستە بنووسرێ یا نا؟ ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر ئەگەر قوتابی یا کەسی بەکاربەر

هەمزەکە نەکات، بەڵام خەتەکەی سەر بەشی پێشەوەی پیتەکە واتە بەمشێوەیە (ک / گ) بکات ئایە لە کاتی ئەزموونەکان بەڕاست بۆی هەژمار دەکرێ یا نا ؟ یا ئەگەر هەردووکیان واتە خەتەکەو هەمزەکە بکات ئایە ڕاستە ؟ یا ماموستایان پشت بە کامە یاسا ببەستن و قوتابی لە سەر چ بنەمایەك فێربکەن، کە (ك / گ ) لە کۆتایی چۆن بنووسرێ؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە لای هەندێ خوێنەرو نووسەرو ماموستایانش تائێستا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، ئەمەش لەپای ئەوەی ئێمە دەستوورێك یا یاسایەکی زمانەوانیمان بۆ ئەمجۆرە بارانە نییە تا لەسەری بڕۆین، بۆیە ناهەقیان نییە ئەگەر پرسیاریان لەلا دروست ببێ؟ لەلایەکی تر چونکە ئێمە جۆرە ئەلفوبێیەکی تایبەت بەخۆمان نییە و ئەو ئەلفوبێیەی بەکاری دەهێنین خوازراوەو گونجێندراوە بۆ زمانی کوردی، بۆیە ڕەنگە ئەمە هۆی دروستبوونی ئەمجۆرە پرسیارانە بێت و پرسیاری زیاتریشی بەدوا دابێت. لەم سۆنگەیەوە بەپێویستی دەزانین بەرچاو ڕوونیەك بۆ ئەم مەسەلەیە بدەین بەدەستەوە.

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ، کە هەر پیتێك لەنێو ڕیزبەندی ئەلفوبێی کوردی شێوەو وێنەی تایبەتی خۆی هەیە، واتە ئێسك و پروسکی هەریەکە لە پیتەکان بەشێوەیەکی تایبەتی دارێژراون، بۆیە پێویستە چۆن وێنەی کێشراوە ئاوا بەکار بهێنرێ، ئەمەش بۆ ئەوەی سەر لێشێواندن لای بەکاربەر و قوتابی دروست نەکرێ، واتە چۆنە وا بنووسرێ. هەندێ بیرورا هەیە پێی وایە پێویست ناکات بۆ (ك و گ) کۆتایی ئەو هەمزەیەی( ء ) سەرپشتی بنووسرێ یا ئەگەر ئەو هەمزەیە نووسرا ئەوە پێویست ناکات خەتەکەی سەر بەشی پێشەوە بۆ بکرێ، دیارە ئەمانە بیروڕان و نەبوونەتە دەستوورو ناشتوانین پیشتیان پێ ببەستین، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە پیتەکە چۆن وێنەی کێشراوە وا بە دروستی بنووسرێ و بەکار بهێنرێ واتە پیتەکە هەمزەکەی سەر پشتی و خەتەکەی سەر بەشی پێشەوەی بۆ بکرێ تاکو (ك / گ) لەیەکرتی جیا بکرێنەوە. ڕاستە زۆربەی بۆچوون و بیروڕاکان لەگەڵ ئەوەن، کە زمان و ڕێنووس بەرەو سانایی بەکارهێنان ببردرێ، نەك پیتەکانی زۆر ئاڵۆز بن و لە نووسیندا چەندی دەستهەڵنەگرتنیان تیابێ هێندە باشە، دیارە ئێمەش پشتگیری لەم بۆچوونانە دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوە نین، کە ئەم ئاسانکاریەی

بەکارهێنانی پیتەکان لەسەر حیسابی خودی ڕێنووسی زمانەکەو واتاکەی بێت، هیچ کاتێك لەگەڵ ئەو جۆرە نووسین و بیروڕایانە نین، کە بەبێ بنەمای زانستی مامەڵە لەگەڵ زمان دەکەن، بەتایبەتی لە ڕووپەڕی گۆڤارو ڕۆژنامەکان هەڵەی کوشندە دەبینین و نووسینی سەیرو بێ بنەمای زانستیش ڕۆژانە دەبینین، کە هەقوایە ئێمە بەر لەوەی خەڵکی پێمان بڵێ و ڕەخنەمان لێ بگرێ پێویستە خۆمان ڕێگە بەخۆمان نەدەین و بەبێ بنەماو بەڵگەی زانستی قسە لەبارەی زمان و ڕێنووسەکەی نەکەین، وەك ئەوەی لە هەندێ بۆچوون و زۆربەی ڕۆژنامەکانیش ئەوە دەبینین، کە جیاوازی لەنێوان دوو (وو)و یەك (و)ناکەن هەندێك پێیان وایە دوو (وو)هەر پێویست ناکات لەکاتێکا ئاگاداری ئەمە نییە کە بەکار نەهێنانی ئەمە کاریگەری بەسەر واتای وشەکە بەجێ دەهێڵێ و هەر پیتێکیش کاریگەریی لە واتا بکات و (واتا- مانا) بگۆڕێ دەبێ وەك فۆنیمێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بۆ ئەوەی لە کرۆکی باسەکەمان لانەدەین تەنها ئاماژە بە نموونەیەك دەدەین ئەگەر دوو (وو)مان نەبێ چۆن جیاوازی لەنێوان واتای هەردوو وشەی (کوڕ و کووڕ)قەمبوور واتە پشت کووڕ دەکەین؟؟؟ ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئەگەر دوو (وو)مان لەبەکار هێنانا نەبێ ئەی بۆ لەنێو ڕیزبەندی ئەلفوبێ بە فۆنیمێك دانراوەو بە ژمارەیەك هەژمارکراوە؟؟!!

دیارە ئەم پرسیارانە وەڵامەکەیان ڕوونە ئەویش ئەوەیە کە ئەوەی مامەڵەی لەمشێوەیە لەگەڵ زمان و ڕێنووس دەکات ئەوە هیچ شارەزاییەکی لەبارەیەوە نییە، بگرە هەر بە مەزندە یا ئارەزووی خۆی وای دەنووسێ و بەکاری دەهێنێ یا ڕەنگە لەبنەڕەتەوە هیچی لێ نەزانێ، وەك ئەوەی ئێستا بۆتە پەتایەك لەنێو گۆڤارو ڕۆژنامەکان کەسانێك کاری هەڵەگری و زمانەوانی دەکەن کە لەبنەڕەتدا هیچ لەبواری زمان نازانن و شارەزا نین، کارەکەی بەوهۆیەوە دەست کەوتووە کە لەوانەیە خزم یا هاوڕێی سەرنووسەر یا سکتێری نووسینی گۆڤارو ڕۆژنامەکە بێ یا ئەوەتە دەڵێن: "فلان کەس لەمێژە لە بواری ڕۆژنامەوانی کار دەکات، با کاری زمانەوانی بکات" یا زۆرجار سەرنووسەر و بەرپرسی لاپەڕەکان خۆیان هەر کەسەی لاپەڕەکەی خۆی پاکنووس دەکات کە لەبنەڕەتدا ئەمان هیچ لەزمان نازانن بەوەی کە دەرچووی بەشی زمان نین، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کوردن و

بەکوردی دەئاخڤن ئیتر کاری زمانەوانیش دەکەن کە ئەمەش جیاوازیەکەی ئاسمان و ڕیسمانە، چونکە ڕاستە ئێمە هەموومان کوردین بە کوردی دەئاخڤین، بەلام هەمووومان دەرچووی بەشی زمان و پسپۆڕی زمان نین، ئەمە نەك هەر بۆ زمانی کوردی بەڵکو بۆ هەموو زمانانی دونیا هەر وایە. هەر بۆیە لەنێو گۆڤارو ڕۆژنامەکان لەنێو تاکە ڕۆژنامەیەك ڕێنووسی جیا دەبینین بەوەی کە ڕێنووسی هەندێ وشە لە لاپەڕەیەك لەگەڵ ڕێنووسی لاپەڕەکەی تر جیاوازی هەیە، کە ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەبنچینەوە بەرپرسی لاپەڕەکان بچوونەکانیان لەبارەی ڕێنووسەوە جیایە؟ کە ئەمە بۆخۆی پەتایەکەو تووشی زمان بووە. لەلایەکی تر هیچ کاتێك نابێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ بڵێین: فلانە کەس لەمێژە لە بواری ڕۆژنامەوانی کار دەکات با ئەم کاری زمانەوانی بکات؟ ئەم بۆچوونە زۆر هەڵەیە. کەسێك ئەگەر دەرچووی بەشی زمان نەبێ دەیان ساڵ لەنێو بواری ڕۆژنامەوانی کار بکات بەهۆیەوە نابێتە دەرچووی بەشی زمان ئەوەی نایزانێ هەر نایزانێ ئیتر بۆ فێل لەخۆمان بکەین، ئەم چووزانێ ڕستەی کوردی لە ئاستی ڕستەسازی چۆن دادەڕێژرێ؟ چووزانێ ئاستەکانی زمان چییە؟ چووزانێ کورترین و سەرنجڕاکێشترین ناونیشان لە نێو کرۆکی بابەتەکەی بەردەستی هەڵبژێرێ و بیکاتە تایتل و ناونیشانی بابەتەکە؟ زمانەوان دەبێ لەنێو هەر بابەتێکی ڕۆژنامەوانیدا وشەبازی بکات و هەوڵبدات فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند بکات؟ ئامرازی لێکدەرو جێناوی لێکدەر لە کورتبڕی بەکاربێهنێ و ڕستەی کورت پڕ مانا بدات بەدەستەوە، نەك خۆشی نەزانێ لەسەر چ بنەمایەك مامەڵە لەگەڵ شێوازی نووسنی وشەی سادەو ناسادە بکات! جگە لە گۆڤارو ڕۆژنامە ئەم پەتایە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی تریشی گرتۆتەوە، هەر بۆ نموونە سەیری شریتی ژێرنووسینی تەلەفزیۆنەکان بکە ڕاستی ئەم مەسەلەیەت بۆ ڕووندەبێتەوە بەوەی کە کەمجار هەیە مەبەستەکە لە جارێك ڕۆیشتنی شریتەکە بەژێرەوەی شاشەکە بدرێت بەدەستەوە، ئەمە لەبەرئەوەی ئەو کەسەی بەم کارە هەڵدەستێ ڕەنگە پسپۆڕو شارەزای زمان نەبێت بۆیە نازانێ چۆن کورتبڕی لە ئاستی ڕشتەسازیدا بکات و بە کورترین شێواز مەبەست بپێکێ.

زۆرجار لەنێو گۆڤارو ڕۆژنامەکان جۆرە ڕێنووسێك دەبینین کە بەڕاستی دروست و ڕاست نین، هەربۆیە شێوازی نووسینی تاکە وشەیەك لە دووبارەبوونەوەدا

بەچەند جۆرێك دەبینین هەربۆ نموونە، مەسەلەی یای خستنە سەر (ئیزافە)کە سیفەت دەبەخشێتە ناوەکە هەندێ بە (ی)درێژ ناوی دەبەن، وەك: ماڵئاوایی / شەقلاوەیی... لەکاتێکا ڕاستە ڕێنووسکردنەی ئەمجۆرە وشانە ڕاستە بە دوو (یی)دەنووسرێ، بەڵام ئەمە لەبنچینەدا پەیوەندی بە شێوازی بزوێن و نەبزوێنەوە هەیە، بۆ نموونە گەر سەریری وشەی شەقلاوە بکەین، دەبینین بە پیتی (ە)بزوێن کۆتایی هاتووە بۆیە کاتێ (ی)خستنەسەری بخەینە سەر ئەم (ی)یە خۆی بزوێنە و لە زمانی کوردی دوو بزوێن بەیەکەوە نایەت بۆیە ( یـ ) ناوبەند دەخرێتە نێوان هەردوو پیتی بزوێنی (ە – ی) بۆیە شەقلاوە دەبێتە شەقلاوەیی، (واتە ئەو کەسەی کە خەڵکی شەقلاوەیە) خۆ ئەگەر لە ئەلفوبێی لاتینی سەریری بکەین ئەوە مەسەلەی بزوێن و نەبزوێنەکەمان جوانتر بۆ ڕووندەبێتەوە، لەبەرئەوەی لە لاتینی پیتی (ی)بۆ باری بزوێن هێمای ( Î ) و بۆ باری نەبزوێن هێمای (y) هەیە بۆیە دەنووسرێ ، ξeqlaweyÎ بەڵام لەبەرئەوەی لەو ئەلفوبێیە باوەی کە بەکاری دەهێنین پیتی (ی) بۆ هەردوو باری بزوێن و نەبزوێن یەك وێنەی هەیە، بۆیە نووسەر و بەکار بەر هەندێجار لێی تێك دەچێ هەربۆیە دەبینین هەندێ وشەی بە دوو (یی)دەنووسن وەك: ڕۆشنبیریی / هەولێریی ... لەکاتێکا ئەمە لەهەموو بارێکدا پێویستی بە دوو (یی)نییە و نابێ بەدوو (یی)بنووسرێ، کە بەلاتینیش بنووسین ئەمە زیاتر ڕووندەبێتەوە، وەك: Roξinbîrî - Hewlêrî بۆیە لێرەوە زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پێویستە هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەیەك بەرپرسێکی زمانەوانی هەبێ و ئەو کەسە دەرچووی بەشی کوردی زانکۆ بێت یا لایەنی کەم خوولی زمانەوانی بینی بێت. تەواوی یاسا فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیەکانی زمان بزانێت، ئەمەش لەپای ئەوەی تەواوی نووسینەکانی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە وەك یەك بن بەر لە زمانێکی یەکگرتوو ئەوە لایەنی کەم ڕێنووسێکی یەکگرتوومان هەبێ و ببێتە بنەمایەك بۆ دروستبوونی زمانێکی ستاندار.

# فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی

بەشی سێیەم

## نیهاد وگوزارە

نیهاد وگوزارە هەردووکیان کەرەسەی سەرەکین لە ڕستەیەکدا کە کارەکە کاری ناتەواو بێت.

نیـهاد : وشەیەکە لەڕستەدا کارێك ئەنجام نادات، بەڵکو تەنها شتێکی دەخرێتە پاڵ.مەرجی سەرەکی لە پەیدابوونی نیهاد لە ڕستەدا پەیوەستە بە کارە ناتەواوەکانەوە ، کەواتە با بزانین کارە ناتەواوەکان چین؟

کاە ناتەواوەکان بەو کارانە دەوترێ کە بە تەنیا بەکار نایەن و لەڕووی هێزیشەوە تێنەپەڕن کارە ناتەواوەکان لەزمانی کوردیدا لەچاوگی ((هە- بوون)) وەرگیراون.

دیاردەی نیهاد و گوزارە وەنەبێت تەنیا لەزمانی کوردیدا هەبێت، بەڵکو ئەم دیاردەیە لەزمانی عەرەبیشدا بوونی هەیە، لەزمانی عەرەبیدا (مبتداء - نیهاد) و (خبر - گوزارە) یدەوترێت،لە کاتێکدا دەردەکەوێ ئەگەر ڕستەکە بەناو دەستی پێکردبێت یاخود ڕستەکە ڕستەیەکی ناوی (الجملە الاسمیە) بێت، وەکو:

- الرجلُ شجاعُ.

گوزارە : وشەیەکە هەمیشە لەگەڵ کارێکی ناتەواودا دێت و بەیەکەوە شتێك دەخەنە پاڵ نیهادی ڕستەکەوە.

ئەو وشانەی کە دەبنە نیهاد و گوزارە بریتین لە:

١- ناو ، وەکو:

ئازاد مامۆستایە.

ئازاد: نیهاد

مامۆستایە:گوزارە

٢- جێناو، وەکو:

ئەوە جوانە.

ئەوە: نیهاد

ئازاد ئەمەیە.

ئەمەیە: گوزارە

٣- ئاوەڵکاری کاتی، وەکو:

ئەمڕۆ شەممەیە.

ئەمڕۆ: نیهاد

شەممەیە: گوزارە

بۆیە لێرەدا گەرەکە بەراوردێك لە نێوان نیهاد و بکەری ڕێزمانی لەلایەکەوەبکەین و دواتر بەراوردێکی نێوان کاری تەواو و کاری ناتەواو لە لایەکی ترەوە بکەین.

**بەراوردێك لە نێوان نیهاد و بکەری ڕێزمانی**

| نیهاد | بکەری ڕێزمانی |
| --- | --- |
| ١- ڕستەکە دەبێت کاری ناتەواوی تێدابێت.<br>٢- هیچ کارێك ئەنجام نادات.<br>- شەماڵ مامۆستایە. | ١- ڕستەکە دەبێت کاری تەواوی تێدابێت.<br>٢- هیچ کارێك ئەنجام نادات.<br>- پەنجەرەکە شکا. |

بەراوردێك لە نێوان کاری تەواو و کاری ناتەواو

ا/کاری تەواو

1- کارە تەواوەکان کات و ڕوودانیان تێدایە.

٢- لەڕووی هێزەوە تێپەڕن یان تێنەپەڕن.

٣- کارە تەواوەکان کۆمەڵەیەکی کراوە پێکدێنن، بەو واتایەی دەتوانن وشەی نوێ وەردەگرن، هەر بۆیەشە ژمارەی کارە تەواوەکان زۆرە و لەزیادبووندایە.

٤ـ هەر کاتێک کاری تەواو لەڕستەدا هەبێت، ئەوە بکەر یاخود بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ لەڕستەکەدا پەیدا دەبێت.

٥ـ کاری تەواو لەڕستەدا بە تەنیا بەکاردێت و واتای تەواو دەبەخشێت، لەم حاڵەتەشدا تەنیا کارەکە دەتوانێت ڕستەیەکی سادە لەجۆری سادەترین ڕستە دروست بکات.وەك:

هات.

ڕۆیشت.

کەوت .

مرد.

ب/ کاری ناتەواو

١ـ کارە ناتەواوەکان تەنیا کاتیان تێدایە.

٢ـ لەڕووی هێزەوە تەنیا تێنەپەڕن.

٣ـ کارە ناتەواوەکان کۆمەڵەیەکی داخراو پێکدەهێنن، واتا وشەی نوێ وەرناگرن ،هەر بۆیەشە ژمارەیان کەمە و زیاد ناکات و دیاریکراوە.

٤ـ هەر کاتێك کاری ناتەواو لەڕستەدا هەبێت ، ئەوە نیهادو گوزارە لەڕستەکەدا پەیدا دەبێت.

٥ـ کارە ناتەواوەکان بەتەنیا ناتوانن لەڕستەدا بەکاربهێنرێن، بەڵکو دەبێت هەمیشە وشەیەکیان لەگەڵدابێ، ئەم وشەیەش ئەرکی تەواوکەری دەگەیەنێ ، واتا کارە ناتەواوەکان دەشێ لەگەڵ وشەیەکی تردا بێ کە ڕستەیەکی سادەیە.وەك:
جوانە ، باشە

واتە دەشێ لە ڕۆنانی سەرەوەدا تەنیا گوزارە دەرکەوێت.

وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد کە کارە ناتەواوەکان ژمارەیان دیاریکراوە، چونکە هەر هەموویان لەچاوگی (هەبوون - بوون) وەرگیراون، کە بۆ کاتەکانی (ڕابردوو ،ئێستا ، داهاتوو) بەکاردێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ بۆ کاتی ڕابردوو (بوو) بەکاردێت . بوون - ن = بوو

ئازاد مامۆستا بوو.

٢ـ بۆ کاتی ئێستا ( ە ) بەکاردێت .          ئازاد مامۆستایە.

٣- بۆ کاتی داهاتوو ڕەگی ( ب ) بەکاردێت .
کە دەستوورەکەی بەمشێوەیە:
دە + ڕەگی (ب) + جێناوەکان
دەبم - دەبین
دەبیت - دەبن
دەبێت - دەبن
من دەبم بە ئەندازیـار.
ئێمە دەبین بە ئەندازیار.
تۆ دەبیت بە ئەندازیـار.
ئێوە دەبن بە ئەندازیـار.
ئەو دەبێت بە ئەندازیـار.
ئەوان دەبن بە ئەندازیار.

کارە ناتەواوەکان لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕن، واتـە پێویـستییان بـە بـەرکاری ڕاستەوخۆ نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ حاڵەتدا کـارە ناتـەواوەکان دەبـن بـە کاری تەواو، ئەگەر بە واتای لە دایکبوون بێت یاخود بەواتای هەبوون یا خاوەندارییەتی بێت یاخود سەرهەڵدان و پەیدابوون بێت، لەم حاڵەتەشدا کارەکان لەڕووی هێزەوە دەبنە تێپەڕ یانیش هەر بە تێنەپەڕی دەمێننەو ،هەروەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

ژنەکە مـــنـــداڵـــی بـــوو.
بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری ڕابوردووی تێپەڕ

محەمەد کراسێکی هەیە.
بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ

دارەکە شـــین بـــوو.
بکەر کاری لێکدراوی تێنەپەڕە


چراکە هەڵبوو .
بکەر کاری ڕابوردووی داڕژاو


# زمانی بژاردە

عەبدوڵڵا ڕەحمان

زمانی بژاردە دەکرێت بەوە پێناسە بکەین کە بریتییە لەو زمانەی خاوەن وشە و دەستەواژەی تایبەتی خۆیەتی کە دەبێتە زمانحاڵی توێژێك یان چینێکی دیاریکراو و هۆکارێکی زەمینەخۆشکردنە بۆ لەدایکبوونی زمانی ستاندەر. ئەگەر چی بەهۆی پێشکەوتن و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیایەوە زمانی بژاردە هاتە ناسین و زیاتر جەختی لەسەر کرایەوە، بەڵام ڕەگ وریشەی ئەم جۆرە زمانە زۆر دێرینەو لەکۆنەوە ئەدەبیات بەهۆی ئەو زمانەوە جیاوازی لەنێوان پێکهاتەکانی کراوە، ئەدەبیاتی کلاسیك خاوەن زمانێکی بژاردەی خۆی بوو، دەبوایە لەئاستی چینی بەرزی کۆمەڵگە بنووسرێت و ئەگەر نووسەرێك وشە و زاراوەی چینی خوارەوە کۆمەڵگەی بەکارهێنان با ئەوا جێگەی عەیبە و هەرشەکردن بوو لەسەر بەرژەوەندییەکانی چینی سەروو. ئەدەبیاتی ڕۆمانسییەتیش بەهەمان شێوە خاوەن زمانی بژاردەی خۆی بوو و ڕەنگدانەوەی چینی بۆرژوازی بوو و زیاتر لە دنیای خەیاڵاتی ئەو چینەدا پەنگی خواردبووە. یەکێك لە خاسیەتەکانی زمانی بژاردە ئەوەیە کە زمانێکە خاوەن کاریگەرییە لەسەر تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵ ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە وشە وزاراوەوە، بۆ نموونە زمانی قورئانی پیرۆز کە هەرچەندە زمانی نەتەوەیی عەرەبە، لەهەمانکاتیشدا لەکات و ساتی دابەزیندا بووە زمانێکی بژاردەو بەهۆی ئیعجاز لە زمانەکەیدا تەواوی چین و توێژی کۆمەڵگەی عەرەبی سەرسام کرد و ڕێگەی خۆشکرد بۆ لەدایکبوونی زمانی ستاندەری عەرەبی.

لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی کوردستان







زمانناسی

11